● **بەدامێنی شاخێکەوە**

ڕۆمان

● **ئەحمەد سەیدعەلی بەرزنجی**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

رۆمان

# بەدامێنی شاخێکەوە

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



ناوی کتێب: بەدامێنی شاخێکەوە – ڕۆمان
نووسەر: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٦٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## پێشدەستی

### بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەهەمــوو کــەمــوکــورتی و هەورازونشــێــویەکــیــەوە. بەهەمــوو پەڵە و هەڵە و هەڵنوتانێکیەوە. هەرگیز ئەو ڕاستییە ون نابێ و ئەو گڕە خامۆش نابێ کە هێــمــایە بۆ ئەیلوول و ڕۆژی یانزەهەمــینی. ئەو کــوانووەی بڵــێــســەی سەرهەڵدانێکی جاویدانی بەردەوامی بەکورد بەخشی، بووە سەر مەشق بۆ هەمــوو نەوەکـانی داهاتوو و ئیلهـامـبـەخش بۆ هەر سـەرهەڵدانێکی دی لە هەرلایەکی تری کوردستانی گەورە.

دڵســۆزی و لە خـۆبـووردەیی و پێـشـمـەرگـەیی ڕێبـوارانی سـەرەتای ئەو کـاروانە مـەزنە، لەو هەلومـەرجە سەخـتـە دژوارانەی ئەو ڕۆژگـارەدا بۆ دوا ڕۆژی دوور و نیـزیـک دەبنە پەند و وانەی شـۆڕشگێـڕی وا کـە دەشێ ئەو پێکهـاتنە سـاکـارانەی، ئەو کـار بۆ کـردنە سـەرەتاییـانەی کـە ئاوێتـە بوون بەڕووداو و وردەکـارییـە کـۆمـەڵایەتییـەکـانی نـاو کـوردەواری ئەو ڕۆژانە... هەموویان جێی شانـازی و ئیلهـامبەخش بن... تۆمـارکرێن و لەیادا بمێنن... یـادی شــۆڕشی نـەتەوەیەک بەگــشـت چین و تـوێـژێکـیــەوە بۆ ڕزگــاری و سەرفرازی.

ئەحمەد ١٩٩٨/٦/٢٨

دامێنی گوندەکە، سەرەوخوار بۆ پێدەشتەکە وەک فەرشێکی ڕەنگینی سەنگین، چنراوی دەستی لێزان و هونەرمەندێکی کارامە، ڕازابۆوە.

هەر پارچەی لە ڕەنگێ بەڵام گونجاو لەگەڵ ئەوەی دی کە لەپاڵ یەکدا بوون، تیشکە زێڕینەکەی خۆریش بەهێلاکیەوە خۆی دابوو بەسەر چەند لایەکی بەرزاییەکاندا و لە ماڵەکانی سەرەوەی ئاواییدا بوو، لای ڕاستیش ڕانی ئاوایی بەرەو گوندەکە دەکشا، ڕەش و سپی یەک بەدووی یەکدا تێکەڵ ببوون، دەتوت تەزبیحەکەی دەستی مامۆستایە کە بەپەلەپەل لەنێو پەنجەکانی دەستیدا دەیهێنان و دەیبردن... تەپوتۆزەکەی دووی ڕانەکەش کە وەک دوکەڵی بەرەو ژوور دەبۆوە بوو بەسەری تاوی گلۆڵەی قسەی (خەلیفە یونس) و وتی:

– ئاغا... قوربان تەماشاکە، تەماشا ئەو تۆز و خۆڵەی دووی ڕانەکە، خوابکا نوێژ و تاعەتی ئێمەش ئاوا حەواکەوێ و بچێتە بەر قاپی هەق تەعالا.

– بەخوا خەلیفە ئەگەر ئەم مسکێنە قوڕمساغانە بیبەڵێن ئەوا پشت بەخوا نوێژ و تاعەتمان لای خوایە، خۆ باووباپیرانیشمان هەر پیاوی خوا بوونە و جڵەوی دینەکەیان بەدەستەوە بووە، ئەی ئێمەش هەر نەوەی ئەوان نین؟، گوایە ئێمە چیمان دەوێ لەوە زیاتر کە ئەم مسکێنانە لە پەناماندا بحەسێنەوە و کەڵکیش لەو موڵکانە وەرگرن و ئیتر بەس تووشی سەرئێشە و گوناهبارییمان بکەن... کوڕە بابە با تۆزێ خوا بناسن!!





مەلا بەئحەمێک دەم و قورگی پاک کردەوە و سیواکی بەرپشتێنەکەی دەرهێنا و هاوردی بەدەم و زمانیدا، هەر بەدەم خستنەوەی بۆ بەر پشتێنەکەی... وتی:

– ئاغا گیان (إنما أموالكم وأولادكم فتنه) لەمانە ڕووی داوە، خۆ هەر ئەولادی خۆتانن، موڵک موڵکی خۆتانە... ئیتر وا بووە بەفیتنە... بەچاکە و پیاوەتی خۆتان دەبێ لەگەڵیاندا بجووڵێنەوە، ئێ...

خەلیفە یونس قسەکەی بەمەلا بڕی و وتی:

– کوڕە مامۆستا گیان... جا ئەوە قسەی گەرەکە، کەی ئەمان ڕۆژێ لەگەڵ ئەولادەکانی خۆیاندا فەرقیان کردوون؟

ئاغا شانی لەسەر سەرینە پەڕەکە هەڵگرت و قاچی نایە سەریەک، سەر و سنگی بەرەو پێشەوە هێنا و لەگەڵ هەناسەیەکدا وتی:

– بەخوا مامۆستا ئێمە هەر لە کۆنەوە، لە باووباپیرانمانەوە، هێند دڵساف و لێبوردە بووین، ئەم مسکێنە سواڵکەرانەی ئێستە دەیانبینی وا وەک بۆقە وردەی جێ پێی وڵاخ لە زەلکاودا سەریان بەدەرناوە... هەموویانمان بەمنداڵی خۆمان تەماشا کردوون، لە خێر و بیری ئێمەدا هەموو حەساونەوە، کەچی هێشتا هەر ئێمە بەخراپ و زاڵم دەزانن. خەلیفە گورج بۆ لای ئاغا ڕووی وەرگێڕا و وتی:

– ئاغا، بەخوا باشبوو، قسە قسە دەهێنێ، دەڵێی چی بۆ ئیشەکە بەمامۆستا بڵێین؟

– ئا، ئەرێ بەخوا باشبوو بیرت هێنامەوە... ئەرێ بەڕاست مامۆستا؟

– بەڵێ قوربان.

– قسەیە هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم... جا نازانم خۆ پرس و ڕاوێژ سوننەتە.

– بەڵێ بەڵێ قوربان... سوننەتی پێغەمبەرە سەلاتوسەلامی خوای لەسەربێ.

– بۆ مەسەلەی ئەو هەتیوە سواڵکەرانەی لێمان ڕاستبوونەوە.

– بەڵێ، مەسەلەکەی کوڕانی سۆفی فەوحوڵڵا.

– ئا دەمخۆش... خۆت ئاگاداری، چەند جار بانگم کردوون، وەک باوک موچیاریم کردوون، هەر فایدەی نییە، ئێ خۆ سێ چوار جاریش لە ماڵەوە و لەسەر خەرمان و لەو دەشتە تێلا ترێنم کردوون و جەزرەبەم گەیاندونێ هەر بێ کەڵکە، جا وا ئێستا بیستوومە مەسەلەکەیان گەیاندۆتە دەم مدیری ناحیە و قۆمیسەر، خۆ ئەوە خۆم دەزانم ئەو هەتیو و مەتیوە سەرڕووتە نوێژنەکەرانە بەنووکە قەڵەمێ موڵکەکەیان دەدەنێ و لە دەستمانی دەکەنەوە...

گوایە ئێمە زوڵم لە مسکێن دەکەین...

– بەڵێ ئێستا ئەم هەیتوهووتە باوە، دەک نمەکگیر بن، خۆ نیوەیان کەس نازانێ لە کوێوە هاتوون و وا ئێستا خوا گەیاندوونییە ئەم مەقامە و بەجارێ خوا ناناسن.

– ئەرێ بەسەری تۆ ئاوایە، جا هەر بەمەدا بزانە ئاخر زەمانە و منیش دەڵێم بەرلەوەی ئەم کارە زلتربێ با هەتا زووە دەستی خۆمان بووەشێنین و نەهێڵین ئەو بەدمەزەبانە ڕوو بکەنە ئاوایی بەنیازی دیارییکردنی بەراوەکە و جیاکردنەوەی.

خەلیفە لەولاوە چاوە زەقەکانی داچەقاندبوو، مووەکانی سمێڵیشی دەتوت پەڕی عەلەشیشن گیڤ ببوونەوە، هەر تاڵەی ڕووی کردبووە لایەک... کە قەنەکەی بەلا لێویەوە لادا و دەستێکی هێنا بەدەم و لێوی لیکاویدا، وتی:

– جا قوربان لە هەمووی خراپتر، پارچە کاغەزێکی شڕە وا بەدەست دەمهەراشە سەرشینەکەی دایکیانەوە، دوێنێ لە کانی دەری خستووە و وتوویە ئەمە تاپۆیە و کاتی خۆی ئەم زەوییە هی باپیری منداڵەکان بووە... خۆ مدیر و قۆمیسەر ئەمە ببینن ئەوە ئیتر با دەستی لێ بشۆین.

وەک کێچ ئاغا ڕاپەڕی و بەسەرسامییەوە وتی:

– کوڕە نابێ؟ ئەمە هەر ماوە!!





– بەسەری تۆ قوربان ئەم ئێوارەیە (پەزێ)(١) ئاوهای بۆ گێڕامەوە.

(١) کورتکراوەی (پەریزاد)ە.

– دەک بەردیان لێ بباری... بەخوا مامۆستا، ئیتر ئەوە ئیشەکەیە، دەڵێم یەک دوویە بنێرم شەو ئەو سەگەهارانە تەمێکەن، یا هەر بیانتۆپێنن و ڕزگارمانبێ... جا تۆ ئەفەرمووی چی؟... خۆ وەک لە ڕەحمەتی باوکیشم بیستووە، شەڕ و کوشتن لەسەر هەق و ئەرز و نامووس ڕەوایە، ئەمانە ناهەقی دەکەن و هەتیوەکانیشی بەجارێ لە دین لایانداوە و خەریکن چرپە چرپ دەخەنە ئاواییەوە.

مامۆستا دەستی خستە ژێر چەناگەی، سەری دانەواند، کەوتە ناو دەریای خەیالات: خۆ ئەگەر بڵێ نابێ و ئەمە کاری کردن نییە و خوا قوبووڵی نییە، ئەوا ئەو کارەی بۆی هاتووە، کە ئاغا (خونچەی سۆفی ڕەحیم)ی بۆ بستێنێ و سەرفیترەی ئەمساڵ ئاغا ڕێی بدات بۆ خۆی گردکاتەوە... هەموو ئەمانەی لە کیس دەچی و با دەیانبات... ئەی ئەگەر بڵێ دەبێ و شەرع ڕێگا دەدات، ئەوا لەوانەیە شتێکیشی دەستکەوێ لە ئاغا خۆیەوە. ئەمانە وەک ئاغا خۆی دەڵێ ناهەقی دەکەن،... بابە لە کۆنەوە گەورە و بچووکی هەر بووە، کێ لەم زەمانەدا دەوێرێ بەئاغا بڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە؟!... سۆفی فەوحوڵڵا و کوڕەکانی وا ئێستا نانی هارییان بەدەمەوە گرتووە.

دەسا بەخوا شێتی و هارییە، هەقی خۆیانە چیان بەسەربێ.

سەری هەڵبڕی و لە ئاغای ڕوانی، وەک ئیلهامی بۆ هاتبێ، ڕوویەکی گەشی کراوەی تێکرد و ئەوجا خەلیفەش. ئاغا وەختبوو دڵی بتەقێ، چاوەڕێی قسەیەکی دەکرد لەمەلاوە، خۆ کارەکە لەلای یەکلایی ببۆوە... مەلا بڵێ و نەڵێ.

– ها مەلا... دەبڵێ.

– ئەوەی ڕاستی بێ ئاغاگیان، پێغەمبەری خۆ سەلاتوسەلامی لەسەربێ دەفەرمووێ کە ئەوەی موسوڵمانبێ ئازاری دراوسێکەی نادات، جا

ئەمانەش خۆ لە زەرەر و زیان بەولاوە هیچی تریان نییە و هەمیشە دەبنە مایەی دەردیسەری و نارەحەتی بۆ جەنابتان و ئەهلی ئاوایی، کە یەکێکیش وا بوو، مانای وایە بێ ئەمری خوا و پێغەمبەر دەکات، سزای ئەو جۆرانەش مەعلوومە... ئیتر کەیفی جەنابتانە و خوا لەسەر هەقبێ.

وەک بەڕوو لە دەمیدا تەقیبێ، ئاوا مامۆستا دەمی بەڕاست و چەپدا بادەدا، لەگەڵ قسەکانیدا تف دەردەپەڕی و پیرە تەزبیحەی دەستیشی زەلالەتی بوو لەمبەرەوبەرکردنی چنگی دا؛ وەک هێز و توانای ئەو قسانە لە جووڵەی ئەو تەزبیحەوە وەرگرێ.

ئاغا، هەر کە ئەمەی لە دەمی مامۆستا بیست، وەک گوڵ گەشایەوە، ڕووی کردە خەلیفە و وتی:

– ئەمەیە قسەی پیاوی عالم و نەجیب... ڕەحمەت لە باوکت کە خانەدانی،... خەلیفە بڕوانە کاری هەق و ڕەوا خوا و بەندەی خواش پێی خۆشە... کوڕە بەخوا دەبێ ئەم خەڵکە هەر دوعای خێر بۆ ئەم چوار ئاغا و مەلایە بکەن کە وان لە ناویاندا، با نەمێنن ئەوساکە واوەیلا بەحاڵیان.

زۆر چاکە، مامۆستا لەسەر قسەی جەنابت هەر لەمشەو زووتر نییە (مچە)یان دەنێرمە سەر و بەدوو فیشەک وەک سەگ بیانتۆپێنێ و ئەم خەڵکە لە دەستیان نەجاتدا... توخوا پیاوی خراپ هەر بۆ کوشتن باش نییە؟!

مەلا شڵەژا و تەزوویە بەلەشیدا هات... کارەکە وا هاتە پێش کە بەفەرمانی ئەوە و لەسەر قسەی ئەوە، تۆقی و قرچە لەناو سکیەوە هات، بەڵام تازە کار لەکار ترازا... خۆ قسەکەی ناگێڕێتەوە و پەشیمان نابێتەوە.

– قوربان، شتێکی تریش هەیە... دەڵێم.

– بلێ مامۆستا، فەرموو بزانم چی هەیە؟!

– دەڵێم ئەگەر جەنابتان ئەو زەحمەتەشم بۆ بکێشن، مەسەلەکەی منیش لەگەڵ (سۆفی ڕەحیم)دا ببڕیننەوە، خوا کارتان ڕاست کات.

– ئۆ هۆ و... وەی بەسەر چاو، دەی گوایە ئەو کەرە بۆزە قرخنە هێشتا





گفتی نەداوە؟... ڕاوەستە تا دوای نوێژ دەبێ بەکراسی بەری خۆیەوە بتداتێ، گوایە لە تۆ زیاتر بەکێی دەدا؟

قوربان ئەی بۆ مەسەلەی سەرفیترەکە، جەنابتان ڕازین؟

– بەخوا مامۆستا ئەوەی ڕاستی بێ نازانم... ئەوە خەلیفەش، بەر لەتۆ هەر بۆ ئەم باسە هاتبوو، خۆشت بەئەحواڵی ئەویش دەزانی، دەستکورتە و نەبووەیە،... ئیتر نازانم بلێم چی؟!

خەلیفە کە ئەمەی بیست ئەمەندەی دی چاوەکانی داچەقاند؛ ڕیپۆق سەر قنچکەکانی گرتبوو، هێشتا قەنەکەی هەر لەناو مشتدابوو کە دەیڕوانییە دەمی ئاغا کە قسەیەکی خێری بۆ بکا... خۆ دەیزانی ئەم هەموو سەرفیترەکە وەرناگرێ؛ لە دواییدا ئاغا لەگەڵی دەکا بەسێیەک و جا ئێستاش وا برابەشێکی تریان بۆ بوو، کلۆڵی خۆی لەمەدا دەبینیەوە.

مامۆستا گورج وتی:

– ئاغاگیان... خۆتان دەزانن ئێمە چاومان لە قاپی خوا و ئەم یەک دوو مەنە خەلەوخەرمانەیە کە موسوڵمانان دەیدەن، ئیتر بەخوا دەبێ خۆت وەکیلبی و چاوی ڕەحمەتت لێمانەوەبێ.

– چاکە... با ئەمساڵ چی خوا دای، وەک برا لەگەڵ خەلیفەدا بیکەن بەدوو کەرتەوە، سا خۆشم چاوم هەر لێتانەوەیە.

– خوا لە ئێمەت نەسێنێ و لە گەورەییتان کەم نەکات و بۆ ئێمەتان بیەڵێ.

– بەخوا مامۆستا، ئەوەتا ئێمە بەشەو و ڕۆژ هەر خەمخۆری ئەم قەومەین و کەچی هێشتا هەر خەڵکەکە سپڵە و پێنەزانە... سا خوا کەیفی خۆیەتی.

– سەغڵەت مەبە قوربان... سەغڵەت مەبە، ئەمانە هەمووی لای خوا ون نابن.

ماوەیە بێ دەنگی داکەوت، وەک هەمووان لە دەم بادان هیلاک بووبن و بیانەوێ پشوویە بەلاشەویلگەیان بدەن، ئەوسا مامۆستا دەستی کرد

بەگیرفانی بەر سەڵتەکەی و سەعاتەکەی دەرهێنا و تێی ڕوانی:

– ئۆهۆو... قوربان ئەوە خۆ نوێژیانە، نەچینە مزگەوت؟

مامۆستا و ئاغا بەرزبوونەوە، خەلیفەش بەدوایاندا قەنەکەی فت کرد و خستییە کیسە چڵکنەکەی لاقەدی و ئەو بانیژەیەیان چۆڵ کرد کە لە عەسرەوە لێی دانیشتبوون و بەسەر ئاوایی و پێدەشتەکەیدا دەڕوانی.

کە ئەمان چوون، پشیلەیەکیش لە پەنا سەرینەکەی ئاغادا هەستا و وەک لاستیک خۆی کشاند و باوێشکێکی دا، (ڕەحمە)ی کارەکەری ماڵی ئاغا لاپێیەکی لێدا و دووری خستەوە، ئیتر کەوتە لوولدان و هەڵگرتنی لاکێشەکان، ئاوایی بۆن و بەرامەی سەرەتای پاییزێکی تەڕی لێ دەهات، ڕەنگێکی تری پۆشیبوو.

***

کە مەلا دوادەکەوێ یەکێ لە فەقێکان جێی دەگرێتەوە؛ فەقێ (ئەییوب) پێشنوێژییەکەی بۆ خەڵکەکە دەکرد، ئاغا بەرەو لای خواروو ڕۆیی تا دەستنوێژ بشوات، سۆفی ڕەحیم بەلایدا ڕەتبوو... بەڵام وەک دەستپێشکەرییەک وتی:

– قوربان جێگاکەت نەگیراوە... لە پشت مەلاوە.

بەلالووتێکەوە ئاغاش وتی:

– نا... جارێ دەستنوێژ دەشۆم... ئەرێ سۆفی، پاش جەماعەت کارم پێتە.

– قوربان بەمن؟!... بەسەرچاو

نوێژ کرا، جەماعەت بڵاوەیان لێ کرد، ئاغا دواکەوت، لەژێر تووی حەوشی مزگەوتەکەدا تارمایی سۆفی ڕەحیم بوو کە چاوەڕوانی ئاغای دەکرد، لەولاشەوە خەلیفەو چەند کەسێکی دی وەستا بوون، هەر بۆ دەرکەوتنی ئاغا. کە سەلامی دایەوە، بۆ ماوەیە هەردوو دەستی کردە حەوا و نزا و پاڕانەوە کوفێکی بەدەوروپشتی خۆیدا کرد و هەستا. کە هاتە حەوشەکە خەڵکەکە کەوتنە دوای... لە ئاستی سۆفی لایەکی کردەوە و





وتی:

– ئەرێ سۆفی؟

– بەڵێ قوربان ئەمرکە.

– مانای بەچی تۆ ئەم مەسەلەیە نابڕێتەوە و بەخۆڕایی سەرمان جەنجاڵ دەکەی؟

وەک لە بانێ بەریدەنەوە، سۆفی واقی وڕما، بەڵام بەکزیەکەوە پرسی:

– قوربان ئاغا مەسەلەی چی؟!

وەک دەمانچەیەکی لەسەرپێ، لە پڕ گرمانی بەسەریدا:

– چۆن! مەسەلەی چی خوام کرد بەگژتا، ئەو دێڵە شڕەت تاکەی دەبەستیتەوە، گوایە لە مەلاعومەری باشتر بۆ دەبینیەوە؟

– قوربان بەسەری جەنابت ئاگام لێ نییە، ئەمە یەکەم جارە دەیبیەم، بەڵام خۆ خونچەی خزمەتکارتان لە منداڵییەوە لە وەسمانی برازام مارەکراوە.

– دەک کوێراییت دایە، گەوجە... هەر ئەم بڕوبیانوانە مابوون... من بڕوام بەم درۆودەلەسانە نییە، خونچە هی مەلا عومەرە.

– بۆ خاتری خوا ئاغام، چۆن کچێکی مارەبڕ دەدرێ بەیەکێکی کە... بەخوای هەموو عالەم درۆت عەرز ناکەم و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وتم.

– من ئەمانە نازانم، وا دیارە تۆش حەز بەهاوڕێیەتی گەنجی ئەم زەمانە دەکەیت و ئاخرت شەڕ بووە، هەر لە بەیانی زووتر نییە بۆم بێنە تا بەشەق پێی تەلاقدەم و بڕایەوە... گەوجی نەفام تۆ بۆ شوکرانەبژێر نابی، خوا پیاوێکی عالمی وات دەخاتە تەک.

– قوربان ئاغاگیان، بۆ خاتری خوا چۆن ئەمە دەبێ و ئەو هەتیوە کەللەڕەقە بەقسەم هەر ناکات و دڵی وا پێوەی و... ئیتر نازانم بەخوا چی بکەم، خۆ...

(حەمەی مەیتەر) لەولاوە قسەکەی لەدەم سەندەوە:

– ئێستا سۆفی تۆ بۆ لە قسەی ئەم پیاوانە دەردەچی و خۆت تووشی

بەزم دەکەی، بۆ بەقسەی ئاغا ناکەیت و هەمووان لە چاکەی تۆ زیاتر چیمان دەوێ.

– کوڕە حەمە خوا ئاغامان بۆ بەرقەرار کات بەڵام خۆت باش دەزانی کارەکە چۆنە و... نازانم چی بکەم.

ئەم قسانە هەر بەدەم ڕێوە دەکران، لەوەدابوو ئاغا لادات بۆ ماڵەوە وتی:

– ئێستا من تاقەتی ئەم بگرە و بەردەیەم نییە، بۆ من خزمەتکاری باوکتم، لە بەیانییەوە لەگەڵت دەڵێم تۆ هەر لەکەلی شەیتان دانابەزی، سا بەخوا بەیانی ئەو هەتیوە زۆڵەی برازاتم بۆ دەهێنی، چیم لە عوسەی مێردی خەجەلاو کرد ئەوەش بەتۆ دەکەم... تێگەیشتی؟ کە سۆفی ئەم بەربارانە کرا، هەناسەیەکی کەساسی دایەوە و بەناسۆرەوە وتی:

– بەڵێ ئاغام بەسەرچاو، چۆن دەفەرمووی باوابێ... خوا حافیز.

ئەمەی وت و ملی نا بەلارەوە و بەرەو ماڵ بۆوە، بێ ئەوەی کەس وەڵامی خواحافیزییەکەی بداتەوە.

ئاغا حەمەی مەیتەری بانگ کرد:

– ئابزانە (مچەکەللە) هاتۆتەوە، ئەگەر لەلای وڵاخەکان نەبوو وا لەسەر حەوز، بڵێ ئیشم پێیە گورجکا بابێ.

وەک تیسکەی تفەنگ حەمە بۆی دەرچوو، ئاغا لەگەڵ خەلیفەدا بەرەوژوور سەرکەوتن.

کە مچە لە کاکێشانەکەی بیووەوە، ساجە کۆنەیەکی دەمەو نوخون نابووە سەر دەمی کڵاوڕۆژنەی کادینەکە و چووبووە تەویلەکەوە... هەر خەریکی ئاڵفدان بوو بەوڵاخەکان و کەوتبووە ڕنەکردنی هێستره مارۆکە، هیلاکی و برسێتیش زەبفی لێ ستاندبوو. کە حەمە خۆی کرد بەتەویلەکەدا، وتی:

– حەمەگیان، مچە بەساقەتبێ، وەرە ئەم ئێسرەم ماوە ڕنەیکە و بابچم پارویە نان بخۆم... وا بەلادادێم.

– هەتیوو پارووی چی و نانی چی، ڕاکە بزانە ئاغا ئیشی چی پێتە، وا لە دیوەخان چاوەڕوانتە.





– بەڕاستتە حەمە... نازانی چییە؟!

– کوڕە نەبەخوا، دەزووکە ئەو ڕنەیەم بەرە دەست.

– ئادەی بەقوربانە... وا دەڕۆم.

هەر بەچمکی پشتێنە دڕاوەکەی ئارەقی ناوچەوان و لاملی سڕی و بەپرتاو بەرەو دیوەخان خۆی کوتا.

کە گەیشتە ڕاڕەوەکەی دەچووە سەر دیوەخان چاوی بە(حەمکێی خەلیفە فەتاح) کەوت، سینیە خواردنی پێ بوو، لەسەرخۆ دەیویست بیباتە ژوورێ مچە خۆی گەیاندێ و بەچرپەوە بانگی لێ کرد:

– مچە بەخولامتبێ، بەئاغا بڵێ وا هاتووم.

– باشە، ڕاوەستە.

کە حەمکێ گەڕایەوە بەسەرسامییەوە پێی وت:

– هەتیو، مچە، کەللەزل ئاغا دەڵێ بێتە ژوورێ هێجگاری نانیش بخوات!!

مچە تاسێ بردیەوە، وەک بڕوا نەکات وتی:

– کوڕە حەمکێ ئەوە بەڕاستتە؟!

– ئەرێ بەخوا... خوا بکا تا سەربێ.

مچە گورج زانی لەپشت ئەم مەرحەمەتەوە شتێ هەیە... ئاغا ئیشێکی پێیە و مەبەستێکی هەیە، ئەگینا چۆن مچە لە دیوەخان لە تەک ئاغادا نان دەخوات؟!

بەپاژنەی پێی لاستیکە دڕاوەکانی لە پێ داماڵی و بەکزییەوە چووە ژوورێ.

– فەرموو ئاغا، جەنابتان منتان دەویست؟

ئاغا بۆ گرمۆڵەکردنی پاروویەکی چەور و نەرم دەستی لەسەر دەوریە برنجەکە بوو، چونکە حەزی لە پێستی مریشک بوو، لە باتی نان دابووی بەسەر برنجەکەدا... کە مچەی دی:

– ها مچە، وەرە کوڕم. دانیشە کارێکیشم پێتە... جارێ وەرە بەرەوە، ئا

خەلیفە کەمێ ببزوێ با بێتە لاتەوە... وەرە دەی.

مچە بەپەشۆکاوی لای خواروو دانیشت و چاوەڕوانی خەلیفە بوو کە سەرهەڵبڕێ... بۆن و هالاوی چێشتەکان حەزی بزواندبوو، لیک زابووە دەمی، ئاغا دیسانەوە وتی:

– دەی کوڕم، شەرم مەکە بخۆ.

پیاوی وەک مچە کە کەوتە سەر سەرینی و خوانێکی ئەئاوا دیارە هەر بەبرسێتی دەست هەڵدەگرێ، مچەش لە پەشۆکاوی و مۆڕەی خەلیفەدا نەیزانی چی خوارد، هەر چۆنێبێ لەگەڵ ئاغادا دەستبەرداری خواردنەکە بوون، سینییەکان برانە دەر، دوای ماوەیە؛ ئاغا قومی لە چا خەستەکە دەدا، ڕووی کردە مچەو وتی:

– ئەرێ مچە، دەنگوباسی ئەو دەشتە لەچی دایە؟

– وەڵڵا قوربان خۆشی سەری جەنابتان... هەموو هەر خەریکن و شوکرانەی دەوێ، حاسلات شوکور باشە.

– ئەی ئەو هەتیوانە؟

– کام هەتیو؟!

– ئای... بەزاتی خوا دەڵێی خۆت گێل دەکەی... کوڕە سەگبابەکانی سۆفی فەوحوڵڵا.

– ئا... قوربان بەخوا نەمزانی... وەڵڵا چیتان عەرزکەم، بەخوا هەروان لەسەر خەلە و خەرمانەکەیان... بەڵام لەوەتەی جەنابتان دیارنین بۆ سەر گێرەکە، ئەوانیش ساردن.

– هەه... ساردن، پشت بەهیممەتی مشایەخان وایان سارد دەکەمەوە بۆ حەوت پشتیان.

مچە بەم قسەیە تەزوویە بەناوشانیدا هات، کەمێ نادیاریی لەسەر ئەم دانیشتنەی دیوەخانی ڕەوایەوە، بەڵام بەشەرمێکەوە پرسی:

– بۆچی ئاغام خۆشبێ هیچی تازە ڕووی داوە؟

– ئەی چۆن، وا خەریکن دنیامان تێ دەگەیەنن، حکوومەتمان لێ





قاوەدەدن، قسەکەیان گەیاندۆتە دەم مدیر ناحیە و قۆمیسەر.

لای خوارووی ئاغاوە، خەلیفە بەکەماڵی ئیسراحەت دوا قومی چاکەی هەڵقوڕاند و لەگەڵ دانانەوەی پیاڵەکەدا وتی:

– دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێ، با هەر بوەڕن.

ئاغاش بەنازێکەوە، بێ ئەوەی بڕوانێتە خەلیفە وتی:

– ڕاستە خەلیفە، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕەعیەتە بێ مێشکەدا دەڵێی چی؟

ئەمەی وت و بەزەردەیەکەوە دەمی قسەی کردە مچەو:

– مچە...

– بەڵێ قوربان.

– کەللەزل، هەر غیرەت نەبزوا خۆت جووتکەیت؟! دەدرەنگە شاییەکەمان بۆ بکە.

مچە هەمووگیانی داگیرسابوو، ئارەقەی لەشی تازە ببۆوە و بەم قسەیەی ئاغاش بوو بەقەترەیە ئاو:

– قوربان، لە کوێ بێنم شایی بکەم... خوا خۆشتکا.

– نا نا... ئەی گوایە من چیم؟، لە تۆ هیممەت لە ئێمەش بەرەکەت، ئەم زستانە بەتەنیا مەبە، کوڕە تاکەی لەو نوێنە سارد و سڕەدا بەتەنیا ئەمدیو و ئەودیو دەکەی؟

هەرچی خوێن لە ئازای مچەدابوو سەرەوژوور ببۆوە، پەشۆکابوو و نەی دەزانی چی بکات و بڵێ چی.

– بەڵام بەر لەوەی سەرقاڵی ماڵ و ژن ببیت کارێکم پێتە. ئەوەم بۆ بکە ئیتر وابزانە خونچە لە باخەڵتایە.

گوێی مچە بەمە زرنگایەوە و وەک لەخەو ڕاچڵەکێ ئاوای لێهات، بەپەشۆکاوییەوە پرسی:

– کاری چی قوربان؟!

ئاغا هەر خۆی هەستا و دەرگەی ژوورەکەی جووتکرد و بەدەم دانیشتنەوە بەنزمی وتی:

– مـچـە ڕۆڵە، ئەوە خـەلیـفـەش دانیـشـتـووە، هەر ئەمـشـەو زرمـەم لەو هەتیوانە بۆ هەستێنە!!

مچە بەترس و سامەوە پرسی:

– هەتیو، هەتیو کێیە؟

– ئای کە بێ مێشکی... هەردوو هەتیوەکەی سۆفی.

– قوربان بۆ؟ لە ڕای خودا... چیان کردووە؟!

ئاغا پەڕەی لووتی کەوتە پرتەپرت و چاوی زەقبوو و توڕەیی گرتی:

– ئای جوولەکە. گوایە نازانی خەریکی چین؟... پرسی مەلاشم کردووە، خوێنیان حەلاڵە... ئێ گوایە خۆم بچم ئەمە بکەم؟! بەخوا جوانە، مچە لە بیرت نەچێ وا مەلا عومەریش دڵی ها بەخونچەوە، دەیەوێ بیخوازێ.

مچە ئەمەی بەلاوە سامناکتر بوو، هەر کە باسی خونچە و بەشوودانی بیست، دڵی وەک چۆلەکەی ناو مشت کەوتە فرتە فرت، تارماییە بەبەرچاویدا هات و وتی:

– جا ئێوە دەفەرموون چی؟

خەلیفە لەملاوە بەزمان خەریکی پاککردنەوەی ژێرتاقمەکەی ناو دەمی بوو، دەنکە برنج و پاشماوەی چێشتەکەی لێ دەکردەوە و هەڵی دەدایە دواوە... قوتی دەدایەوە. ملچە ملچێکی کرد و:

– ئا... چەن گێلی، لەمە دۆغری تر دەبێ، بڕۆ ئەو جووتە تووله سەگە ساردکەرەوە و مەسەلەی خونچەش وا لای ئاغایە، وا بزانە هەموو شت براوەتەوە.

حیددەتی ئاغا کەمێ دامرکابۆوە، بەهێدییەوە وتی:

– ئا کوڕم، ژیربە و خەمی خۆت و پاشەڕۆژت بخۆ، گوایە تاکەی تۆ هەر ئاوا بەڕەبەنی و تەنیایی دەژی... ئێ ئەو کچەش ئەوە دەهێنێ لەم ئاوەی بۆ بدەی.

مچە ملی دا، وەک سپێکی شێ هێواش بۆوە و پرمەیەکی کرد و وتی:

– باشە، چی دەڵێن باوابێ.





– دە هەر ئێستە، با کەس نەزانێ بەحەمکێ بڵێ دوای خەوتنان بڕنەوە کورتەکە و فیشک دانەکەت لەکلاو ڕۆژنەکەوە بۆ شۆڕکاتەوە، با کەس نەزانێ، بەر لە شەبەقی وەرەوە.

مچە هەستا و بەلام بەر لەوەی بگاتە دەرگەی ژوورەکە ڕەتێکی برد، خۆی گرتەوە، کە چووە دەرێ ئاغا لەبەرخۆیەوە وتی:

– دارزێی، ئەژنۆی شکاوە... لە ئێستاوە.

خەلیفە هەر بەئاغایدا دەڕوانی، وەک شتێکی لە دڵدابێ و حەزکا بەپرسیارێ،... ئاغاش هێند گێل نەبوو، دەرکی بەمە کرد و هەر بۆ شڵەقاندنی بێ دەنگی ناو ژوورەکە پرسی:

– خەلیفە چیت پێیە، قسە بکە.

– بڵێم چی قوربان، دەڵێم ئەی بۆ مەلا عومەر و خونچە؟

– کوڕە خەرەفاوی؟! نابێ مێشک لە کەللەتدابێ، ئەم هەتیوە ئێستا وەک ژنی سەرکاسە وایە، پێیەکی لەمبەر و ئەوی تری لەوبەرە، ئەگەر ئەمشەو نەکوژرێ ئیتر لەم ئاواییەدا دانیشتنی نابێ، بەهەمموو ئەحواڵێ دەبێ بڕوا... ئێ کە ڕۆیشتیش مەلا عومەر زەماوەندی خۆی هەر دەکا.

– دۆغرییە، قوربان دۆغرییە. کارەکە جوانە و هەرواشە، سا خوا گەورەیە... هەر سایەی تۆمان لێ نەبڕێ.

بەپەنجەی شایەتمانی، خەلیفە قنچکی جگەرەکەی لە دار جگەرەکە کردەوە و فڕێیدایە خۆڵەمێشی بەر زۆپاکە،... شتێکی تر لە مێشکیدا گینگڵی بوو، ویستی نەڕوا تا ئەوەش دەزانێ:

– بەلام ئاغاگیان شتێکی تر هەیە.

– چییە، بزانم. ئەمشەو زۆرت پێیە.

– ئەی ئەوا مچە کاری خۆی کرد و بووە هەرا و سبەی پۆلیس و مۆلیس ڕوو لە کێ دەکەن؟

– خەلیفە خۆ تۆ دنیات دیوە، هەر شتە و بەرامبەری خۆی هەیە، دەزانم مەبەستت چییە؛ ئەم دوو هەتیوەی سۆفی فەوحوڵڵا خوێنەوارن،

دەستکورتی لە شارەوە هێناوینەوە ئەگین دەیانخوێند، خەریکی چرپە چرپن و وا بزانم وان لە جووتیارانی حزبدا... ئێ کادیرەکەشمان لە مچە لالووتە، گوایە کە هامشۆی شار دەکا قسەوباس بۆ خوشکەزاکەی دەبا کە پیاوی حکوومەتە، ئەم خانە بەگومانەییە ئەو کوڕانە لەسەریان دروست کردووە؛ ئەوانی خوێندەوار و سەر بەشۆڕش، ئەمێکی پیاوی ئاغا و هاتوچۆکەری شار و ڕێک لەگەڵ ئەو سەگبابەی خوشکەزای کە دەڵێن جاسووسە، ئەوا شتەکە بەینی شۆڕش و حکوومەتە و ئێمە چیمانە بەسەریەوە. شانی خۆمان بۆ ئارداوی دەکەین.

– (عەبدول)یان هەر دیارە ئیشیان لەگەڵ دەکا، هەر مانگێ کادیرەکە نەیە ئەو ئابوونەکان کۆ دەکاتەوە، ئێ (عارف)یش خۆ لە شەڕەکەی دەربەنی پاردا بوو،... بەڵام دەمشینەکەی دایکیان دەیوت: لە خەستەخانە بەدیار سۆفی باوکییەوە بووە.

– بەخوا خەلیفە ئیتر ئێمە چیمانە بەسەر ئەم خەڵکەوە، هەموو کوردین و ئێ شۆڕشیش بۆ کێی دەکا، هەر بۆ ئەم خەڵکە فەقیرە نییە؟

– بەڵێ بەڵێ قوربان هەر وایە،... جا منیش با لە خزمەت مەرەخەسبم. ئەگەر ئەمرێکی کەتان نییە.

ئاغا سەیرێکی لای دەرگاکەی کرد و ئەوسا دەمی لە پەناگوێی خەلیفە نێزیککردەوە و چرپاندی، خەلیفەش سەری بۆ لەقاند و بەئەسپایی وتی:

– ئەوسا خوا گەورەیە... باشە، باشە.

خەلیفە ڕۆیی، ئاغا حەمکێی بانگ کرد، بۆ ماوەیە بەگوێی ئەویشدا چرپاندی، ئەوسا بەرەو ئەودیو ڕۆیی تا بەئاغاژن بڵێ: ئەمشەو لە ماڵی مەلا عومەر دەبێ، هەندێ کار و نووسینی حاسلاتیان هەیە، با یەکلایی کاتەوە،... لەوانەیە سبەی دوو سبەی بچێ بۆ شار.

ئاغاژن دیسانەوە دڵی گوشرا، خوێن زایە ناوچاوی، لەشی دەلەرزی، دەیزانی ڕۆژکردنەوەیە لەوێ:

– جا بۆ... کەی تۆ پرست کردووە، حاسلات و کاری چی؟ دەک ئەو





قەحپەیە بەپەندبێ... ئەزانم بۆ کوێ دەچی!!

– دەمت داخە سەگباب، فلّتە فلّت.

ئەمەی بەکپییەوە وت و بێ ئەوەی چاوەڕوانی زیاتربێ ڕۆوی، ئاغاژنیش قوڵپی گریان لە قوڕگیدا گیری خوارد و بەدەم چوونە ژوورەوە دەیوت:

– ئۆه... بەر گوللەی گەرم کەوی، بەتیری سەختە کەوانەوەبی.

بەدوی خۆیدا و تا هێزی تێدابوو پاڵی بەدەرگەکەوە ناو بەزرمەیە دایخست. ماڵی ئاغا کشوماتیی باڵی بەسەردادا.

***

بەپێچەوانەی ئاغا ژنەوە، ئەمجارە یەکەمجار بوو ئاغا ڕاستی لەگەڵدا بکات، چواردەخۆرەکەی خستە بەر پشتێنەکەی و حەمکێی بەبرنەوێکەوە دوی خۆی خست... لە ماڵ هاتنە دەر، لە جۆگای پشت ئاشەکەوە پەڕینەوە و یەکەوڕاست بەرەو ماڵی مەلا عومەر بوونەوە، لە دەرگەی دا و مەلا خۆی لێی کردنەوە،... ئاوڕی بۆ حەمکێ دایەوە و پێی وت:

– ئیتر تۆ بچۆ بەلای کاری خۆتەوە، وەک وتم... باشە.

– بەسەرچاو قوربان، خواحافیز.

تا درەنگانێ یەک دوو پەڕەکاغەزیان ڕەش کردەوە، لێرە و لەوێ، چەڵتووکەکە و گەنم و گوڵەبەڕۆژە، تەخمینی تووتنەکەی ئەمساڵ کە لەوانەیە دەرەجە دوو دەرچێ، کرێی داڵان و ژوورەکەی ماڵی (حاجی بەکر)یش لە شار، کە تووتنەکەی تیا دادەنێ، ئەی خۆ لیژنەی فەحسیش شتێکیان دەوێ... خۆ بەخۆڕایی نایکەنە دەرەجە دوو،... بەگوناه نەبێ ساڵی پار حاجی بەکریش هەر لە بەشەکەی لیژنەکە شتێکی بۆ خۆی هەڵگرت.

– کوڕە بابە ئەمساڵ هەر بۆمان نەهات، بۆ زانیمان چی دەکەین؟

– بەخوا ڕاستە... بۆ ئەم هەتیوانە هێشتیان.

–پشت بەغەوسی گەیلانی وای ناخۆن.

مەلا دەستی برد لۆکسەکەی خستە نێو هەردوو بەری پێیەوە و بەدەم

پەمپ لێدانییەوە برۆی چەپی لێ بەرز کردەوە و بەچرپەیەکەوە پرسی:

– قوربان... (سەرێکی بۆ لای ڕاست لەقاند و) چیتان کرد؟

– ئەمشەو، مەلا خوا فرسەتمان بدا و دوعا بۆ ئەو هەتیوە بکە ئەم بەڵایەمان لە کۆڵ داماڵێ... بەسەلامەتی.

– دەی، تۆ هەر پشتت بەخوابێ مەترسە.

کە سەریان هەڵبڕی ماڵ کشومات ببوو، لە پشت هەیوانەکە مەلاژن و منداڵەکانی لە پرخەی خەودا بوون، ئاغا ڕوانییە سەعاتەکەی و:

– ئۆهۆو، کوڕە درەنگە، مەلا با چاوێ بکەینە خەو.

هەر زوو لەولاوە مەلاژن پێخەفی بۆ دانابوون، مەلا دەستی دایە و ڕایخستن و چوونە ناویەوە، مەلا دەتوت خەوەکە لە مستی دایە... هەر دەمودەست پێی نایە دنیای بەرینی خەوێکی قووڵەوە.

بەڵام ئاغا هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، لێکی دەدایەوە... چی بکا و چۆن گومان لە خۆی و پیاوەکەی وەدوورنێ، هەرکە سەگوەڕی ناودێ گەرم دەبوو یا دەنگێکی دەهاتە گوێ؛ ئەم ڕاست دەبۆوە، شایەتمانێکی دەهێنا و دیسان درێژ دەبۆوە.

(تۆ بڵێی ئەو هەتیوانە زووتر نەیەنە دەست؟ ئەی کە مچە زووتر کوژرا ئەم چی بکا و چی بڵێ؟... جا ئەم بۆ... خۆ دەستی پێوەی نییە، پیاوی حکوومەت زۆرە و خۆ هەر بەعەسکەر بەگژ شۆڕشدا ناچێ... باشتر؛ مچە لە شار ڕاسپێردراوە و بابڕوا، گوو بەگۆڕی، هەر خۆشی ناکا بەخاوەنی).

بەم غـایلانەوە وردە وردە ماسولکەکانی لەشی دەڕەوینەوە و خاودەبوونەوە، چاوەکانی ژێرە و ژووربوون، لێکی نان... چووە خەو.

کە حەمکێ تفەنگ و فیشەکدانەکەی لە کلاوڕۆژنەکەوە داهێشتە خوارەوە، مچە لە خوارەوە لێی وەرگرت، ئەمجا سەری خستە دەمی کلاوڕۆژنەکە و چرپانی:

– هەتیو مچە... ئاگات لەخۆت بێ، وریابە.

– حەمکێ... توخوا ئەمە کارە، من و ئەمەیان وتووە؟





– گوێ مەدەرێ، هەتیو شەو قەڵای مێردانە.

ئەمەی وت و هەستاو بێ دەنگ ڕۆیی.

مچە خۆی بەست و تفەنگەکەی خستە باوەشی و بەچیچکانەوە دانیشت، چاوەڕێی دەکرد کاتی خۆی بێ و بڕوا. ماڵی سۆفی فەوحوڵڵا کەوتبووە ئەوپەڕی ئاوایی، بێشەو پەلە چنارەکانی ئاغا لەلای دەستەڕاستیدا بوون، هەر ئەو ژوورەی لێی دەنووستن پەنجەرەیەکی بەسەر ئەو چڕەدا هەبوو... بڕیاری وا بوو هەر لەو پەنجەرەیەوە کاری خۆی بکات.

بەڵام کە بەکەڵەکی حەوشەکەیاندا هەڵزنا و سەرکەوتە سەر بانیژەکەیان، هیچ تروسکاییەکی لە پەنجەرەکەوە نەدی، چووە پێشێ و بەئاستەم و لەسەرەخۆ دەستی کوتا... زانی پەنجەرەکە بەمقەببای کارتۆنە سابوون گیراوە، بەدوو پەنجە لێواری مقەبباکەی لە بزمارەکان یەک یەک ترازان و ژوورەوە دەرکەوت، لە تاقەکەدا چرایەکی کز دەگڕا، بەڕیز لەژێر لێفەکاندا نووستبوون؛ باش لە یەکی نەدەکردنەوە، جگە لە منداڵێک کە سەری بەدەرەوە بوو. دوانیانی دەستنیشان کرد، بەباڵاو کەوتنیاندا لە عارف و عەبدولی دەکرد... لوولەی کردە ئەوەی ئەو سەریان و ناڵەیەکی ناوەخت ئەوانەی ناو ژوورەکە و ئاغا لە ماڵی مەلا و خەلیفە و حەمکێ و سەگەلی ئاوایی بەئاگا هێنا و خورپەکەوتە دڵی هەموانەوە... ژوورەکە بەیەکدا هات، هاوارو براڕۆ بەرزبۆوە.

مچە ویستی فیشەکی دووەم بێنێتە پێشەوە. زانی کە ئەوەی پێکای نەعارف و نەعەبدول هیچیان نەبوو... ئەژنۆی شکا و هەروا دووەم فیشەکی بەژوورەکەدا ئاگردا و خۆی هاویشتە خوارەوە بۆ ناو چڕ و تووترک و چنارەکان؛ لە کەوتنیدا هەستی بەبروسکەیەکی تیژ کرد لە ئاست ئەژنۆیدا، بەڵام خۆی خشاند و وەلاکەوت.

لە پەنجەرەکەوە، لە نێو مێژە و هاوارەوە دوو سێ دەمانچەیان کرد بەچڕ و نزارەکەدا.

سەگی شەل ئاسا، بەپەلە پرۆزێ لەو ناوە دوور دەکەوتەوە، خۆی کێش

دەکرد و ئێش ناو جەرگی دەبرژاند.

ئاغا لە تەقەکان ڕاچەنی، دڵی سەرکەوت، لایەکی بەلای مەلادا کردەوە، ڕوانی لەژێر لێفەکەوە چاوەکانی زیتەیان دێ. لەبەر خۆیەوە شایەتمانێکی هانی و ڕاکشـایەوە. قـرچە چووە هەناوی خـەلیـفـەوە و دەسـتی برد سەعاتەکەی لە باخەڵی وەدەرنا و لە شەوقی قوتیلەکەی نیزیک کردەوە:

– تۆبەبێ خوایە، ئەوەی لێت غافڵە کافرە.

لێفە مەوجیەکەی کێشایەوە بەسەر خۆیدا و کەوتە لێکدانەوەی سبەینان و ئەوەی بەدویدا دێ. حەمکێ لە کفتی و شەکەتی خۆیدا، لەسەر لبادەکە و لەژێر لێفە شڕەکەیدا خەونی دەدی، (ناودێ پڕ بوو لە جۆگەی بچووک بچووک. دەیویست بگاتە مچە کە لەو بەرەوە شەمۆڵەی دادابوو و تێی دەڕوانی، لەم جۆگە بازی دەدا بۆ ئەوی دی، هەر نەدەبڕانەوە. لەپڕ لە ژوور سەرییەوە تەقەیە کرا)،

لەگەڵ دەنگەکەدا بەئاگا هات. داچڵەکی و هەستا دانیشت و لە دەوروبەری خۆی ڕوانی، بەهەر چوار لایدا هەر تاریکی بوو.

– خێربێ خوایە... تەقە دەنگە.

لە دووەمدا زانی مچەیە و زۆران دەگرێ، سەگەکانی ماڵی ئاغاش چوونە پاڵ وەڕینی سەگەلی ئاوایی... وەک تاوێر گلۆر کەیتەوە ئاوا وەڕینەکان پێکەوە و توندبوون.

پێڵاوەکانی کردە سەرپێ و لای دەرگەکەوە وەستا، گوێ قوڵاخ بوو. نەوەکا مچە بگەڕێتەوە، با ئەوەی ئاغا وتی بەجێی بێنێ.

مچەش هەرچەند بروسکە بەئەژنۆیدا دەهات دەچووە شەرای مەرگ و ئەو دنیای بەچاو دەدی، دەستی برد بۆ ئەژنۆی... بەتەڕی و لینجی شەرواڵەکەی لەو ئاستەدا زانی بریندارە... بەڵام بەسەختی.

جامەدانە شڕەکەی لە سەروچاویەوە ئاڵاندبوو بەپەلە کردیەوە و لە ئەژنۆی بەست، بەخۆخشاندن و چنگەکرکێ بەرەو ژوور ئاواییەوە ڕۆیی، دوای سەعاتێ لە دەرگەی کۆلیتەکەی حەمکێی دا، دەرگەکە گورج کرایەوە و





خۆی هاویشتە ژوورەوە.

– ماڵ کاول ئەوە لە کوێی؟... وامزانی کوژراوی،

– جا کوا بکوژراما یە و ڕزگارم ببووایە.

– بۆ... چی بووە، ئەوە پێکراوی؟!

– فـریامکەوە... کـڵاوەی ئەژنۆم هەڵکەنراوە، کـەوتم بەبنەچنارێکی بڕراودا.

– ئەی ماڵی کاولم، مچە خۆ فیشەک نەبوو؟!

– نەء نەء، خێرا شتێکم بۆ بکە.

بەر لە هەموو شتێ حەمکێ ویستی فەرمانەکەی ئاغا بەجێ بێنێ، دەبێ بیباتە کادینەکەی ماڵی خەلیفە و لەم ناوە نەیهێڵێ. پاشان بیر لە برینەکەی دەکاتەوە.

فیشەکدانەکەی لە مچە کردەوە و لەگەڵ تفەنگەکەدا بردییە پشتەوە و شاردنیەوە.

چووە بن هەنگڵی و لە دەریای تاریکیدا بەرەو دەرەوە هەنگاویان دەنا.

مچە پرسی:

– بۆ کوێ؟ حەمکێ بۆ کوێم دەبەی؟!

– وەرە، نابێ لەم ناوە بمێنی، خێراکە بجوولێ تا ڕووناک نەبۆتەوە، دەتبەمە کادینەکەی ماڵی خەلیفە، دەبێ یەک دوو ڕۆژێک لەوێ بیت.

– کوڕە حەمکێ من وا دەمرم، چارێکی قاچم بکە.

– وەرە نەگبەت، جارێ بابچینە ئەوێ، ئەوسا بەخۆم و خەلیفە چارێکت هەر دەکەین. زووکە تا ڕۆژ نەبۆتەوە و کەسێ چاوی نەکردووین.

دەرگەی کادینەکەی ماڵی خەلیفە کەوتبووە پشت بانەکەیانەوە، هەر کەمێ لەولا ئاش و کۆلیتەکەی حەمکێوە بوو، مچەی لەولاوە دانا و کلیلەکەی خستە قفڵە لوولەکەوە، ئەلقە ڕیزەکەی ترازاند و ئیتر مچەی کێش کردە ژوورەوە.

کادینەیەکی تاریکی ساردی وشک. مچە لە ئازاردا خۆی بەسەر کایەکە

دا و لێی کەوت... بەناڵە ناڵ و باوکەڕۆوە داوای خەلیفە. مەلا عومەر. ئاغا و حەمدی مەیتەری دەکرد... حەمەکێ بەپەلە دەرگەکەی لەسەر قفڵ دایەوە و بەرەو لای مزگەوتەکە ڕۆیی؛ وانوێژە و خەلیفە لەوێیە، کە بەرەو مزگەوتەکە دەڕۆیی دەنگی شین و شەپۆڕی ماڵی سۆفی فەوحوڵڵا دەهات، لێرە و لەوێ دەنگودو دەهات، خەڵکی ئاوایی مقۆمقۆیان بوو... تاک و تەراش بەرەو لای شین و گریانەکەوە دەبوونەوە. نەی دەزانی کێ کوژراوە و کێ پێکراوە، بەڵام لە حەوشەی مزگەوتەکەدا بوو کە یەک دوویە تابووتەکەیان بەسەر شانەوەبوو و سەرەو ژووریان کردەوە... زانی کوژراو هەیە.

بەڵام کێیە؟!

ئەمەیانی نەدەزانی

نەیزانی چۆن دەستنوێژێکی شووشت و چووە ژووریَ، مەلا و شەش حەوتێ لەوێبوون، لە ناویاندا خەلیفەی چاوکرد و چووە لایەوە و سەلامی کرد.

– عەلەیک و هیچ مەڵێ (ئەمەی بەچرپە وت).

– خەلیفە چ قەوماوە؟

– خوایە لاماندەی. ئەی نەتزانیوە... سۆفی فەوحوڵڵایان کوشتووە!!

– کەی

– ئەمشەو، ئاوا هەر سەعاتێک دەبێ نابێ.

– ئەی ماڵم وێران، دەستی شکاوم بۆ تۆ سۆفی، ناڵێن کێ بووە، خۆ دەتوت پەپوولەیە. (ئەمەی بەدەنگێکی بەرز دەوت).

مەلا لە پێشەوە رووی کردە خەلیفە و:

– خەلیفە وا بانگە... ڕەحمەتی خوات لێبێ بانگەکە بدە... تۆبە یاڕەبی... خوایە خراپتر نەدەی.

بەمە کۆتایی بەقسەهێنا، بەڵام حەمکێ بەچاو لە خەلیفەی گەیاند کە مچە لە کوێیە و دڵنیای کرد.





خەلیفە نەیزانی چۆن بانگەکەی دا و چۆن لە پشت مەلاوە ئیقامەکە کرد، سەلامی بەپەلە دایەوە و ویردەکانی خوێند و هەستا. حەمکێ لە ڕێگاکە لایدا:

– بۆ کوێ؟

– دەچم بەلای ئاغاوە... نابێ بزانێ؟

– دە کلیلەکەم بدەرێ.

کە خەلیفە چووە کادینەکەوە ناڵە ناڵی مچە پێشوازی لێ کرد، بەچرپە بانگی کرد:

– مچە، مچە کوڕم ئەوە چ خێرتە؟

– مامە خەلیفەگیان پەکمە، زامارم فریامکەوە.

– ئادەی بزانم.

کە خۆی لادا تا ڕووناکایی لە دەرگەکەوەبێ، ئەوسا دەستی برد جامەدانە شڕەکەی لە ئەژنۆی داماڵی... لە خوێندا شەلال بوو، هەر بەهێواشی مچە هاواری دەکرد، خەلیفە بەسەرسامییەوە پرسی:

– ئەرێ ئەمە چییە، قوڕبەسەر ئەوە فیشەکە؟!

– نەء، مامە خەلیفە؛ کە خۆم هاویشتە دیوی چنارەکانی ماڵی ئاغاوە بەلادا بەسەر برە چنارێکی بڕراودا کەوتم.

– دەی خوا گەورەیە، هیچ نییە، با حەمکێ بێت ئێستا تیمارت دەکەین... خەم مەخۆ، خۆشەوە دەبێ.

– تۆ بڵێی مامە خەلیفە؟

خەلیفە ئەم دڵدانەوەیەی بۆ ئەوە بوو کە لەوە زیاتر مچە نەتۆقێ و دەردی گرانتر نەبێ، چونکە هەستی بەوە کرد کە برینەکەی کاریگەرە و وەزعی خراپە.

چاوەکانی زەق ببوون، هەناسەی تێکچووبوو، زانی کە بەئاستەم کڵاوەی ئەژنۆی پێوەماوە. خوێنێکی بێشوماری لێ ڕۆیبووە، خۆشبوونەوەی کاری ئێرە نییە لەم کادینەدا،... مەگەر لەلای خواوە.

هەستا...:

– دەنگت نەیە، بەحەمکێدا نان و چایت بۆ دەنێرم و بزانم کەمێ پەڕۆت بۆ دەسووتێنم و بۆت لێدەنێم... غیرەتت بێ مچە. کوڕە کەی تۆ وا بووی... گەوجە.

***

ئەو بەیانییە ناودێ خۆی نەبوو، جموجۆڵێکی سەیری تیا دەبینرا، ژنان لە بانیژە و سەربانەکانەوە بەدەرکەوتبوون و یەک لەگەڵ هاوسێکەیدا بەترس و سەرسامییەوە باسی تەقەکانی ئەم بەرەبەیانەیان دەکرد، کوشتنی سۆفی فەوحوڵڵا وەک ئاگری ناو پووشوو ئاوا بڵاوبۆوە... هەریەکە بەجۆرێ لێکی دەدایەوە و باسی لێوە دەکرد؛ پیاوی حکوومەت، ماڵی (وەلی هەمزە قیت) کە ساڵێکە کچەکەیان داوا دەکەن و نایدەن... لەسەری ببووە هەرایان، دەمقاڵێکەی عارف و مچەی پیاوی ئاغا کە لە شار گەڕابۆوە:

– ها مچە، ماندوو نەبی، حکوومەت لە چیدایە؟

– خوا خۆشتکا عارف، جا من چوزانم حکوومەت لە چیدایە.

– ئەی بۆ، دەڵێن شت دەزانی.

– ئەم قسانە مەکە، ئەوەی وای گوت گوی خوارد...

وا بزانم ئێوە بەچرپە چرپ ئەملاتان داوە بەولادا. وا نییە؟ خەڵک و خوای بەردوکانەکەی دێ کەوتنە بەینەوە و بەڵام ئەم مشتومڕە جێ پێیەکی قووڵی جێهێشت... یەک لەویدی سڵی دەکردەوە و گومانیان لە یەکتر دەکرد.

ئەی ئاغا و مەسەلەی مولکەکەیان؟، هەندێ بۆ ئەمیشیان دەچوون... بەڵام ئەوەی هەمووان لەسەری یەکبوون ئەوەبوو کە سۆفی لەمەدا مەبەست نەبووە، مەبەست کوڕەکانی سۆفی بووە و بەڵام قەزای گۆزە کەوت لە دیزە.

عارف و عەبدولیش ئەمەیان باش دەزانی، هەروا کەمێکیش زیاتر بەلای ڕاستی مەسەلەکەدا چووبوون، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشابوون ونبوونی مچە بوو، سێ ڕۆژە مچە لە هیچ لایەکەوە نییە، بەپەنهانی سۆراخیان کرد،





بەڵام هیچیان دەستنەکەوت.

هەر دووەم ڕۆژ کە قۆمیسەر و دوو پۆلیس لە ناحیەوە هاتن بەسەروشوێنی ڕووداوەکەوە، ئەمان کەسیان تاوانبار نەکرد کە بانگێشکران بۆ ناحیە... هەروا.

هەڵسوکەوت و کاردانەوەیان بەرامبەر کوشتنی باوکیان زۆر لەسەرەخۆ و ژیرانە بوو، وردبین و بەویقار بوون، نەک وەک دوو لاوی کەم تەجرەبەی هەڵەشە و جەنجاڵ و دەم گەرم.

ڕۆژی چوارەم مچە لە کادینەکەدا زۆر هیلاک بوو... تایەکی توند گرتبووی، لێوە لەرەی پێکەوتبوو و دەیبزرکاند، حەمکێ پێیەکی لەلای ئەم بوو ئەوی تری لەسەر کار و فەرمانە زۆرەکان. خەلیفە چی لە توانایدا بوو بۆی کرد، جوان بۆی پێچابوو، نیازی بوو ئەمشەو بەئاغا بڵێ چارێکی بکەن، چار لای ئەمانە نەماوە... هەتا ئەو تۆزە تیانترۆکەش کە لە بنی شووشەکەی ماڵی مەلادا بوو تەواو ببوو، هیچ سوودێکی پێ نەگەیان، دەبێ ببرێتە شار و برینەکەی لەوە نییە لێرە خۆشەوەبێ... سەرەژنۆی بووە بەخیگە، مچە خۆی ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە.

ئاغاش ئەمڕۆ لەلای قۆمیسەرەکە دای لە بنی هەمبانەکە، دانی بەوە دانا کە مچە لەو شەوەوە ونە، دیاری نییە و نازانێ ڕووەو کوێ چووە. گومان چووە سەر مچە و فەرمانی گرتنی دەرچوو، ئاغا گفتی دانێ هەر سۆراخی کرد گورج ئاگاداریان کاتەوە.

– ئەی چۆن، ئەرێ بەسەری تۆ (جەمیلەفەنی قۆمیسەر)، من بەکوشتنی ئەو پیاوە پشتم شکاوە، برایەکی عەزیزم لە کیس چوو. کوڕە هەر نەبێ ئەو مەسەلەی مولکەشم لە گەڵیدا نەخست بەلایەکدا، بەڵام بەقوربانی ئەو بووایە، شتێکی ئەوتۆ نییە... ئێستاش کەی کوڕەکانی مەیلیان لێ بوو ئەو کاتە. عارف و عەول دەیانزانی ئاغا ڕاست ناکات، ئەگەر مچە بەدەستی حکومەتیش ئەوەی کردبێ ئاغاش چیلکەیەکی هەر تێوەداوە. مەسەلەش هەر مولکەکەیە. هەر چۆنێ بێ بەتەمانەبوون ناحیە و دەوڵەت خوێنی

باوکیان بۆ بستێنێ، هاتوچۆی ناحیە و بگرە و بەردەی پۆلیس هەر لە هەفتەی یەکەمدا خاوبۆوە و هەر کەس چۆوە بەلای کاری خۆیەوە... کاری حکوومەت ئاوایە لە سەرەتادا بەگەرموگوڕی تێ هەڵدەچێ و زۆر نابا خاو دەبێتەوە و دوایی مەگەر ئاسەوارەکەی لەسەر پەڕە کاغەزی ناو فایلەکان بمێنێتەوە، خۆ ئەگەر یەکێک هەبوو بیجووڵێنێ، سا بەهۆی ناسیاوی و نیزیکی لە کاربەدەستانەوە، یان بەبەرتیلێکی باش و دڵگیر... ئەوا کارەکە بەئەنجام دەدرێ و یا دەگەیەنرێتە مەبەست.

کپی و بێ دەنگی ناودێ لەو ڕۆژانەدا لەوەی دەکرد باوبۆرانێکی توند و قایمی بەدواوەبێ.

– ئەرێ خەلیفە وتیان ئەمڕۆ دووجار هاتبووی. خێرە؟

– خێر دەبێ ئینشائەڵڵا، بەخوا ئاغا مچە خۆی نییە و هیلاکە، برینەکەی زەیفی لێ ستاندووە.

– ئەی نەتانوت مەڵحەمەکەی ماڵی (خاتوئامینە)مان لێداوە؟ چاکی نەکرد؟ خۆ لە پشتی کەری ساوی عەلەمی تیا نایەڵێ.

– نە بەخوا، قوربان ئەژنۆی ئاوساوە. ئازاری زۆرە و لەرزوتا هێندەی پەرێشان کردووە هۆشی لای خۆی نییە... خۆزگا دەتدی.

ئاغا دەستی خستە ژێر چەناگەی و سەری داخست، وەک تێفکرێ... دوایی لە پڕ ڕوانییە خەلیفە و وتی:

– ئەی چار چییە؟ ئەترسم ئەم سەگبابە بێتە بەڵایە بۆمان.

(کرێوە و زریانەکەی لەوەدا نەبوو، بەمزەکە بەباوە نەی دەهێشت بەرپێی خۆت ببینی، کە هەردوو پاشووی ئەسپەکە داخزا و ئەم لەگەڵ حیلەکەیدا خۆی هاویشت.

ئەسپەڕەش تلاوتل گلۆر بۆوە بۆ ناو دۆڵ و شیوەکە. هەستا و هاواری کردە ئەوانی دواوە: بووەستن، ڕێگاکە لێرەدا هەرەسی هێناوە... پرمە و حیلە و ناڵەی ئەسپەکەش لەو شیوەدا ژانی خستە دڵیەوە.

– مچە، هۆ مچە... بچۆ بەلایەوە.





مچە لە نێو گێژی بەفرەکەوە خۆی گەیاندێ و هاتەوە...: قوربان پەلی دارەبەنێ وا چووە بەورگیدا جووڵەی لێ بڕیوە.

– چارە؟

چاوەڕوانی نەکرد. داگەڕا و لە ئاستیدا بڕنەوەکەی ئاراستەی نێوچاوانی کرد و... چاوی نووقاند و زرمەی لێ هەستان، بەو گرمەیە هەرەسی ئەوبەر هاڕەی کردە خوارێ و بەپەلە ئەمان و بارەکانیان ڕووە و ئەشکەوتەکەی لایانەوە بوونەوە.

کەمەکێکی مابوو ئەو کاروانەی سەرسنوور بێ دەنگ و سەنگ –تا بەهاری دادێ– ببێ).

– قوربان ئاغا، چار هەر ئەوەیە ببرێتە شار، بۆ خەستەخانە، ئەمە لە دەست ئێمەدا نەماوە... کوڕەکە دەمرێ.

– شار. شاری چی؟ شار یانی خەڵکی مچە دەبینن و یانی پۆلیس و... یانی هەموو شتێ.

مامۆستا ویستی ئاغا هێدی کاتەوە، تەزبیحەکەی لە مستیدا کۆکردەوە. وتی:

– نا نا، ئاغا، تۆ سەبر بفەرموو باعەرزت کەم، هەر شەو لێرەوە ببرێ و لە شاریش ببرێتە ماڵی (مچە)ی خوشکەزای. ئەو خەڵک دەناسێ و هەر بەدزییەوە ببرێتە خەستەخانە و وەسسەلام.

– جا ئەگەر ئەمە بکرێ باشە... تۆبە یارەبی، شەیتان بەنەحلەتبی... ها خەلیفە؟

خەلیفە وەک کێچ ڕاپەڕی و لە دەریای سامناکی ترس و خەیاڵاتەوە هاتەوە بەردەم ئاغا:

– بەڵێ ئاغام، هەر شەوەکی حەمکێ و حەمەی مەیتەر بیدەن بەسەر ئێسترەکەدا و پارەیان بخەرە تەک و با بڕۆن تا سەر جادەی شار، لەوێوە حەمکێ بیخاتە سەیاریەکەوە و بیبات.

– ئەمە باشە ئەگەر دەهۆڵمان بۆ لێنەدرێ.

مەلا گورج وتی:

– قوربان دەهۆڵی چی، شتەکە هەر شەو بکرێ بەپشت ئاواییەوە بڕۆن و دوایی داگەڕێنەوە بەلای سەر قەبرانەکەدا و ئیتر کێ دەیانبینێ.

– زۆر چاکە خەلیفە حەمکێ و حەمەی مەیتەر ئاگادارکە و ئێوارە بیرمخەرەوە پارەیان بدەمێ و لەسەر خوا.

***

سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ حەمکێ خۆی کرد بەکادینەکەدا و لە تاریکیدا بەپەلکوتان قوتیلەکەی بەردەست کەوت و دایگیرساند، لرفە لرف و ناڵەی مچە دیمەنەکەی خەمبار و دڵتەنگ کردبوو، حەمکێ تا نەچووە لایەوە و دەستی تێوەنەژەند ئەم بەئاگا نەهاتبوو؛ گورج چاوەکانی کردەوە و شاڵاوێکی بۆ برد وەک داوای شتێکی لێ بکات.

حەمکێ لە ترسان ڕەتێکی برد بۆ دواوە، دیمەنی چاوە زەقە سوور هەڵگەڕاوەکانی مچە و ڕەنگی سپی و تێک قۆپاوی دەموچاوی و پەنجە باریکە درێژەکانی، وێنەیەکی سامناکیان لەبەر چاوی حەمکێدا دەنواند...

– حەمکێ... توخوا فریامکەون... حەمکێ مەیەڵە بمرم.

حەمکێ لە خۆ ڕاپسکاندن و چوونە دواوە و ترسەکەی پەشیمان بۆوە و شەرم گرتی... ویستی دڵنەوایی مچەی کلۆڵ بکا، بەپەشۆکاویەکەوە، وەک سەرزەنشتی بکات، وتی:

– مچە، گەوجە ئەوە چیتە، کورە خۆ ڕۆحت بردم، بۆ وا دەکەی، غیرەتت بێ تۆ پیاوی، خۆ بەجارێ ورەت بڕاوە.

مچە بەپاڕانەوەیەکی بەسۆزەوە وتی:

– بەقوربانت بم وا دەمرم، چیم لێ دەکەی، کوا ئاغا؟

منی بۆ وا لێ کرد... کوڕە کەی من وا گەوج بووم، بۆ بەدوو فیشاڵی ئەو وام لەخۆم کرد؟... کوڕە حەمکێ هاوار مردم...

ئەمەی وت و لێزمەی کوکەی وشک گرتی، خیزەی سنگی لەگەڵ کۆکینەکەیدا دەبیستران، دەستی بەسنگ و قورگیەوە گرت، گرژ بوو و





ئێستێکی کرد، دوایی وتی:

– بەخوا، بەخوا هاوار دەکەم و ئاوایی بەسەرخۆمدا دادەبارێنم، ئابڕوتان دەبەم و ئاغاش بەکوشت دەدەم، هەموو شت ئاشکرا دەکەم.

– مچە ئەم قسانە مەکە، عەیبە تۆ پیاوی و لێقەومان هەر بەسەر پیاو دێ، ئاغا هەر خەمی تۆیەتی و... مچە بەهەنسکەوە قسەکەی پێبڕی:

– خەمی من؟! ئەگەر خەمی بووایە هەڵبەت لەو ڕۆژەوە کە منتان وەک سەگ فڕێداوەتە ئێرە سەرێکی بەلامدا خوار دەکردەوە و مشورێکی دەخواردم.

– وا مەڵێ، بەخوای هەموو عالەم ئەوەندە جەنجاڵە پێی ناکرێ، هەتیو لەسەر ئەوەشدا وا بڕیاری داوە بتنێرێ بۆ شار بۆ لای دوکتۆر و چارەت بکا، ئەی ئەمە خەمخواردن نییە؟

مچە لە بیستنی ئەمەی دوایی کەمێ ئاسوودە بوو، بەهێواشی بەڵام بەهەڵپەوە پرسی:

– کەی، چۆن دەمبات؟... خۆ من مەیتێکم بۆ خۆم!!

ئیتر لەلایەوە حەمکێ بەچپەچپکانەوە دانیشت و کەوتە باسی ئەوەی کە هەر شەوەکی لەگەڵ حەمەی مەیتەردا دەیبەن تا دوڕیانەکەی جادەی شار و لەوێوە لەگەڵیدا دەڕوا بۆ شار، ئاغاش پارەی باشیان دەداتێ و بەئیزنی خوا بەچاکی و ساغ و سەلامەتی دەگەڕێتەوە.

بەم قسانە ئارامیی لە جەستەی مچەدا داسەکا، برینەکەی وەک جێ سووتاوی دەبرژایەوە، بەدەستی ئاوە قەتیسەکەی ناوچەوانی سڕی، هیوایەکی پەیدا کرد.

– حەمکێ گیان، ئەی خونچە. نازانی چۆنە؟

– خونچە چۆنە، چیەتی؟ کە دەڕوا گرمەی دێ و دەڵێی دابەستەیە، کوڕە گەوجە تۆ خۆشەوەبە خوا گەورەیە.

حەمکێ ئەو پریاسکەیەی هێنابووی کردیەوە و لەبەر دەمی مچەدا یەکالای کردەوە، نان و دوو هێلکەی کوڵاوی بۆ دانا و سەلکێ پیازیشی بۆ

پاک کرد، دەستی برد لەو دیویەوە گۆزەڵە ئاوەکە و جامولکەکەی هێنایە نیزیکیەوە:

– دە وردە وردە بیخۆ، پەلە مەکە.

– دڵم هیچ نابات.

– بیخۆ، تۆ لەسەر سەفەری. با هێزێکت تیادابێ، دەی بزانم زۆر لەخۆت بکە با لەو ڕێیە نەبووڕێیتەوە. ئیتر هەستا و ئەمی جێهێشت، چوو بەلای ئەرک و فەرمانی ماڵی ئاغاوە، حەمەش ببینێ و ئەمشەو خۆیان حازر کەن. کە لە جۆگاکەی ئەملای ماڵی ئاغا پەڕیەوە، ئاغا وەک پیرە بەرانێکی کێوی بەگوڕ، بەسەر گابەردەکەی ئەو بەرەوە قنج وەستابوو، دەیڕوانیە ڕێگای کانی ژنان، لەوە دەچوو چاوەڕێی یەکێ بێ لەوێوە بگەڕێتەوە... کە حەمکێی چاو کرد، گورج بانگی کرد و پرسی:

– ئەرێ ئەو هەتیوە چۆنە؟

– قوربان پەرێشانە، کە پێم وت دەتبەینە شار ئاهێکی پیادا هاتەوە و کەمێ سەرەخۆ کەوت، نانم بۆ برد وا دیخوات.

– دەباشە، ئەوە پارەم داوە بەخەلیفە، بەر لەوەی بڕۆن لێی وەرگرە و ڕاستە و ڕاست لە شاریش بیبەرە ماڵی (محه) و بڵێ بیباتە خەستەخانە، لە پارە مەترسێ زوو زوو بۆی دەنێرم.

– بەسەرچاو، خوا سەلامەتت کات.

چاوەکانی ئاغا گەشانەوە، بیلبیلەکانی فراوان بوون، شەپۆڵی بزە و خۆشی بەسەر ڕوویدا کشا و ئیتر ئەوەی لەبیر چووەوە کە باسی چی دەکرد، حەمەکێ لایەکی کردەوە بۆ ئەو جێیەی ئاغا تێی دەڕوانی. خونچە و حەلاوی حەمەی مەیتەر بەکوننە ئاوەوە بەرەو ژوور دەبوونەوە... تێگەیشت و بێ دەنگ بەلای کاری خۆیەوە ڕۆیی، ئاغای جێهێشت. کەم کەم تاریکی پەردە ئەستوورەکەی بەسەر ئاواییدا داکشان، مناڵانی سەر سەرەلوێنک و پەنادیوار و سەر بانەکان کە لە گەمەو بەزمی خۆیاندا بوون، دوو دوو و سێ سێ وەک جووچک دەچوونەوە ژێر باڵی دایکیان، لەو





ڕێیانەی کە دەهاتنە ناو دێ، جوتیار و وەرزێر و شوان و سەپان لە سەر ئیشەکانیانەوە دەگەڕانەوە، کێوە بەرزەکانی ئەملاوئەولای دێ بەتاریکیەکە دەبوونە زەبەللاحی بەحەواداچوو و دیمەنەکەیان بۆ ڕێبواری ئەو ناوچەیە ترسناک دەکرد.

لە توولە ڕێگاکەی ئەوسەرەوە، دوو کەس؛ یەکیان سیمینۆفێکی بەشانەوە بوو و ئەوی دی پۆشتە و ڕیش تاشراو، دەمانچەیە لەبەر پشتێنەکەیدا، بەپەلەو دورەپەرێز دادەگەڕانە خوارێ و لەناو چنارەکانەوە خۆیان کرد بەماڵی سۆفی فەوحوڵڵادا!

لەملاشەوە حەمەو حەمکێ کەوتبوونە تەگبیروڕای ئەوەی چۆنچۆنی مچە لەسەر ئێسترەکە خۆی بگرێ و بیبەن.

– کوڕە حەمە ئیمە دەمانەوێ کەس نەزانێ، ئاگایان لێ نەبێ، ئێستا بەم خشە خش و تەقە تەقە ئاواییمان دێتە سەرو ڕێسەکە دەبێتەوە بەخوری.

– ئەی چارچیە؟

– چۆن لوا ئاوا، هەر نەیتوانی بەنۆبە کۆڵی دەکەین.

– ئەوەش ناکرێ، مچە زلەیەو قورسە، ناوسکمان دەپچڕێ، تا دووڕیانەکە بڕ ناکەین.

وردە وردە مچە دەبووە بار بەسەر دەوروبەرەکەیەوە،تا ئەوسا بوو بار و ئەرکی لە کۆڵ دەوروبەری دەکردەوە، ئێستا نەک هەر بارە بەسەر خودی خۆیەوە، باریشە بەسەر ئەو یەک دووەی مشووری دەخۆن و دەیانەوێ وەک کراسێکی کۆنی چڵکن لەبەر خۆیانی دامالن و دووری خەنەوە و دڵە خورپێ و تێڕوانیین گوماناوی بەدوریاندا نەهێڵن.

دوا نیوە شەوێکی درەنگ بوو، ئەو دووانە بەهەموو هێزو توانایانەوە مچەیان لەسەر بارێ بۆ دابین نەدەکرا، بەیەک دوو باردا خستیانە سەرپشتی ئێسترەکە بەلآم زام و ئێشی برینەکەی ئەوەندە بەسوێ بوو دایان دەگرتەوە، دواجار لەپەوڕوو دایان بەسەر کورتانەکەدا، ئەمە دوای ئەوەی لێفە شڕەکەی خۆیان لەلاقە زامارەکەیەوە ئاڵاندو بەشریتێ بەستیان؛ تا

ئەگەر بەر وگ و قەبرغەی ئێسترەکەش کەوت هێندە نەکولێتەوەو ژان نەکات.

هەڵتەک هەڵتەک وەک دز، بەپەنهانی، بەسەرەوژور ئاواییدا هەڵگەڕان تاچوونە سەر ئاستی سەرقەبرانەکە.

بەتوولە ڕێگاکەی لای سەرقەبرانەکەدا دەڕۆیشتن کە مچە (ئۆف)ێکی لە دەم دەرپەڕی... ئازار زەیف لێ ستاندو کەوتە براڕۆو هاواری تاساو:

– کوڕە توخوا لێرەدا فرێمەدەن... ئای باوکەڕۆ، هاوار مردم، خوایە ڕەحمێ...

حەمکێ چرپاندی:

– کوڕە مچە مەعز بۆخوا بێ دەنگ بە، کوڕە سەرمان بەفەتارە– تێکدا مەدە، مچە تۆ...

– ئای توخوا مردم... وەی هاوار

مامۆژنە (فەیمە) کە ماڵەکەیان دواماڵبوو و شەوانە لەوەتەی سکی بەو چەتیوە خێرنەدیوەی سووتابوو و ئەرکی بەخێوکردنی کۆرپە ساواکەشی بەسەردا کەوتبوو ، شەوگار دەیکردو ئەو دەیکرد، خەو لەچاوی نەدەکەوت، هەرجگەرە کێشێ بوو پێڵووەکانی لێکنابوو کە لەپڕ ڕاپەڕی و ئەو هاوار و ئاخ و ئۆفەی هاتەگوێ؛ کەمێ ئەملاو ئەولای کرد و هەستا سەرێکی نا بەکونە پەنجەرەکەی لایەوە بەڵام بێ ئەوەی ئەو پارچە پەڕۆیە لادات کە پێوەی گرتبوو.

– توخوا، ئای باوکەڕۆ... خوایە هاوار، ئای. ئۆف...

مامۆژنە فەیمە دیسانەوە دڵی داخورپایەوەو وەک بترسێ لەلای کونە پەنجەرەکەوە دوورکەوتەوە، ڕوانی (کەریم و لەیلێ) لە شیرین خەودان، پەشیمان بۆوە لەوەی کە بەئاگایان بێنێ، سەرێکی بەرز کردەوە و لە بنمیچەکەی ڕوانی:

– تۆبە بێ خوایە... بەدەردی گوناهکارانمان نەبەی، ئاخۆ چ داماوێکە گۆڕەوشار دەدرێ، خوایە ڕەحمم بەقەبرەکەمان بکەی... هەزار گوناه یەک تۆبە.





بەم قسانەوە وردە وردە لێفە شڕەکەی ڕاکێشایەوە بەسەر خۆیدا و چووەوە خەوێکی بزرکاوی ئاڵۆز.

دوای کەمێ پشوو مچە بەدانیشتنانەوە خرایە سەر کورتانەکە و خۆی بەپێش دادا، حەمەش دەستێکی بەبندەستیەوە گرتبوو نەک بەلادابێ و ورد ورد داگەڕان تا سەرقەبرانەکەیان جێهێشت و چوونە سەر ڕێگاکەی بەپشت ماڵی سۆفی فەوحوڵڵادا ڕەت دەبوو لەولا پەڵەچنار و بێشەلانەکەوە دادەگەڕێتەوە سەر ڕێگا ڕاستەکەی بەرەو جادەکەی شار دەڕۆی.

حەمکێ زەنگی ملی ئێسترەکەی بەپونگەو گیای گوێ جۆگای ئاشەکە ئاخنی بوو، هەرچوار پەلیشی بەپارچە لباد پێچابوو، تەنیا پڕمەی ولاخەکە نەبێ ئیتر ئەمانە وەک جنۆکە و خێو، بەبێ ورتەو دەنگ تەنیا تارمایی بوون و دەڕۆیشتن. شەوەکەشی هێند ئەموستەچاو بوو تەنیا تارماییەکی لێڵ نەبێ هیچی تر دیار نەبوو، ئەوانە بەشارەزایی خۆیان ڕێکاکەیان دەبڕی.

سەگەلی ئاوایی، وەک لەو نهێنییە گەیشتبن بێ هودە سەری خۆیان دەیەشان، حەپەو وەڕەیان بەئاشکرا ماڵی سۆفی بە ئاگا دەهێنا، بەڵام کەی ماندوویی و شەکەتی کار و فرمانی زۆری پاییزی لادێ مۆڵەتی ئەوەی داوە کە زوو لەپرخەی خەوی قورسی ڕاپەڕێ و بزانێ ئەوا تاوان باردەکرێ و خوێنی ناهەقی ئەو پیرەمێردە دیزە بەدەرخۆنە دەکرێ.

نیو سەعاتێک دەبوو کە لە ئاوایی دوورەکەوتبوونەوە، حەمە وەک بارێکی قورسی لەسەرشان هەڵگیرێ، هەناسەیەکی قووڵی داو بەحەمکێی وت:

– خەلیفەت بینی؟

– ئا، دوای شێوان چووم بۆلای، بیست و پێنچ دیناری دامێ، وتیشی خۆشم دووسبەی بەدوتاندا دێم.

ئەگەر تاریکی نەبووایە حەمکێ زوو بەو گۆڕانەی دەزانی کە لە سەر

ڕووی حەمەی مەیتەردا ڕووی دا، گۆڕان و تاسبردنەوەیە کە سەرچاوەکەی ئەو (سی) دینارەبوو ئێوارە کۆێخا دایە دەستی تا بیداتە حەمکێ!!

بە درێژایی ئەو ڕێیە، لە لێژی و سەرەوژووریدا، لەناو جۆگەو تەختانیدا، مچە دەردەکەی کاریگەرتر دەبوو. ژان چووبووە پەڕەی دڵی و هەر ناڵەی بوو، بەڵام هیوای بەوەبوو کە بەرەوشار دەچێ، بۆ لای دوکتوڕ و چاکبوونەوە، بەم ئاواتەوە نیو سەعات شەوی مابوو کە گەیشتنە سەر جادە قیرەکە، لە پەنا تاوێرێکدا مچەیان داگرت و بەڕاکشاویەوە پاڵی پێوەدایەوە. زوربەی ئەستێرەکان چووبوونە خەو، تەنیا تاک تاکێکی گەش لێرە و لەوێ بەو فێنکی شەوە بەدیار (گەلاوێژ)ەوە مابوونەوە، لەو دیمەن و ئازارەیان دەڕوانی.

– حەمە سەڵای کردووە؟

– نە مچە گیان ماوێتی.

لەولاوە حەمکێ ئێسترەکەی بەلقە دەوەنێکەوە بەست و هاتە لایانەوە:

– خوای بکردایە ئوتۆمبیلێ زوو بهاتایە... کەسێ نەیدیوین؟

– بەخوا خۆوبەختە. سا خوا ڕەحم کات.

جریوەی پەلەوەرێکی لێوی لە دورەوە هات، وادیارە لە هەڵنیشتن وەڕس ببوو کەوتە سەر لق وپۆپی دەوەنەکان، حەمەش وەک لەو بێ دەنگی و کپییە بترسێ ئاوا لەبەر خۆیەوە شایەتمانێکی هێناو هەستایە سەر پێ، بەرەو لای مچە چوو و بەسەریدا دانەویەوە... بەسۆزکەوە وتی:

– مچە ئەوە خەوتووی، ناهەقت ناگرم هیلاکی ڕێی. مچە لە جێی خۆیەوە، بێ ئەوەی چاوبەرزکاتەوە هاتە وەڵام:

– خەوی چی، خۆم مات کردووە. ئازار کوشتمی.

– دەی خوا گەورەیە، خوا حەزکات هەر ئەمڕۆیە و لە شار چاک دەبیتەوە، پەنات بەخوابێ.

– خوابکا وابێ بەقوربانی دەمت بم.

کات درەنگ بووە، سەرکەل بەتەواوی ڕووناک بۆتەوە، خێروشەڕ – وەک





دەڵێن – بەشکرا، حەمکێ چوو بەلای ئێسترەکەیەوە، تۆپەڵە پونگەو گیاکەی لە زەنگەکەی ملی دەرهێناو دانەویەوە پەتی پارچە لبادەکانی چوارپەلی ترازاندو هەمووی کۆ کردنەوە و تا دەستی گەیی توڕی هەڵدانە خوارەوە.

لە دوورەوە دەنگی ئوتومبیلێ هات، بەڵام گردەکەی لایانەوە ئەودیوی جادەکەی لێگرتبوون، حەمکێ خۆی حازرکرد تا دەستی لێ ڕاگرێ و بیوەستێنێ... مچە زیت بووەوەو گوێقولاخ بوو.

کە دەرکەوت. قەمەرەیەکی شین و بۆر بوو، پیکابەکانی ڕێگای شارنەبوون، بەڵام دەستی هەر لێ ڕاگرت.

کە وەستا، کابرایەکی ئەفەنی و ئافرەتێکی ساریی ومناڵێکی تیادا بوون، ئەفەنیەکە لایکردەوە:

– ها، ئەوە چییە... نەخۆشە؟

حەمکێ چووە بەرەوەو بەپاڕانەوەوە وتی:

– ئەرێ بەخوا مار پێوەی داوە، خێرت دەگا بمانگەیەنیتە شار.

کابرا دابەزی و ژنە لەخۆی بۆوە بۆ ماڵی پەرێشانی مچەو کەمێ لێی چوونە پێشەوەو ئەوسا وتی:

باشە...

ڕووی کردە دووانەکەی هاوەی و وتی:

– هەردووکتان لەگەڵی دێن؟

حەمە گورج وتی:

– نەخێر تەنیا ئەم لەگەڵی دێ.

ئەمەی وت و دەستی بۆ حەمکێ درێژ کرد.

دەرگای دواوەی بۆ کردنەوە بەدووانەکەی وت کە داینێن.

بە هەردووکیان مچەیان دانا، حەمکێ لە تەکیەوە دانیشت، حەمە دوعاخوازی لێکردن و پیرەقەمەرە وەک تیسکەی تفەنگ دەرچوو، لە ناویشیدا مچەو حەمکێ هەر شوکرانەی ئەم ڕەحمەی خوایان دەکرد کە ئەم

هەڵەی ڕەخساند.

لە قسەکردندا دەرکەوت ئەفەنیەکە برای مدیری ناحیەیە و بۆ سەردانی چوون، ئیستا دەیەوێ بگا بەدەوامی دایەرەدا، بۆیە وازوو کەوتوونە ڕێ.

ژنەش زوو زوو ئاوڕی دەدایەوەو لە مچەی دەڕوانی، دوایی بەبەزەییەوە پرسی:

– باشە ئەمە کەی پێوەی داوە؟ خۆ ڕەنگی پێوە نەماوە.

حەمکێ گورج وتی:

– چوار ڕۆژە، وتمان بەشکم بەداو و دەرمانی خۆمان خۆشەوەبێ کەچی ئاوا زەیف لێ ستاند.

بەدەم لیخوڕینەوە مێردەکەی هەڵیدایە:

– ئاخر باوکم بۆ ئەقڵتان نییە، تاکەی بڕوا بەم پڕوپووچانە دەکەن؟ بۆ هەر زوو بەزوو فریای شارتان نەخست، یان بتان بردایەتە ناحیەو چارێکی بکرایە.

– بەخوا ئیتر بڵێم چی قوربان، هەڵبەت خوا وای ڕازی لە سەر بووە.

– خوا خوا، بەقوربانی بم، بابە خۆ خوا نەیفەرمووە ئێوە بەدەستی خۆتان ژیانتان تاڵکەن... برام خەستەخانە و دکتۆر و دەرمان ناشەرعی نین.

ئوتۆمبیلەکە بەتیژی دەڕۆیی، کابرا سەرباری ئەوەی بگا بەدەوامەکەیدا مەبەستیشی بوو ئەمانیش زوو بەزوو بگەیەنێتە خەستەخانە.

لە دوورەوە چادرێکی گەورەی سپی بەدەوریدا دیوارێکی وشکە کەڵەک هەڵچنرابوو؛دەرکەوت، کابرا بەمانی وت:

– ئێوە دەنگ مەکەن، خۆم تێیان دەگەیەنم کە گەیشتنە بەرەوە، سەربازێکی کڵاو سوور هاتە لایانەوە وکابرا کەوتە قسەکردن لەگەڵیدا، دەستیشی برد لەباخەڵی ناسنامەکەی دایەو دوایی وادیاربوو باسی ئەمانی بۆ دەکرد خێرا خێرا بەدەم قسەوە ئاوڕی بۆدەدانەوەو سەربازەکەش تەماشای دەکردن و ئیتر داوای شتێکی کرد.

کابرا سەری دانەواندو ڕووی کردە حەمکێ و پرسی:





– هەویە، دەفتەر شتێکتان پێیە.

– ئا ئا... ئەیچۆن.

گورج بەپەلە پڕوزێ دەستی بەباخەڵیدا کرد و دوو دەفتەری دایە دەست عەسکەرەکە. ئەویش ماوەیە ئەمدیوو ئەودیوی کردن و دانیەوە دەستی و ئیشارەی کردن کە بڕۆن.

لێرەوە شارە؛ هەمووشت بەسەنگ و پێوانەیە، قسەو باس زۆرە، کردار لەبەر چاوە و خەڵکی ئەندازەیان بۆ هەموو شت داناوە، حوکمەت و پیاوەکانی باڵادەستن، ڕەوتی ژیان و ڕواڵەت بەپێی ڕۆژ لە گوڕاندایە، بەتیژی و ئاشکرا نەک وەک لای ئەمان کە ڕەوت و ڕواڵەت وەک کیسەڵ دەجووڵێ.

کابرا نیازی خەستەخانەی بوو، بەڵام حەمکێ لە مچەی پرسی کە ماڵی خوشکەزاکەی کوێ کەوتووە؟... بەمەدا زانی نایانەوێ ڕاستەوخۆ بچنە خەستەخانە، دوای گەڕانێکی کەم لەکۆڵان و جادەکاندا... لەسەری کۆڵانێکدا کە دەرنەدەچوو وەستان.

– ئەوە ماڵی محەیە.

مچە لەشووشەکەوە ئیشارەی بۆ دەرگەیەکی تەختە کرد لەوسەری کۆڵانەکە.

بەرلەوەی دابەزن حەمکێ دەستی بەباخەڵیدا کردو بەکابرای ئەفەنی وت:

– توخوا کاکە گیان ئەزیەتمان زۆردای... چەند دەفەرمووی؟

– ئەوە چییە. پارەی چی؟ کوڕە کاکە هیچ ناکاو خوا حافیزتان بێ... من چیم کردووە، بەڵام زوو ئەو داماوە بەرنە خەستەخانە.

لەمەدا ئافرەتەکەش کەوتە قسەو سەرزەنشتی حەمکێی کرد کە پارە چۆن وەردەگرن... ئەویش ئامۆژگاریکردن کە تازووە بیگەیەننە خەستەخانە.

حەمکێ مچەی کردە کۆڵ و دوعاخوازی لێکردن و بەرەو دەرگە تەختەکە هەنگاوی قورسی دەنا.

***

لەسەر کانی، مامۆژنە فەیمە لە ئاوپیاکردنی دواپارچە فافۆنەکانی بۆوەو مەنجەڵە مسەکەی نا بەپلووسکەکەوە و پڕی کرد... ئاوڕی بەلای (خاوەر)ی ژنی (وەسمانە درێژ)دا دایەوە و قسەکەی بۆ تەواو دەکرد:

– جا لەدەوری سەرت گەڕێم، شەوگار کردی و من کردم... کوێراییم دایە و لالبم... نەمزانی کام مردوو بوو گۆڕەوشار دەدرا، هەرچەن هاواری دەکردو دەلالایەوە... دەنگی دەچووە عەرشی عەزیم.

بە چمکی لەچکەکەشی چاوەکانی سڕی و هەردوو دەستی کردە حەواو پاڕایەوە:

– ئۆهـ خوایە ڕەحمەمان پێبکەی لە عەزابی قەبر، ئاوا زەلیلمان نەکەی... کچێ بەخوا خۆم نەگرت لە کونەکەوە تەماشایەکیشم کرد، هیچم نەدی لە تۆپەڵێ گڕی شینباو نەبێ بەحەوادا چوو.

خاوەر گورج قسەکەی پێ بڕی:

– خۆبەتی... ئەوانبوون، گۆڕەوشارەکەیان داوەو چوونەتەوە بۆ عەرش، کچێ دادە فەیمە عالەمەکە خراپە و خوا ناناسن... خوایە تۆبە.

یەک دوو دەستەکچیش کە لە چرپە و تریقانەوەدا بوون و بەدەم جلشوشتنەوە کەوتبوونە دنیای خۆیانەوە، جار جار بەسەر سوڕمان و بێدەنگیەوە گوێڕادێری قسەکانی مامۆژنە فەیمە و دادەخاوەر دەبوون، (میمکە سەفێ)ش کە بەشانە دارەکەی خەریکی پرچ داهێنانی بوو، تا ئەوکاتە متەقی لە خۆبڕیبوو قسەی نەدەکرد، لێرەدا ئیتر شانە دارەکەی کرد بەجامە ئاوەکەی کۆشیدا و هێنای بەئەگریجە سپیە بەفرینەکانیداو لۆمەی کردن:

– کچێ دەبیبڕنەوە و چیتانە بەسەر ئەوکارانەوە، ئەوانە بۆ ئێمە نییە باسیش کەین، چەتیو فەیمە نەخەڵەتابی شەوێکی کە بڕوانیتە ئەو سەر قەبرانە... خوایە تۆبە و لێیان مەگرە، نەفامن.

مامۆژنە فەیمە بەکوڵ و قوڵپەوە قسەکەی سەندەوە:

– میمی گیان، جا توخوا من حەدم چییە خۆم لە قەرەی ئەو شتانە بدەم،





ناشوکری نەبێ لەوەتەی جوانە مەرگە چۆتە جێی هەقی خۆی، ئەو دایکەت کوێربێ... بۆ شەو خەو لە چاوم دەکەوێ؟. ئێ ئەو کلۆڵە لێشی جێماوە سەرباری هەمووی، بەخوا شەوگار هەر بەدیاریەوەم... یاخوا دوژمنیشم بەجەستەی من نەبێ، کافریش سکی نەسووتێ.

– خوا گەورەیە، ڕۆڵە خواگەورەیە، شوکرانە بژێربەو چارچیە.

کە میمی ئەم دڵدانەوەیەی دایەوە ئیتر مامۆژنە فەیمە قاپوقاچاخەکانی کۆکردنەوە و مەنجەڵە ئاوەکەشی نا بەسەر تەوقی سەریەوە و بەرەو دەرەوەی کەڵەکی کانییەکە ڕۆیی.

حەمە، دەمە و عەسرێکی درەنگ لەسەر بانەکەی کای ناو ڕەشکەکەی بەسێ لکێ لەبەرەوە بەکلاورۆژنەکەدا دەکردە خوارێ بۆ ناو کادینەکە، زوو زوو بەتیلەی چاو لەمـلاو ئەولای دەڕوانی، هەروەک تاوانێکی کردبێ و لەترسی ئەوەدابێ کەسێ لێی بەئاگا بووبێ.

لەسەربانی مزگەوتەکەوە کەپشتی بەڕێگاکەی ئەولا ئاشەکەوەبوو، خەلیفە بەشێنەیی سیغارێکی دەپێچایەوە و قسەشی بۆ (فەقێ عەبدوڵلا) دەکرد، هەرکە حەمەی مەیتەری چاوکرد، ئێستێکی کردو بەپەلە تورەکەکەی پێچایەوە و کردی بەقەبرغەیداو وتی:

– فەقێ عەبدوڵلا نەجوولێی، هەر ئێستا دێمەوە لات، وابزانم ئەوکایە تەڕە وا حەمە دەیکاتە خوارێ.

بەپەلە هەستاو بەرەو ئەوێ ڕۆیی، فەقێش لە شپرزەیی خەلیفە سەری سوڕما، لەبەر خۆیەوە وتی:

– دەبلێی کلۆڵ چیتە بەسەر کاری ماڵی ئاغاوە، تەڕە با تەڕبێ خوای دەکرد درزی... بۆکێی دەکەی؟

فەقێ (ئەیووب)ی هاوڕێی لەولاوە لەسەر باگردێنی سەربانەکە دانیشتبوو، (گوڵستان)ەکەی سەر ڕانی داخست و وتی:

لێی دەخوا، تۆ چوزانی تا لەوەڕەکەی پاکژ نەبێ ئاوا خەلیفەو مەلا عومەری خۆمان بەپەرۆش دەبن بۆی؟

– بەسیە فەقێ ئەییوب، بەسیە، هێند لە ئاست مەلا عومەرا توندی بۆیە چارەی ناوێی.

– مـەلا عـومـەر کـراوە بەمـەلا، ئەگین چۆن مـەلایەتی ڕاست وا دەبێ، منیش واجبمە بەربەستی چەوتی وخواروخێچییەکانی بکەم، ألساکت عن الحق...

– شـیطان أخرس... ڕاستـەکـەیت، بەڵام بەخـوا بەمن و تۆ چاک نـابێ، هەروا ڕایکێشاوە.

– نابێ و ناکرێ، ئەو پیاوی خوایە و مەلای دێیە، دەبێ لەهەموان زیاتر پابەندی شـەرعەکە بێ، بڕوانە مەلا خالید لە ناحیە... سێ مانگ لەشار گرتیان لەسەر کەلیمەیە. ئێستاش بەدەمیا نەهات.

– ناوی ئەوت هێنا... نیازمە بۆ (جەمع)ەکە بچمە لای ئەو، چۆنە.

– زۆر چاکـە، سێ (موستـەعـید)ی تری لەلایە، لەم ناوە بۆ (جـەمـعل جەوامیع) مەلای تری وەک ئەو نییە.

ئەوەی هامشۆی مزگەوتی بکردایە، دەیزانی نێوانی مەلاو فەقێ ئەییوب هەمیشە ئاڵۆزو گرژ بوو، ئەم وەک گەنجێکی حەزبەزانست و خوێنگەرم بۆ پەیڕەویی ئایینەکەو مەلاش وەک مشەخۆرێکی چاوبرسی... ئەمە نێوانیان بوو.

فـەقێ ئەییـوب لەلای خـەڵکەکەش هێند خۆشـەویست بوو هەر بەمـەلا ئەییـوب بانگیـان دەکـرد... ئەمـەیان هێندەی تر مـەلا عـومـەری لێ پەست کردبوو.

خەلیفە خەمی کای تەڕو کادینەکەی نەبوو، هەرکە گەیشتەلای حەمە:

– حەمە ماندوو نەبی.

– خوا سەلامەتت کا خەلیفە، دەستەکانت ماچ دەکەم.

– ڕاوەستە حەمە، ئەوە تۆ چی دەکەی؟

– بۆ؟. ئەی نابینی کایەک دەکەمە ناو کادینەکەوە؟!

– کوڕە ماڵکاول ئەو جێگەو ڕێگەیەی مچەتان لابردووە؟





دەجارێ ئەو سیپاڵ و شیتالانەی دەرکەو قاپوقاچاخ و گۆزەڵە ئاوەکەی لابە، تا سبەی گۆبەندێکمان بۆ نەگێڕن.

– ئا بەخوا ڕاست دەفەرمووی، بەزاتی خواهۆشی ئەو شمەکانەم نەبوو... کوڕە بابە ئەو سەگبابە نەگبەتە هۆشی لانەهێشتووین، ئیشەکەی تێکداو ملی شکاند، خۆی دوورەوە کەوت و سەرئێشەو دەردیسەریەکەشی بۆ ئێمە جێهێشت.

– بۆ. هیچی تازە بووە؟!

– ئەی چۆن، هەرکە ڕەوانەمکردن، یەکەوڕاست بەرەولای خەرمانەکە چووم، لەوێ تووشی (عەلی میمکەپەزێ) هاتم، قسەی بۆ دادە ڕێحان دەکرد، گوایە (شێخ نەجمەدین)ی کادێر بەپێوشوێنی کوشتنەکەی سۆفیەوە هاتووە، ئەمشەو لەماڵی ئەوانبوون و وابزانم ئێستەش هەروان لە ئاواییدا. کوڕەبابە ئەم شتە گەورە دەبێ، کوڕەکانی سەر بەشۆڕشن و پشتیان قایمە.

خـەلیـفـە هەر گـوێی دەگـرت و چاوەکـانیـشی زەق دەچوونەوە، ڕیپـۆقـە سپییەکەی قنچکەکانی وشک ببۆوە... دەمی ببووە تەڵەی تەقیو، سێ جار دەیویست سیغارە پێچراوەکەی بنێتە دەمی دارجگەرەکەی، هەر دەکەوتەوە کۆشی، دڵی کەوتە پەلەپەل و ئەملاو ئەولای ناوچەوانی قورسبوون مـتەقی لەخۆ بریبوو.

(ئەم کاسەیە بێ ژێرکاسە، نییە، ئەی چۆن ئەمان نەیانزانیوە کە شێخ نەجمەدین هاتووە؟ کوڕە ئەی چۆن نەیانزانیوە کە کوڕانی سۆفی لەلای شۆڕش شکاتیان کردووە... بۆیە ئاوا لەگەڵ قۆمیسەرو معاون و ناحیەدا سارد بوون...)

– خەلیفە، ئەوە چیە ئاگات لەمنە؟

خەلیفە لە بەحری خەیاڵاتدا هاتەدەرو ڕووی کردە حەمە:

– ئا ئا، حەمە. دەتۆ چیم پێ وتی وابکە و منیش بزانم ئاغا نابینم.

کە هەستایە سەرپێ و لای کردەوە، فەقێ عەبدوڵڵا قوڵینە نانەکەی بەبن دەستەوەبوو، لەبن بانیژەکەی ماڵی ئاغادا وەستاو... خونچە بەنانێکەوە

بەرەوپیری هات و یەک دوو قسەی لەگەڵ کرد، نانەی دایە دەست، فەقێ نایە ناو قوڵێنەکەو بەزەردەخەنەیە جوابی داوە: ئیتر ڕۆیی.

مێشکی خەلیفە بەشتی گەورەتر لەمەوە خەریک بوو، بۆیە هەر گوێشی پێ نەداو بەپەلە لە حەمە جیابۆوەو چووە خوارێ.

حەمەش سێ لکەکەی داناو چوو بۆ کادینەکەی ماڵی خەلیفە، تا ئاسەوارەکانی ساتە پڕ لە سوێ و ژانەکانی مچە نەهێڵێ.

***

(مەحە سوور)ی خوشکەزای مچە پیاوێکی تابڵێی نەگبەتی سە ربەگۆبەند بوو، دڵساف و نیەت پاک، شتەکانی وەک خۆی وەردەگرت، پێچوپەنای نەبوو، بەڵام لە دواییدا بەگێچەڵ و دەردیسەری بۆی دەکەوتنەوە.

ئەمجۆرە کەسانەس لەسەردەمێکی ئاوادا هەمیشە تووشی گێچەڵ و بەزمی کەسانی زۆرزان و دەسبڕو لاسار دەبن...

دواجاریش هەرچەند لەتەمەندابن و کارەساتی ڕۆژگاریان بەسەردا هاتبێ... کەچی وەک تاوێری لاپاڵ سێلاو تلیان دەداو چەشنی پیرەداری ڕەگ ڕۆچوو تۆفان لەبێخی دەردێنێ.

کە باوکی لەو هەردە داری دەبڕی تەوراسێکی داوەشاندو ماڵی بەقولەپێی خۆیداو دایهێنا. هەر ئەوە بوو ئیتر زەیفی لێ ستاندو لێی پیس کرد و ئێوە خۆش.

مەحە دوای ساڵێ عەسکەری تەواو کردو هاتەوە، دایکە پیرەکەی هەڵگرت و چووە ناحیە، لەوێ بوو بەسەقای سەراکەو لە کانیەکەوە بەتەنەکە ئاوی کێش دەکرد، مانگی هەشت دیناری هەبوو، یەک و ڕوبعێکیش لەماڵی مدیر وەردەگرت؛ چونکە لەدوای نیوەڕۆوە ئاویشی بۆ ئەوان کێش دەکرد... ئیتر ئاوا مایەوە تا دوو ساڵ، دایکە کلۆڵەکەشی بوو بەساقەی تۆ.

مەحە لەژێر باری تەنەکە ئاودا ئەملاو ئەولای ناوشانی دەتوت دیواری





(ئەشکەوتە کەر)ی لای خۆیانە، کە ساڵ دووازدەی مانگ چۆڕ چۆڕ ئاوی پیادەهاتە خوارێ، ڕۆژانە شانی ڕاستی بەرەوخوار شەلالی ئاو بوو، شەوانەش لەتاو بروسکەی ئێش و ئازاری سێ بەندەی حاڵی نەبوو، جا وازی لەوکارە هێناو بەتەماعی کاری باشتر لەسەر قسەی دۆستێکی ڕووەو بەغدا ڕۆیی، لەوێ بووە شاگردی ئوتێلێکی بچووک لە پەتایەکدا، ڕۆژێ بۆ کارێکی خاوەن ئوتێلەکە بەسەر جادەی ڕەشیدا دەڕۆیی، کابرایەکی گرگنەی سەر ڕووتاوەی لەپشتەوە چاوکرد، ورد ورد دەڕۆیی و جار ناجارێ لایەکی بۆ جامخانەی دوکانەو موغازەکان دەکردەوە و دەیڕوانیە شمەکەکانی ناویان؛ وایزانی (پۆلسە کوێر)ی سایەقی لای خۆیانە و پێی هەڵگرت تا نێزێکی بۆوە، دەستی ڕاستی بەرز کردەوەو تاهێزی تیابوو شەپازلەیەکی ماڵی بەپشتی ملی داو بەگەمەوە وتی:

– پۆلە... دەبخۆ ئەوە هەقی شەپازلەکەی پار زستان.

کابرا ئاوڕی دایەوە، بەڵام دەمو دەست ڕەنگی پەڕی و وەک زەعفەرانی لێهات و نیوەمردوو یەک دوو ورتەی لێوەهات و... کەوت.

پۆڵس نەبوو!!

خەڵک و خوا کۆبوونەوە و (مەحەسوور) یان گرت و لەگەڵ کابرای نیوەگیان پۆلیس بردنی.

سەرەنجام مەحە شەش مانگ بەندکراو چی لەلای خاوەن ئوتێلەکە کۆکردبۆوە لەمانگانەی خۆی و شاگردانە و بەخشیش... هەمووی لەم بەزمەدا داناو چۆن هاتبووە بەغدا ئاوا لێی دەرچوو و هاتەوە شار... لێرەش ناسیاو و خزم هەوڵیان بۆداو بەپاسەوانی مەکتەبێکی کچان دایانمەزراند.

بەرۆژ هەرکارێ ببوایە دەیکردو بەشەویش لەو مەکتەبەدا دەبوو... ئێوارەیە کابرایەک بەجەڵەبێکی بیست سەریەوە بەوناوەدا تێبەڕی، مەحە کورسییەکی لەبەرقاپی مەکتەبەکەدا دانابوو و قنج لەسەری دانیشتبوو، کابرا لەگەڵیدا کەوتە قسەو دوایی ڕێککەوتن کە ئەمشەو ڕێگای بدات بزنەکانی بکاتە ژوورێکەوە و خۆشی لای ئەو تا بەیانی بنوێ، بەیانی زوو

دەیانباتە مەیانەکە بۆ فرۆتن.

ئەوشەوە بەقسەی خۆش و دەمەتەقێ پێکەوە بردیانە سەر.

بەیانی شەبەقی کابرا دوای نوێژکردن بزنەکانی بردوو دە ڕوپێیشی دایە، محە پێویستی بەو پارەیە بوو، ئێ خۆ هیچ نەبووە، دەستی بەگسکدانی ژوورەکە کردو پشقل و ڕیخەکانی کۆکردەوە، بەڵام بۆن و بەرامە و جێ میزەکانیان نەدەشاردرایەوە، پەنجەرەکانی خستە سەرپشت و یەک دوو سەتڵ ئاویشی کرد بەناو ژوور و نێوان کورسی مناڵەکاندا.

کە دەوام دەستی پێکرد، مامۆستا و قوتابی ئەوژووره کاسبوون، کارەکە ئاشکرابوو و شت کەوتە ڕەسمیاتەوە، لەسزای ئەمەدا دوای سێ ڕۆژ گواسترایەوە بۆ قوتابخانەی ناحیەیەکی دوور لەشار... ناچار دەستی لەمەش هەڵگرت و بووە شاگرد چایچی.

چاخانەکە لەنێوەندی دوو ڕاستەجادەی ناوەڕاستی شاردا بوو، بەحوکمی جێگاکەی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێواران جمەی دەهات، ئەو سەربازانەی دادەبەزین و لە شوێنە دوورەکانی شارەوە دەهاتنەوە، شوێنی دانیشتنیان ئەوێ بوو، سیخوڕو ئەمن و زۆربەی فەرمانبەرە عەرەبەکانیش هەر لەوێ دادەنیشتن.

محە لەگەڵ زۆربەیاندا ناسیاوی و دۆستایەتی پەیدا کردبوو؛ (عەریف چخێور) کە ببووە دۆستی و جارجار کە دەچۆوە سەر لە ماڵ و کەسی بدات، ئەو شمەکانەی دەیکڕین بۆ دیاری، لای ئەم دایدەنان تابەیانی زوو دەیبردن.

لەو سەریشەوە جارێکیان نیوتەنەکە خورماو کونجییەکی نایابی بۆ هێناو ئیتر برادەرایەتیان گەلێ خۆشبوو.

ڕۆژێ دەمەو عەسرێکی درەنگ کابرایەکی سەروکەللە زلی ڕەشی لچولێو ئەستووری کونەلووت فش خۆی کرد بەچاخانەکەداو هەواڵی عەریف چخێوری پرسی، محە تێی گەیاند کە دانیشێ و هاکە پەیدا بوو. کابرا دانیشت و مچەش گورج چایەکی خستە بەردەم و بەخێرهاتنی کرد، نەدەبوو





لەمە زیاتر بلێ و بوەستێ، چونکە (خاڵە عەبە)ی خاوەن چاخانە لە شوێنەکەیەوە لەسەر کورسیەکەی لای دەرگەی جامخانەکەوە بەلاچاو خێسەیەکی ئاڕاستە دەکردو ئیتر تێی دەگەیاند کە بڕوات بەلای کاری خۆیەوە.

دوایی دەرکەوت کە ئەم گرگنە کەللەیە (طارش کزار)ەو لە دایرەی ئەمندا ڕوتبەی (نایب عەریف)ە و لەو خوارانەوە گواستراوەتەوە بۆ ئێرە.

ئابەمجۆرە محە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ قاچی دەئاڵا لە تۆپەڵێ تەلی دڕکاویەوەکە ستەمە بتوانێ دوایی ڕزگاری بێ لێی... بەهۆی ئەمانەوە دەستی لەهەندێ کارو باردا تێکەڵ کرد کە لەڕاستیدا کاری ئەو نەبوون.

هەر بۆ نموونە ڕۆژێ عەریف چخێور داوای لێکرد کە جار جار ئەوانەی گومانیان لێ دەکرێ و سەری چاخانەکە دەدەن هەر بەئیشارەیە پێنیشانیان بدات، یا چاوە دێرییان بکات، لەمەوە هاتنە سەر ئەوەی کە ئەگەر هەواڵێک یا دەنگ و دویەکی وایان بۆ ببات کە خێری حوکمەتی تیادابێ ئەوا ئەوانیش نایەڵن ئەزیەتەکەی هەروا بەفێڕۆ بڕواو شتێ پارەی دەدەنێ!!

(هەرباشە، لەپەنا شاگردانە و ڕۆژانەی چاخانەکەدا ئەمەش خوا نەیبڕێ... ئیتر یەکلا دەبێتەوە و دەتوانێ ئەو بێوەژنەی دراوسێی ماڵی وەستاشی بخوازێ و بۆخۆی ماڵێ پیکەوەنێ... وەک ئەم عالەمە.)

(ئافتاو)یش بێوەژنێکی جوان و لەبارو خڕوخەپان بوو، لەو وڵاتەی خۆیان ڕەدوکەوتبوو و لەگەڵ پیاوەکەیدا هاتبوونە شار، زۆری نەبرد کەسوکارەکەی پیاوەکەیان کوشت و ئەم لە ماڵی پوورێکی هەر لەشار مایەوە.

دراوسێی ماڵی خاڵە عەبەی چایچی بوو، زوو زوو خاڵە دەیدا بەگوێی محەدا کە:

– دەڵێی چی ئافتاوت بۆ بخوازم... کوڕە محە لە کیست دەچێ... ئەو غەزو بەزەت بۆ نابێتەوە.

– خاڵە ژنی چی، لە کوێم بوو ماڵ پێکەوەنێم.

– ئای گەوجە، خواکریە... ئیمامی زامن دەڵێ لە تۆ هیممەت لە منیش بەرەکەت.

خاڵە عەبە سەروسمێلی ڕەش دەکردەوە، تابڵێی دڵتەڕو پۆشتەبوو، لەگەڵ ئەوەی هەشت منالّی هەبوو، کەچی هەر بۆی بلوایە شەرلواڵپیسی دەکرد، یەک دوو کەرەت لە دالآنەکەی خۆیاندا ڕێی بەئافتاو گرتبوو، بەلاّم ئەو کارئاسکێکی سرکبوو، بەو ئاسانییە خۆی نەدەدا بەدەستەوە... لەوە زیاتر کە دەستی بەر سینگ و بەرۆکی دەکەوت ئیتر هیچی تر. وەلحاسڵ خاڵە عەبە دەیویست لەڕێی محەوە ئەمیش شتێکی چنگ کەوێ... خۆ سوێی ببووەوە، جار جار لای (فاتم)ی ژنی دەیوت:

– کوڕە ئافتاو گرتکە گرتک، وەی بمرم بۆی.

– هەزار جار بمری، کوڕە عەیبە عەیب، بەکچت دەشێ.

– هەیهو... بەزمەکەیە، ئێ خۆکفرە پیاو بەشتی جوان بڵێ جوانە... ئەرێ فاتم ئەوە ژن بۆ وا خۆش باوەڕن؟

– ئاخر دەتناسم، مەگەر هەرخۆم بزانم تۆ چیت.

خاڵە بەدەم پشتێن بەستنەکەیەوە پێی بەپێڵاوەکانیدا کرد و بێ ئەوەی نقە بکات چووە دەرەوە.

زۆری نەبرد محە بووە مێردی ئافتاو، ژێرخانەکەی ئەولاتر کە لەتەک ئەوەی پووری ئافتاوەوە بوو گرتیان و لەوێ دەژیان. بەیانی زوو محە دەردەپەڕی بۆ چاخانەکەو شەوان دوای بانگی خەوتنان دەهاتەوە، جار جار نیوەڕوان بۆ سەعاتێ سێ چارەک دەهاتەوەو، هەر بەسەر پێوە نانێکی دەخوارد، خاڵە عەبەش پێی لێ نەدەبڕین و خۆی وادەردەخست کە وەک باوکی محەیە؛ ئافتاویش ماڵی ئەوانی بەماڵە خەزوری دەزانی!

بەلاّم حەز و چلێسی خاڵە بەرۆکی بەرنەدەدا و هەر هەلێکی بۆ بڕەخسایە دەستێکی دەگەیانێ، ئافتاو هەر جارەی بەبیانوویە خۆی لە چنگی دەرباز دەکرد، ئەویش هەر جارەی جۆرە دانێکی بۆ ڕۆدەکرد بەقسەیە تەفرەی دەدا.

ئیتر تا ساڵێکی تەواو لە دەستبازی و پارەکێشانەوە زیاتر ئافتاو





نەیدەهێشت چی دی وەدەست بێنێ... بەلاّم وا ساڵ تێپەڕی و هیچ دیار نەبوو؛ محەو ئافتاو بەعەزرەتی منالێکەوە بوون، بەلاّم نەبوو، هەر چەند پوورەکەی هەولّی بۆدان و خۆیانیش هەر خەریکبوون... بێ سوود بوو.

ئائەمە دەلاقەیەکی لەباربوو بۆ خاڵە عەبە کە لێیەوە بچێتە ناو ئەو باخ و باخاتە تەڕو جوانەی ئافتاوەوە. لەملاشەوە محەی کلۆڵ عەریف چخێوری ڕاسپارد کە ئەمجارە لەبەغدا دەرمانێکی بۆ بێنێ، ئەویش گفتی دابوویە و هەتا پێشی وت: کە هێنام خۆم دێم و بەبراژن دەڵێم کە چۆن چۆنیی بەکار بێنێ!!

لە ڕێگای هاتنەوەی ئوتۆمبیلەکە دەکەوێتە بۆسەیەکەوە و عەریف چخێور دادەگرن و دەیبەن... وەک بەردێ بهاوێتە گۆمێکەوە، ئاوا بێ دەنگ ڕۆیی... بێ سەروشوێن.

محەش هەر دەهات و دەچوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– ناوچەوان کە نەیهێنا نایە، بەختی ڕەشی من عەریف چخێوریشی هەڵلووشی و بەدەرمانەکەوە بردیان.

خاڵە عەبە پێدەکەنی و بەپشتا دەکەوت و دەیوت:

– هەتیو ئەوەندە شوومی سەری ئەویشت خوارد، دە ئەمجارە طارش ڕاسپێرە... بەشکم ئەو بیهێنێ!!

محە دەنگی نەکرد، بەپەستی و حوجەجەتەوە پڕی کرد بەکاسایەکی سەر تەپڵەکێکی نیزیکیەوەو بەرەو لای وەجاخەکە بۆوە. منالە بۆیاخچیەکە پێڵاوەکانی خاڵەی هێنابۆوە، لەوەدا بوو لەپێی دەکرن، سەری دانەواند بوو؛ یەکێ سلاّوی کرد، هەر بەدەم قەیتان بەستنەوە سلاّوەکەی سەندەوەو ڕوانی کابرایەکی لادێییە.

– بەبێ زەحمەت کاک محیەدین لێرەیە؟

– بۆ چیتە؟

– من خزمی ئەوم، هاتووم بۆ لای.

خاڵە لای بۆ ژوور و کردەوە و بەتەوسەوە بانگی کرد:

– کاک محیەدین، کوڕە محەسوور وەرە.

رویشی کردە کابراو داوای لێکرد کە دانیشێ و:

– خێرە... تۆ چی ئەوی؟

– پشت بەخوا خێر دەبێ، ئەوە خاڵی کاکە محەمان هێناوە، ناساغە، وا لەماڵەوە.

هەرکە محە گەیشتێ رووی کرایەوە و دەستی خستە ناو دەستی حەمکێ و بەخێر هاتێنکی گەرمی کرد، نەوەستاو:

– دانیشە با چایەکی جوانت بۆ بێنم.

خاڵە لەسەر کورسیەکەی خۆیەوە پاڵی دایەوە و پرسی:

– ناساغی چیە، چ خێریەتی؟

– بەخواچیت عەرزکەم... سێ چوار رۆژە لەو هەردە تەوارس دەوچووە و داویە لە ئەژنۆی خۆی، وامانزانی لای خۆمان خۆشەوە دەبێ، کەچی فایدەی نەبوو. ئیستاش زەیفی لێ ستەندووە و هێناومانە بیبەین بۆ خەستەخانە.

– جابۆ زووتر نەتانهێنا، کوڕە بابە ئەو شتانە لە لادێ چۆن دەکرێ. وا دیار بوو خاڵە هێند مەبەستی نەبوو، بۆیە رووی وەرگێڕاو چاوەڕوانی زیاتری نەکردو بەسەر شاگردێکیدا نەڕاندی کە بچێ ئەو بۆشانە کۆکاتەوە.

حەمکێ بەدەم چا خواردنەکەیەوە خەبەرەکەی دا بەمحە، ئەویش هەستاو بەرکۆشەکەی لە خۆی کردەوە و ئیزنی لە خاڵە خواست و ڕۆیشتن.

لەماڵەوە محە تاساوشپرزە بوو، لەو حاڵەی خاڵی تیادا بینی و لەو ڕەنگ و رووەی هەیبوو، بەڵام گورج دەستی کردە ملی و توند بەخۆوەی نوسان و بەکوڵ گریا، زۆر گریا هەتا ئەویشی هێنایە گریان... ئافتاویش یەک دوو کورکەی لێوەهات و چاوی سڕی.

– من بزانم وا نییە.

– یانی چی؟

– ئەمە جێی تەوراس نییە... بۆ ڕاست ناڕۆن.

حەمکێ ڕوانیە مچە، بەچاو دەیپرسی کە بڵێ چی؟





مچە پاڵی دایەوە و یەک دووجار کۆکی، کۆکینێکی پڕ لە ئازار و ئێش.

– هەرچی بێ، قوڕ بەسەرییە و هاتووە، ئەگەر هەر ئەو رۆژە بهاتایە ئێستا ئاوای لێ نە دەکرد.

محە لەوەتەی برینەکەی دیبوو؛ ئەژنۆی شکابوو، پڕبە دڵ بەزەیی بەخاڵیدا دەهاتەوە... فرمێسک و قوڵپی گریانی هەر نەدەنیشتنەوە:

– داماو ئاخۆ چەند ئازارت چەشتبێ، بێ کەس و بێ دەر، چەندم وت کاولیکە و وەرە شار، خوا پارویە نان هەردەدا و لە برسان نامری... دەستم شکێ.

***

ئەوشەوە دیوەخانەکەی ئاغا جمەی دەهات، دوکەڵی جگەرە پەنگی خواردبۆوە، هەناسە سوار ببوو، شەوق و ڕووناکی لۆکسەکە بەدەست پیرە دوکەڵەوە هیلاک ببوو، حەمە خێرا خێرا سینییە چای دەهێناو لە بەردەمی میوانەکاندا دایدەنا، گەرمیی ژوورەکە کاری لە ئاغا کردبوو، وردە تنۆکی ئارەقە نێو چاوان و سەرلووتی گرتبوو، سەر ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون، چاوە زیتە گەشەکانی بەهەر چوارلادا دەگێڕاو نەیدەهێشت هەر قسەیە ئەو بگرێتەوە،بەبێ وەرام تێپەڕێ.

گوریسی قسە سەرەکەی بەدەستی شێخ نەجمەددینی کادیرەوە بوو، ئەو کۆڕەکەی دەگێڕاو ڕاوبۆچوونەکانی بەئەندازەی تێگەیشتنی خۆی و ڕاسپاردەکانی سەروتر لە خۆی دەخستە ڕوو، دەیزانی ئاغا نەک لەم دێیەدا بەڵکو لەدەورو بەرەکەشیدا دەستەڵات و قسەی دەڕوا، ناوچەکە دۆست و لایەنگرانی شۆڕشی کەمبوون، باشترین هەل بۆ ڕاکێشانی ئاغا بەلای خۆیاندا هەڵکەوتووە...؛ ئەمان دەیانویست دێیەکە ببێتە بنکەیەکی پێشەوە،... هەر لەسەر ئەمەش بوو کەباسەکە کرایەوە، لە سەرەتادا هەندێ توند و تیژی و چاوسوورکردنەوەی نواند و ئاغای کەمێ ترساند، بەڵام گورج مامۆستا لایەکی باسەکەی گرت و تێکەڵ بەیەک دوو ئایەتی قورئان

و حەدیسی کرد؛ ئەوەی دەرخست کە گومانی بێ بناغە گوناهەو پێغەمبەریش سەلاتو سەلامی خوای لێبێ نەهی لێ کردووە.

ئاغا دەریخست کە ڕاستە سۆفی ڕەحمەتی پیاوێکی پاک و سافییلکە بوو، بەڵام خۆ ناحەزیش زۆرە و کەس لێی بێ بەش نییە... عارف بەدەمیاندا تەقیەوە و بەتەوسەوە وتی:

– وەک کێ ئاغا؟ بۆ ئێمە ئەم ناحەزانەی خۆمان نەناسیوە؟

– من ناوی کەس ناهێنم، بەڵام کوڕم، خۆتان باش دەزانن کێ دۆستتانە و کێ دوژمن.

– ئەمە ڕاستە... بەڵام دوژمن بەڕادەی کوشتن، ئەوە ئێمە نەمانبووە.

خەلیفەش ویستی بەشدارییەکی هەبێ لە داکۆکی کردن لە ئاغا، پێی بەجەرگی خۆیدا ناو وتی:

– ئەرێ کوڕە شیرینەکەم، عارف گیان، توش کاکە عەبدول خۆ هەموو دوێنێ بوو وەلی هەمزەقیت داوای خوشکەکەتانی کردو نەتاندا پێی، گوایە نازانن چ خومێ شێوا لەسەری؟!

ئەرێ برا ئێستاکێ خۆمانین... عەبدول گیان تۆ لەسەرچی لەشارەوە هاتیتەوە و وازت لە خوێندنەکەت هێنا؟

عەبدول وەک ساچمەزەن بەدەمیدا تەقیەوە و وتی:

– خەلیفە قسەکانت لەوە دەکەن خوێنەکەی باوکم ون کەن، گوایە وەلی بوو بەو پیاوەی باوکم بکوژێ؟ ئێ هاتنەوەی من چی هەیە بەسەر ئەم کارەوە، تێم ناگەیەنی؟

شێخ نەجمەددین تەزبیحە قەزوانەکەی ناو دەستی گرمۆڵە کرد و لەبەردەمیدا داینا و سەری هەڵبڕی و وتی:

– نا... کاکە عەبدول ئەمەش ڕەوایە، پیاو دەبێ هەموو ئیحتیمالێ لێک بداتەوە، ئەمە شتێکی هەروا ئاسان نییە کە دەستە چەورەکە ڕاستەو ڕاست بسووین بەسەر کەسێکدا و لاکانی تر وەلاخەین.

لێرەدا ئاغا گەشایەوە، بەهەموانیدا ڕوانی، بەڵام ئەمە زۆری نەبردو





دڵی کەوتەوە پەلەپەل... کە عارف پرسی:

– یاشێخ بۆ خاتری خوا، ئەی مچەی سەگباب چی لێبکەین، ئەو کوا، لەو شەوەوە بۆ ون بووە؟

– ئاخر ئەمەش یەکێکە لە مەتەڵەکان، مچە چی لێهات، هەر ئەو ئێوارەیە لە ناو دێدا بینراوە، کەچی بۆ بەیانی ون بوو.

ئەمجا لای کردەوە بەلای ئاغاداو پرسی:

– بەڕاست ئاغا... مچە پیاوی تۆ بوو!!

ئاغا گورج قسەکەی قۆستەوە و وتی:

– کوڕە کاکە شێخ چەند جاری بڵێم، دنیام بەدوی ئەو سەگبابەدا تەی کردووە، بەخوا ئەوە مەلا عومەر دەزانێ هەر ئەوشەوە نیازم بوو بانگی بکەم و لەم جرت و فرتەی شاری بکۆڵمەوە، بەڵام خۆ ئەوە حەمە، ناردمە دوی و ئیتر بەنان هات و بەئاو خورا، ئەملا مچەو ئەولا مچە.

شێخ نەجمەددین پشوویەکی دا و پاڵی دایەوە، وەک بەعارف و عەبدول بڵێ: ئەمە وەڵامی پرسیارەکەتان. دوایی ڕووی دەمی کردە مەجلیسەکە و وەک نوێنەری لایەکی دەسەڵاتدار بەلۆمەو سەرزەنشتیەوە پرسی:

– باشە کە شتێکی وا دەبێ نابێ خەبەرمان بدەنێ؟ کوڕە بابە حوکمەت خوا خوای کەسێکێتی لەناوماندا بیکرێ؛ ئەم کابرایە دەڵێن لەشار خوشکەزاکەی گەورەیە... هەر ئەو کڕیویە و ئاوای لێ کرد.

هەر لەو ئانەدا حەمە هاتبووە ژورەوە، بەدەم پیاڵە کۆکردنەوەوە سەرێکی بادا و وتی:

– ئم م م... محە، محە سوور بەخوا هەوێنی نۆ قازان شیرە، هەر لە شار زانیویە کاکە عەبدول چیەو چی نییە.

خەلیفەش بێ ئەوەی ڕوو لە کەس بکات، لەبەرخۆیەوە بەبەرزی بۆی تەواو کرد و وتی:

– بەڵێ؛ بەڵێ... هەروا بوو، پەنجەکانی هەڵوەرێ بەخوا هەر بەدوایەوە بوون. باسەکان لکی زۆریان لێدەبۆوە،... بەڵام بێ ئەنجام، هیچ

ڕاوبۆچوونی تاسەر نەدەگەیی، عەبدول و عارف هەر لە چاوی ئاغایان دەناسی، شێخ نەجمەددین ئەوەندە لەگەڵیان بوو تا ئاغا والیێ بکات مل بدا و بێتە ڕیزەوە، ئاغاو دەوروبەریشی چڵپاوەکەیان دەدا بەڕووی مچەدا کە ڕایکردۆتە شار.

کە میوانەکان هەستان، شەو زۆر درەنگ بوو، ئاغا تاسەر جۆگای ئاشەکە لە تەکیاندا بوو، خێرا خێراش خولقی شێخ نەجمەددینی دەکرد کە لەلای بمێنێتەوە... ئەویش دواجار ئاورێکی بۆ دایەوە و وتی:

– ئاغا... بەشکم ئەگەر بۆت کرا جومعە سەرێکمان لێ بدەی لەودیو.

خەلیفە و مەلا عومەر و حەمە ترسان، عەبدول و عارف لە یەکتریان ڕوانی و سەرسامبوون، بەڵام ئاغا ئەودیوی قسەکەی دەبینی و دڵی کورکەی بۆ نەکرد، بەگەرمییەوە وتی:

– کارم چیە... بەسەر چاو، جومعە لەلاتانم.

ئاغا شتەکەی لە موعەمادا هێشتەوە، لای کەس ئەوەی دڵی نەدرکاند، هەرچی دەوروبەریشێتی بەگومان و بەزەیی و ترسەوە لێیان دەڕوانی.

لەماڵی سۆفی فەوحوڵلاش عارف و عەول تادرەنگانێ لەگەڵ شێخ نەجمەددینی کادیردا خەریکبوون کە سەد دەرسەد باوکیان بەفیتی ئاغا کوژرا و پیاوکوژیش هەر مچەیە، ئەمە ڕاستییەکی نەگۆڕ بوو لەلایان، هەر دەیانوتەوە، شێخ نەجمەددینیش تارادەیە بۆ ئەمە چوو بوو، بەڵام ئەو جێ پێیەی دەیانویست لەو ناوچەیەدا بیکەنەوە ئاغای پێویست بووە، بۆیە ئەو زیاتر دەچوو بەلای ئەوەی کە ئەمە دەستی پیاوانی حوکمەتەوە دەیانەوێ باری ناوچەکە ئاڵۆزکەن و لایەنگرانی شۆڕشی پێ تەمێ کەن. بۆ بەیانی ئاغا بەشەوق و زەوقێکی ترەوە بەناو دێدا ڕەتبوو، حەمە هەر زوو دەرپەڕیبوو بۆ لای خەرمانەکە، خەلیفەو مەولەش دوی کەوتبوون.

ئاغا سەرێکی لە ماڵی مەلادا و پێکەوە سەرەوخوار بوونەوە بەرەو لای مزگەوت، مەلا بەرێگاوە هەر دڵی لەلای ئەوە بوو کە: تۆ بڵێی ئاغا مەسەلەکەی لەبیر مابێ یان نا؟





بۆیە کە پێیاننایە حەوشەی مزگەوتەکەوە مەلا هەستی کرد چوونە جێیەکەوە زیاتر پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە، هەر چەند ماڵی خوایەو یەک دوو هەڵەوەڕی قسەزلی وەک فەقێ ئەییوب و فەقێ عەبدوڵڵا جار جار پێشی لێ دەگرن، بەڵام ئەم خۆی جێگاکە دەبا بەڕێوە،... مەلا لە مزگەوتەکەیدا زیاتر هەست بەدەسەڵات و قسەڕۆینی خۆی دەکات وەک لە جێیەکی تر. ئاغاش بەوەی لە دڵیدا بوو گشت گیانی پێدەکەنی، وای دەزانی ئەوبارە قورسە وردە وردە خەریکە لە سەر شانی لادەچێ و بگرە دەسەڵاتیشی زیاتر دەبێ... مەلا ئەمەی بەهەل زانی و ڕووی تێکرد:

– ئاغا گیان، نازانم سۆفی ڕەحیم بانگ نەکەینەوە؟

– ئا... ڕاستەکەی، بەخوا مامۆستا خۆت دەزانی ئەم ڕۆژانە هەر جەنجاڵی گۆتاووڕۆی ئەو گۆڕ بەگۆڕە بووین، پێم نەکرا بەسەرۆکاریەوە بچمەوە، جا حەزدەکەی (سڵەی مجەور) بنێرە بەدویا با بێتە لامان و مەسەلەکە ببڕینەوە.

مەلا ئەمەی بەدڵ بوو، بەڵام دەیزانی سۆفی ڕەحیم وابە ئاسانی چنگ ناکەوێ، ئێستا وا لەو دەشتەی خوار ئاواییەوە، لە کارو فرمانی خۆیەتی، جا بەئاغای وت:

– باشتر وایە هەر شەو بنێرین بەدویا، بڕوا ناکەم ئێستا لە ماڵ بێ.

– مەلا چۆنت پێخۆشە باوابێ.

ئاغا دەیزانی کردنەوەی ئەم باسەو لەم کاتەدا گێچەڵێکی کەی بۆ قوت دەکاتەوە، سۆفی ڕەحیم ئەگەر ناچارکرێ و قایلبێ بەم کارە ئەی وەسمان چی لێدەکەی؟. خۆ ئەو هەتیوە سەرسەختە وا بەئاسانی مل نادا و لەکۆڵیان نابێتەوە. بۆیە وای بەچاک زانی جارێ ئەم کارە بۆ ماوەیەکی کە دواخات، هیچ نەبێ تا یەک دوو هەفتە و بزانێ خوا چی دەکات.

جا بڕیاریدا هەر لە ئێوارەوە خۆی ونکات، ئەمەش ئاسانبوو، لە عەسرەوە خۆی دا بەئەرزا و وتی هەرکەس هەواڵی پرسیم بڵێن لەماڵ نییە، هەتا ئەگەر مەلا عارف و خەلیفە یونسیش بوون.!

ئەم خۆ دزینەوەیەی ئاغا زۆری نەبرد، دوای نوێژی خەوتنان، درەنگێ، حەمکێ پەیدا بوو و لە شار گەڕابۆوە، حەمەکە دەیزانی ئاغا لەماڵە، چووە سەرەوە و بەئاغاژنی وت.

ئاغا زۆر بەپەرۆشی بوو، خۆی نەگرت. هەر بەمراخانی و دەرپێ سپیە درێژەکەیەوە پێڵاوەکانی کردە سەرپێ و چووە ئەودیو، حەمکێی بانگ کرد و وەک مەترەلۆزیەک لەدوای یەک پرسیاری ئاڕاستە دەکرد.

– محە؟، محە سووریشمان لێ بووە بەشت، گووی خوارد، حەددی چیە... جا ئەو پیاوەو بێ بەم ناوەدا.

– بەخوا ئاغا خۆ زۆرم لەگەڵ وت، خوا هەڵناگرێ مچەش هەر لە تەوراسەکە زیاتر هیچی تری نەوتووە.

– ئەی خەستەخانە؟

– دەڵێن بۆ زوو نەتانهێناوە، برینەکە لێی پیس کردووە، لەوانەیە لەسەر ئەژنۆیەوە بیبڕنەوە.

– باشتر، باوکم دەیکوژێ... بەخوا سیرایەتی لێ سەندووە، ئەوساکە خۆشەوە بوو هەر لەشار دوکانێکی بۆ پێکەوە دەنێین و هەر نەیەتەوە.

– ئەمەیان چاکە... ئاغا ئەگەر مچە بەمە بزانێ زۆر مەمنوونە.

– ئەی هەروایە، گەوجە... ئەی نابێ خەمێکی دوارۆژی بخۆین؟

– خوا سەلامەتت کات، ئێمە لە تۆ زیاتر کێ شک دەبەین.

ئاغا گورج بەدوایدا وتی:

– ئا... ئەوە شەممە یا یەکشەممە لەوانەیە. بچم بۆ شار بۆ لای، بەڕاست ماڵی محە سوور لەکوێیە، بەشکم سەرێکی ئەویش بدەم.

حەمکێ بەوردی جێ و ڕێی محەسووری بۆ هەڵدا و هەستا چۆوە بۆ ماڵێ.

ئاغاش بەم هەواڵە تازانە کەمێ پەشۆکا، بەڵام کە بیری لەوەش دەکردەوە کە کوڕانی سۆفی فەوحوڵڵا ناوێرن توخنی شار بکەون، ئاسوودە دەبوو... بڕیاریدا بەهەر نرخێ بێ نەهێڵێ مچە جارێکی تر پێ بنێتەوە بەئاواییدا.





لە پەنجەرە. بچووکەکەوە مانگ بەخشتی وەک سینییەکی شۆڕاوی بریقەدار، دیار بوو، کەم کەم گەواڵە هەورێکی بۆر خۆی دەکوتا و لێڵی دەکرد، هەستی کرد کزەیەکی مەیلەو سارد خۆی هاویشتە ژوورێ و دای لە دەم و ڕووی و گەردنی، ئاغا دەیزانی ساڵ درەنگەو گەلاوێژ کەوتووە، حەزی کرد تازووە حاسڵات کۆکرێتەوە و خەلە و خەرمان و تووتن و گوڵەبەڕۆژەکانیش ببرێتە شار، ئەمانە بینە نەختینەو بەدەستیان بێنێ، چونکە لەوانەیە پێشهات و باری وا بخولقێ ئەم پەلوپۆ هاویشتنەی ئێستای نەمێنێ.

تەزبیحەکە لە نێوان پەنجەکانیدا ئەملاو ئەولای دەکرد، چاوی بڕیبووە ئەو بەشەی ئاسمان کە لە پەنجەرەکەوە دیار بوو، هەناسەی لەسەرخۆ و دەمی کەمێ کرابۆوە.

یەکێ تێی بڕوانیبایە وای دەزانی ئاغا لە حەوت ساڵان ڕاست بۆتەوە، بەڵام لە ئاستی دیوی ناوەوەیدا: (ئەو پیاوە توند و بەسام و قەبەیە کەوتبووە دەشتاییەکی بەرفراوانەوە، هیلاک و ماندوو. بەتەنیا، ئەسپەکەی تاو دەدا، لە دوورەوە خاڵێکی ڕەش لەو دەشتەی پان و پۆڕەدا دیار بوو، ئاوزەنگی لێداو پاژنەی لە کەلەکەی ئەسپەکە توند کرد، جڵەوی شل کردو خۆی بەسەریەوە کوڕ کرد، بەچوار ناڵە لێی نیزیک دەبۆوە، ئارەقە و جوانا و بەلامل و پاشڵی ئەسپەدا دەهاتە خوارێ، سمی چوار پەلی جار نا جار کە بەناڵەکانەوە دەیاندا بەبەردەڵانی ڕێگا دوورەکەدا چەخماخە و بریسکەی لێ هەڵدەستاو پووشوو و پاوەنی دووراوەی دەوری گڕتێبەردەدا... هات، هات... هاتە بەرەوە؛ کە ڕوانی خونچەی سۆفی ڕەحیمە، پرچی درێژی بریقەداری بەناوشانیدا شۆڕبۆتەوە، ڕوومەتە پان و گۆشتنەکانی تیشکی ڕۆژیان دەدایەوە، پێخاوس نازانی بەرەو کوێ بڕوا...

هەرکە ئەمەی دی بەغارەوە جڵەوی فڕێداو خۆی بەرەو لای خونچە هاویشت، ئەمەندەی زانی لەو بۆشاییەی نێوان خۆی و ئەودا دەڕۆی و دەفڕی، نەدەکەوتە سەر زەوی... دەست و پەلی دەکوتاو... بەڵام هەر دەڕۆیی

دەڕۆیی... خونچەش بەدنیایە ترس و فرمێسکەوە تێی دەڕوانی و دەیقریشکان و دەیزریکان. زریکەیەک لەو دەشتە پان و بێ کۆتاییەدا شەپۆلەکەی دەڕۆیی و هەر دەڕۆیی، ئاوێتە بەدوکەڵ و شاڵاوی گڕی پووشو پاوەنەکە دەبوو.)

– ئەرێ چیبووە، لەعەسرەوە دەڵێیێ دنیا بەسەرتا ڕوخاوە، دە درەنگە نایەی بنووی؟

بەم قسانە ئاغاژن ئاغای بەئاگا هێنایەوە، ئەویش گورج هەستاو بێ دەنگ دوی کەوت و چوونە ئەودیو.

کە چووە ژێر لێفەکەوە خۆشی و ئاسوودەیییەکی لە ئەندازە بەدەر بەدەرون و سەرانسەر جەستەیدا هات، گەرموگوڕیی باوەش و ئامێزی ئەوەی لایەوە ئەوەندەی تر حەواندیەوە... وەرگەڕاو ڕووی تێکرد...

ئاغاژن تا بلّیی جوان و تەڕو لەبار بوو، شەو و ڕۆژ بەئەندازەی (میمکە فاتم) هیلاک دەبوو، ئەو بەدەست ئەرک و فرمانی ماڵی ئاغاوە و ئەمیش بەدەستهێنان بەخۆدا و خۆ جوانکردن بۆ ئاغا.

کاتی خۆی کە دایان پێی، هەر بۆ ئاو کردن بەئاگرێکدا بوو، خۆ بەخزمایەتیش، لە دایکەوە، دەیگەیشتێ... بەڵام دەیزانی ئاغا پیاوێکی چاو لەدەرە، بەهەموو هێز و تینی دەیویست سەرنجی بکاتە خۆی، لەمەشدا تا ڕادەیە سەرکەوتوو بوو، بەژیری و زۆرزانی خۆی وەک ئەو ژنانە نەبوو کە لە خوێنا گیرابێ، بەڵکو تاڕادەیە بەسەریدا زاڵیشبوو و قسەی لەلای ئاغا بڕی دەکرد.

بەڵام هەرچەند ئاغای دەدیی بەئافرەتێکی کەدا هەڵی دەڕوانی و یا نیوەشەو کە لەماڵ بەدەردەکەوت ئەم کراسێ گۆشتی کەم دەکرد، لەو جێو پێخەفەدا تا سۆزی تلی دەداو پیشی دەخواردەوە.

خۆ هەرکە ڕووی تێ دەکرد و وەک مێرد مامەڵەی لەتەک دەکرد ئەم هەموو برینەکانی سارێژ دەبوون هەرچی پەژارە و دڵەڕاوکێیەتی بەبا دەچوو.

ئەو شەوە یەکێک بوو لەو شەوانەی ئاغاژن مەستیی خۆشی بوو و لە





تریقانەوەدا غەرق بوو، وای دەزانی خۆشیی هەموو دنیا لەو ساتەدایە کە هەردووکیان بەکوڵ و دڵ ئامبازی یەکن و دەست لەملانن.

***

نیو سەعاتێک دەبوو ئاغا لە ناودێ دەرچوو بوو، بەڕێگا بەردەڵانییەکەی لاپاڵەکەدا بەسەر ئەسپەکەوە دادگەڕانە ناو دۆڵەکەوە، ئەو دۆڵە لەم کاتانەی ساڵدا وشک و بێ ئاو بوو، سەر لە بەیانیانی وەک ئێستا فێنک و خۆش، شوانەکان مێگەل و مانگا و گوێلکەکانیان لێرەدا مۆڵدەدا، تا چێشتەنگاوێکی درەنگ، ئەوسا بەلا پاڵەکەدا بەرەو ژووریان دەکردنەوە.

کە ئەمان گەیشتنە ئەوێ یەک سەگی دڕ بەمڕەمڕ و مرخە مرخەوە بەپیریانەوە چوون، (ئەولرەحیم)ی شوانی ئاواییش گورج لای کردەوە. هەرکە ئاغا و هاوەڵەکانی بینی گورج قۆریە چای سەر ئاگرەکەی جێهێشت و بەدەمیانەوە چوو... سەگەکانی لە سەر ڕێ دوورخستنەوەو فەرموو فەرمووی لێکردن، ئەوانیش ماندوو نەبوونیان کرد و نەوەستان.

ئاغا لەوەتەی لە شار گەڕابووەوە زیاتر دڵی ئاسوودە بوو، مچەی یەکلا کردبۆوە کە هەر لە خەستەخانە هاتە دەر چاوەڕوانکا پارەی بۆ دەنێرێ و لادوکانێک بکاتەوە، تازە بەقاچ و لەتێکەوە بۆ بێتەوە لادێ، ئێ خۆ کوڕانی سۆفیش دانەکیرەی لێ دەکەن... مچە سووریش ئەمەی لا باشتر بوو، هێدی ببۆوەو هەتا بڕینەوەی قاچەکەی خاڵی لەلا کارێک بوو لە خواییەوەیە و دەسەڵاتی عەبدی تێدا نییە!!... بەڵام ئاغا دەیزانی ئەو چل دینارەی کە لە چاخانەکە دایە دەستی، مچەی بەتەواوی گۆڕی:

– کوڕم تۆش بەشی خۆت زەحمەتت دیوە، مەسرەفت بووە، فەرقی چیە مچە برا و کوڕی خۆمانە.

– خوا سەلامەتت کا ئاغا، ئەوەی نەدەویست... ئەوەی هەشە هەر هی جەنابتە، ئیتر قەزاوقەدەر کە هات دەسەڵاتمان چییە.

– مچە، ڕۆڵە ئێمە دوورەشارین، بارمان جیاوازە... دەڵێم هەرکەس هەواڵی مچەی پرسی بڵێ ئاگام لێی نییە و هەر باسی ئەم هاتوچۆیەی

منیش بۆ کەس مەکە. با شتەکە لە بەینی خۆماندا بێ.

– بەسەر چاو، حەیفت نەکرد مەگەر گڵ لێم ببیە.

ئا بەمجۆرە ئەملای داسەکان، ویستی چوونەکەشی بۆ بنکەی ئەودیو لایەقی کەسێکی وەک خۆی بێ. خەلیفە و حەمەی بەپۆشتە و پەرداخی و چەکەوە دوی خۆی خستن.

بێ دەنگی هاوەڵیان بوو، لەو لاپاڵ و دۆڵ و نشێوو بەردەڵانەدا لە تەقەی ناڵی ئەسپەکان و پڕمە پڕمی جار نا جارەیان چی تر نەدەبیسترا، ناوبەناو دەنگی باڵندەیەکی کێوی کپیی ئەو هەردەی دادەدڕی.

خەلیفە و حەمە، ئاغایان باش دەناسی، دەیانزانی کە کەوتە لێکدانەوە و خەیاڵاتەوە حەز ناکات لێی تێکدرێ؛ بۆیە بێ دەنگ دوای کەوتبوون. خۆکە لەبیر کردنەوە وەڕسبوو، لای کردەوە و سەرێکی لەقاند و وتی:

– خەلیفە، ئای لە محەی سەگباب چۆن ژنێکی هەیە!

– بەڕاستتە، قوربان تاریفی دەکەن.

– ئەرێ قەسەم بەخوا دەڵێی پەڵخە... کوڕە ئەو کەرپیاوە ئەو خرتەی لە کوێ دۆزیوەتەوە.

حەمە لە دەمی سەندەوە و وەڵامی داوە و وتی:

– قوربان شارستان بێشەیە، شت نییە تیادا نەبێ.

خەلیفە وەک ئەم باسە بەهەل بزانێ پرسی:

– ئەرێ قوربان بەڕاست ئەو شتە ڕاستەکە دەیلێین؟

– شتی چی؟

– گوایە محە لە حکوومەتدا گەورەیە.

– کوڕە شاگردە لای چایچییەک، وەڵڵا تەڕەماشیش نییە، هەر قسەیە قسە... ئەم خەڵکە ناناسی کێچێک دەکەنە گامێشێک.

– دەی باشە ئەم پیاوە بۆ وا ناوی دەرکردووە؟!

– چاخانەکە گەورەیە، هەرچی عەسکەر و عەرەب و پۆلیسی شارە هامشۆی دەکەن. ئەویش زۆریان دەناسێ، هەر ئەوەیە.





– دەبەخوا وایە، ئای لەم خەڵکە کە زاڵمن و ئەقڵیان وا لە چاویاندایە.

بەم قسانەوە بەبەرزاییەکەی بەردەمیاندا هەڵدەزنان، هەتاو ناوشانی گەرم داهێناوە بوون، هەتا پێچێکی ڕێگاکە بەرز تری دەکردن دیمەنەکە لە خوارەوە دڵگیرتر دەبوو، ئاغاش بەکەیفەوە کەوتبووە باسی شار و ئەم سەفەرەی.

ئەوەشی لەیاد نەچوو کە پێشهاتی خۆی لەم سەفەرەیان بەخەلیفە و حەمە بڵێ، ڕاست و ڕەوان دەیزانی کە ئیتر هەر ئاغا نابێ، بەڵکو دەسەڵاتێکی گەورەتری دەبێ؛ بەم پێیەش ئەوان هەروا نامێننەوە. ئەرکیان زۆرتر دەبێ و ناحەزیشیان دەبێ،... قسەکانی لە وریا کردنەوە و ئامۆژگاری دەچوون، سەرەداوەکانی قسە و بیرکردنەوەی بەدەیان لکی ترەوە بەند ببوون، جاری وا هەبوو خۆشی نەیدەزانی لە کوێوە دەستی پێکردووە و بۆکوێ، تا وای لێهات خۆی وەک مێشوولەیەکی بێهێز دەبینی و کەوتبووە ناو داوی جاڵجاڵۆکەیەکەوە، پەلی دەکوتا و هەوڵی ڕزگار بوونی دەدا، بەڵام بێ هودە.

چل و هەشت ساڵی تەمەنی هەروا لەم خاڵە بچووکەدا کۆبوونەتەوە و خۆیشی باشی دەزانی کە جار جار تێر نەخۆری و بەرچاوتەنگی دەبنە مێردەزمە و سواری دەبن، لەسەر سنگی خۆیان مەڵاس دەدەن و هەناسەسوار دەبێ.

(مۆتەکەی قورس و نەگریسی ئەم شەیتانە بەدفەساڵە جار نا جار کە سواری بنیادەم دەبێ، ئەگەر خۆفی خوار بەئاگا بوونەوە پیاو دەتاسێنێ... خوا عەبدی خۆی تاقی دەکاتەوە، باشتر وایە زوو وریا بێتەوە و سەرێ هەڵبڕێ، شایەتمانێ بەهەق بێنێ و پەشیمان بێتەوە... ئەگین – ئەلخەنناسەکە – لەم خاڵە بچووکەوە بەسەر دڵمانەوە دەبێتە دێوێکی چەتەوڵی فیلەتەن. قاچەکانی لە عەرد و سەری لە ئاسمان؛ بەری دنیامان لێ دەگرێ و هەرچی چاکە و باشە و خێرە لێمان دەشارێتەوە، دواجار دەبینە دێو و درنج و پیاخۆر.)

– تۆبە خوایە، هەرچی لە تۆ غافڵە کافرە.

کە لە بەرەوە ئەمەی وت بەوانیشیدا ڕوانی، هەردووکیان بەسەر ولاخەکانەوە ببوونە مقەببا و لەویان دەڕوانی، نەیان دەزانی ئاغا بۆ وای لێهاتووە و بۆ گێژەڵووکەی خەیاڵات بەخۆیەوە لوولی داوە، یەک دوو جاریش لەوەدا بوو لەنگەری لە دەستچێ و بەسەر ئەسپەکەیەوە بەلادا بێ... ئەی ئەم تۆبە و پەشیمانیە چی بوو؟! کە بەو دووانەیدا ڕوانی و سەیرکردنی ئەوانی دی تێگەیشت، جا بەپەشیمانی و لەخۆبوردنێکەوە وتی:

– بەخوا حەمە، خەلیفە، دنیاکە هیچە... ئەم هەموو سەر ئێشە و پەلوپۆ کوتانە ناهێنێ، پیاو نابێ خوا لەبیر کات.

– زۆر ڕاستە قوربان، بەسایەی خواوە جێی باووباپیرانت کوێر نەکردۆتەوە.

– خەلیفە. جاری وا هەیە ئەو قسانەی مامۆستا دەیانکات لە بەر چاوی پیاو دەبنە گیاندار و خۆیانت پێ نیشان دەدەن.

– ئاغا گیان هەر وایە، جا یەکێ ویژدانی بێ و خوا بەقوورەتی خۆی ڕووناکی بخاتە دڵیەوە. وای دەبینێ... ئەی قوڕ بەسەرمان بۆ ئەو دنیا.

کە لە پێچەکەدا چوون بەو دیودا، دیمەنی کێوە بەرز و نزارە چڕەکانیان لێ دەرکەوت. ئیتر باسەکەیان وەستان و تاماوەیەکی کەم چاویان بەهەر چوار لای خۆیاندا دەگێڕا.

بەر لە وەی بگەیتە ناو دێ، سەر قەبرانێ لەلای چەپەوە لێت بەدیار دەکەوت، هەر لێرەوە پەستی و ماتییەکی سەیر ڕێبواری دادەگرت، وەک دەڵێن: ومی باش نەبوو.

ئەمە وای لە ڕێبوار دەکرد خەمێکی تریش سەرباری خەمە زۆرەکانی تری ببێ. لەسەر و خوارەوە شاخەکان بەشێوەیەکی ترسێنەر ڕاست بەحەوادا چووبوون، ئەو جۆگایەی دۆڵەکەی دەبڕی بەناو دێدا دەڕۆی، هاژە هاژێکی بوو بێ ئامان. کۆترە باریکە تاو تاو لەمبەر بۆ ئەو بەری کێوەکان دەیاندا





لە شەققەی باڵ؛ نموونەی سەربەستییەکی بێ ئەندازە بوون، ڕێگریان مەگەر خوا بووایە و بەقوورەتی خوێ.

لەوبەر دێ، لە ناو پەڵە هەنجیر و توو و چنارەکاندا خانوویەکی گەورە و تاڕادەیە پۆشتە دیار بوو، پەنجەرە کوڕە بچووکەکانی بەسەر پەرێزەکەی بەردەمیدا دەیانڕوانی.

هەر لە دوورەوە جووڵە و هاتوچۆ تیایدا گەرم بوو، بەلای دەستە چەپدا دوو ئۆتۆمبیل وەستابوون؛ جێبێکی لاندلۆڤەری گەورەی خۆڵەمێشی، ئەویدی پیکابێکی سەوز کە هەر چوار تایەکانی نیشتبوونە سەر زەوی. لە پۆلیس گیرا بوو و ڕاپێچی ئێرەیان کرد بوو، سێ چوار مناڵ هەڵبەز و دابەزیان لەناودا دەکرد.

دوو دیل خەریکی دارشکاندن بوون؛ کە تەورەکانیان دادەهێنایەوە بریسکەی دەمەکانیان وەک چەخماخە دادەهاتەوە، سەر و ڕیش هاتوو چڵکن... لەولاشیانەوە دووانی دی خەریکی قوڕکاری بوون و لەگەڵ پاسەوانەکانیاندا کەوتبوونە دەمەتەقێ.

(بەناو بەفرەکەدا هەنگاوی نا، خومەی بەفرەکەی ژێرپێی ئەوەندە لاخۆشبوو. ویستی هەنگاوی دووەمی توندتر بێ، بەڵام:

– قوربان دوایی چی لێبکەین؟

بەبیستنی ئەم پرسیارە سەری هەڵبڕی و چاوەکانی کردنە لووتکەکەی ئەو بەر، تریشقەیەکی تیژ بروسکە ئاسا لە نووکی لووتکە تاریکەکەوە هات و داکشایە خوارەوە، وەک بازنەی سەرڕووی گۆمێکی مەنگ کە بەردێکی تێهاوی، ئاوا ڕووناکاییەکە فراوان بوو تا هەر چوار تەرەفی گرتەوە، لە ناوەڕاستی ئەم ڕۆشناییەدا پێنج چەتەوڵی زەرپۆش بەچەکی تەواوەوە وەک ئەرژەنگی دێو لەسەر شان لاشەی مردوویەکیان هەڵگرتبوو، هەنگاوەکانیان ئەوەندە بەئاستەم دەنا دەتوت پێدەنێن بەهێلکەدا، تاو تاو یەکێ لەوانە دوای هایوهوویەکی دەروێش ئاسا بەکپییەوە دەیوت:

– ئەوەی دەڕوات دەبێ بڕوا... ناگەڕێتەوە.

پێنجەکە بەیەک دەنگ: ناگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە.

جەنازەکە لە دامێنی شاخەکەوە بەناو ڕۆشناییەکەدا دەهات، لەگەڵ نیزیکبوونەوەیدا دەنگی چەکمەی پێنجەکەش بەرزتر دەبووە و دیمەنەکە سامناکتر دەبوو.

– ئەوەی دەڕوات دەبێ بڕوا... ناگەڕێتەوە.

– ناگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە.

ڕۆیشتنەکە خێراتر دەبوو، لاشەکە لەسەر دارەمەیتەکە ڕادەتەکا و بەملاوئەولادا دەکەوت، ئەم وای دەزانی ئەو لاشەیە سەری پێوە نییە... ئەبڵەق وەستابوو، هەتا هەناسەشی سوار ببوو... دەیویست بەهەموو هەستییەوە بزانێ.تێبگا. بزانێ.

– ئەمە کێیە؟

– ئەمە کێیە؟

– هەڵۆیەکی ئەو لووتکەیەیە.

– بۆ مردووە؟!

– بەرز فڕی و تیژ داهاتە خوارێ، بەحوججەت بەرەو مێیەکەی داکشاو بەرلەوەی بیگاتێ خۆیدا بەگابەردێکی نواڵەکەدا؛ ئێسقانەکانی سنگی بوونە خڕخاڵ، دەنووکە چەماوە تیژەکەی چۆوە بەکەللەی سەریداو نینۆکەکانی یەک یەک بەدوادا شکانەوە، گیانیشی وەک چڕەدوکەڵێکی شینباو لێی جوێ بۆوە و لە ئاسماندا ڕەوییەوە و نەما.

– ئەی گابەردی سەر نواڵەکە؟!

– هیچ. تەنیا تۆ پەڵێ پەڕو خوێن نەبێ هیچی نەگرتە خۆی... ئەویش بەبەر تیشکی خۆرەکەوە وشک بۆوە و بای وەشتیش ئەویتری برد و کردیە ئاردی ناو دڕک.

یەکێ لەوانەی جەنازەکەیان هەڵگرتبوو هەربەدەم ڕێوە ورد ورد ئەمانەی بۆ گێڕایەوە. کاتێکی زانی ئەوان لە ڕووناکاییەکەوە چوونە تاریکیەکی ئەموستە چاو، دەنگەکانیش وردە وردە کپترو نزمتر... هەتا نەمان.





مچە کەللە هێشتا وەستا بوو و چاوەڕوانی وەڵامەکەیبوو... بەنەڕەیەکی بێزاریەوە پرسی:

– چیت دەوێ؟

– قوربان وتم دوایی چی لێ بکەین؟

– سەری بخەنە قەبری باوکییەوە.

– قوربان کێ؟!

– ئەی تۆ کێ دەڵێی؟

– مەبەستم حەیوانە کێویەکەیە.

– ئا... بەخوا مچە هۆشم لەلا نەماوە. ئاگرێک بکەنەوە و با هەندکی لێ ببرژێنێن، ئەو دواییەکەی دەبەینەوە.

دیسانەوە بەناو بەفرەکەدا دەهات و دەچوو، خرمە و جیرەی ژێرپێی چێژو ئاوازێکی خۆشیان دەدایە،... بەڵام هەستی بەساردی کرد، لەناو شان و چنگ و پەلیدا.

بەپەلە چۆوە ئەشکەوتەکە و لەگوێ نێڵە نێڵی ئاگرەکە بەچپەچکانەوە دانیشت، مچەو سۆفی فەوحوڵڵا خەریکی گرونی حەیوانەکە بوون... خوێنێکی ئاڵ و گەش لە گەردنەکەیەوە هێشتا ناو بەناو دەڕژایە سەر گڵە وشکەکەی ناوئەشکەوتەکە.

مچە بەگورجی و لێزانانەوە چەقۆکەی بەنێوان و گۆشت و پێستەکەدا دەهێنا و لێکی یەکالا دەکردنەوە، لەودیویشەوە سۆفی هەروا بەز و چەوریەکی سپی وەک شیری دەردەخست، ڕەشەگۆشتێکی قەڵەو و گەرم لەژێر دەست و چەقۆکاندا دەلەریەوە.

ڕووناکایی گڕی ئاگرەکە دابووی لە ڕووی سۆفی، واسوور هەڵگەڕا بوو ئاغا وای دەزانی خوێناویە، هەستا و چوو بەلایەوە و سەری لێبردە پێش:

– سۆفی... بەو خوایە وامزانی خوێناوی بووی.

– نەخێر قوربان، ئەوە شەوقی ئاگرەکەیە.

بەچرپەش بەمچەی وت:

– مچە بچۆ بەلایەوە، بەزاتی خوا ئاغام باش نایەتە بەرچاو، تێک چووە!

ئەوە سەرەتای گرانەتاکەی ئەوساڵە بوو کە چل شەوی ڕەبەق لەجێدا خستی...)

کە لە دیل و پاسەوانەکان ڕەتبوون لایان کردەوە بۆ بەری مزگەوتەکە، تافە تافی ئاوی زۆری بەر مزگەوتەکە و سێبەرێکی فراوانی دوو تووە قەد ئەستوورە بەساڵاچووەکانی ئەملاوئەولا ئەو ناوەیان فێنک کردبۆوە، شەش حەوتێ لە هەیوانی مزگەوتەکەدا ڕاکشا بوون و جامانەکانیان خستبووە ژێر سەریان، هەندێکیان فیشەکدان و چەکیشیان پێوە بوو. یەک دوویەکی دی لە دەوری حەوزەکە بوون... خۆیان دەخلافاند.

ئاغا ویستی دووانەکەی تەک خۆی ئیزندا و بچێ بەلایەکدا، بەڵام خەلیفە دەستپێشکەری کرد:

– ئێمە لێرە کەمێ دەحەوێینەوە، حەز دەکەی جەنابت لە تەکماندابی یان نا...؟ نەیهێشت قسەکەی تەواو کات، زانی بۆ چی خەلیفە ئەم قسەیە دەکا، تا ئەو بارەی لەسەر لابات کە لەوانەیە خۆی ڕووی وتنی نەبێ. گرنگ کردنەوەی گرێکە بوو.

– نا... من سەرەوژوور تا ماڵی (قالە) دەچم لەوێ ئیسراحەتێ دەکەم و نیوەڕۆ ئێوەش بۆ نانخواردن وەرنە ئەوێ.

ئەمەی وتو نەوەستا بۆ وەڵامەکە و جڵەوەکەی بەلای چەپی مزگەوتەکەدا ڕاکێشاو ڕۆیی.

بەجیرەیەکی ناساز دەرگە تەختە ئەستوورەکەی کردەوە، پاش ئەوەی لە چەپەرەکەوە هاتە حەوشەکەیانەوە...، بۆن و هاڵاوێکی خنکێنەر بەڕوویدا هات. لەوە دەچوو لەئێوارەوە دەرگەکە نەخرابێتە سەرپشت... منالێ دەگریا، جێگا و پێخەفەکان هێشتا هەڵنەگیرا بوون، پیالە و قۆری و کاسەیە ماست کە لێی خورابوو و یەک دوو تکەشی کەوتبووە سەر فەرشەکە... هێشتا وەک خۆیان بوون و لانەبرابوون، مێش بەمەیلی خۆیان تەڕاتێنیان لەسەر دەکردن.





– ماڵەکە... ئەوە کەسی لێ نییە؟

– کێ یە؟... فەرموو.

– (توبا)، کوای. ئەوە چی دەکەی؟

ئاغا بەر شەوارە کەوتبوو. لە ڕووناکایی دەرەوە هاتبووە تاریکایی ژوورەکە، بەئاستەم چاوی بڕی دەکرد، تا وردە وردە چاوەکانی هاتنەوە سەرخۆیان، توبا خۆی دابوو بەسەر بێشکەکەدا و مەمکی لە دەمی کۆرپەکەی ناویدایە، هەر کە ئاغای دی گورج وازی لەمە هێنا و سنگی بەیەخەی کراسەکەی داپۆشی و چمکێکی سەرپۆشەکەی دابەسەریدا و بەشڵەژاویەوە هەستا:

– فەرموو، فەرموو ئاغا... خەجاڵەت خۆم بۆ ئەم شپرزەییە، ناشکوری نەبێ خۆ منالْ نایەڵێ فریای هیچ بکەوین، ئاغا لای پەنجەرە کوڕە بووکەکەوە دانیشت، دەستی برد کردیەوە و هوروژمی شەپۆلی هەوایەکی سافی خۆش دای لە ڕووی... بەژوورەکەیدا ڕوانی و وتی:

– توبا دەڵێی لانەکەتان گەرموگوڕە، شوکور بۆ خوا.

بێ ئەوەی لێی بڕوانێ، بەشەرمێکەوە، توبا وەڵامی دایەوە:

– بەسایەی خوا و سەری جەنابتانەوە... خراپ نییە.

– ئەی قالە؟

– هەر شەوەکی دەڕوا. ئەو ڕسق و شتە لەو دەشتەیە دەیانەوێ زوو کۆبکەنەوە، دەست و برد دەکەن.

– بۆ؟

– بڵێم چی ئاغا، بەقسە لەوانەیە شەڕ بکەوێتە ئەم ناوە.

– وا نەڵێی!!

– بەخوا هەر قسەیە.

توبا چایەکی ساردەوە بوو بەڵام شیرینی خستە بەردەم ئاغا و لێی پرسی:

– نانت خواردووە؟

– نا... برسیم نییە.
– دەتوخوا با هێلکە و ڕۆنێکت بۆ بکەم.
– دەڵێم برسیم نییە.

ئەولەلایە پەلاماری نوێنەکانی دەدا کۆیانکاتەوە لەلایە پیاڵە و قۆرییەکانی لەبەر دەستدا لابرد، ئەمیش هەر بەبالای توبادا دەیڕوانی دەیزانی ڕۆژێ لە عومری نەچووە، جوان و تەڕ و لەبار؛ دەتوت ئەوسایە کە هێشتا لە ئاوایی بوون: (ساڵێک بوو دابوویانە قالە، لەسەر تووتنەکان بوو، چیلکەیەکی درێژی بەدەستەوە بوو... هەروا بەگوێ دێراوەکاندا دەیخشاند کە قالەی دی بە- عەلی دادەمەنە -ی دەوت:

– باوکەکەمی... ئاوەکەم کردۆتە سەر، بەشکم گوڵەکانم بۆ ببڕی و چاودێریان بکەی من تا ناحیە دەچم بزانم – حەمەمینەفەنی – دەرمانەکەی بۆ ئاغا هێناوە.

باوکی ڕەحمەتی هێشتا مابوو، ئەوە دوا شووشە دەرمانبوو کە لە شارەوە بۆی بێنن و... بەڵام نەشی گەیشتێ.

کە گوێی لەمە بوو گورج بیرێکی شێتانە دای لەکەللەی؛ بەرەو ئاوایی بۆوە. لە پشت ماڵەکانەوە چووە باخەکەی سۆفی ڕەحیم و لەوێشەوە بەسەر پەرژینەکەیدا بازیدایە پشت بانەکەی ماڵی قالە:

توبا هێشتا کەفی سابوونەکە بەدەست و مەچەکیەوە بوو

– بارام... ئەمە وەختە، شێتبووی؟!
– لەوەی دەچێ... قالە ڕۆیی بۆ ناحیە.
– بۆ؟
– بۆ دەرمانەکەی باوکم.

توبا ویستی بچێتەوە سەر تەشتە جلەکەی و ئەم لەدواوە ئامبازی بوو، توند بەخۆوەی نووسان... ئەویش ساتە پڕ ئێش و زامەکانی تورهەڵدایە دیوی لەبیر بردنەوەو لە باوەشی بارامدا خۆی وەرگێڕاو ڕووی تێ کرد...

گەرمیی هەناسەدانەوەیەکی قووڵ بەنزینێ بوو وکرایە ئاگری دەروون و





هەستی بارامدا؛ کە جەستەی گەرموگوڕی ئەو دووانەوە قەترە قەترە نهێنی ژیانێکی خەفەکراو دەرژایە سەر تەختەی ڕاستیی بوونێکی دژوار... حەز بەپێدەشتی پانوپۆڕدا جلەوی، پچڕا بوو و دەردەچوو.

بارام خۆی خستە سەرپشت و فرمێسکە قەتیسەکانی لەقنچکەی چاوەکانیەوە بەلاجانگیدا ڕژانە خوار:

– ئاخ... لەو قورمساغەی لێکی کردین.

ئەو لەلایەوە کەوتە سەرلاو بەتەوسەوە وتی:

– وامەڵێ... باوکتە، چاوی بەکچە مسکێن هەڵنایە.
– ئەم قسانە چیە، ئەو پشکۆی بەدڵمەوە ناوە.

کە ئەمەی وت، دەنگی گڕ بوو، قوڵپی گریانی تاسا و بەرایی قسەی لێ گرت... توبا دەستی کردە ملی و قووڵقووڵ هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەبێ دەسەڵاتییەکەوە وتی:

– بارام گیان، برایەوە... هەرچی بوو ڕۆیی.
–نابێ...قەت نایەڵم بڕوا، مەگەر خوابۆخۆی تۆم لێ بکات.

ئەوان لەناو تەنووری ئەم ڕازە گورچکبڕانە دابوون کە لە پڕ کپ وبێ دەنگبوون، گوێیان هەڵخست... زریکەو هاوار لە ماڵی بارامەوە بەرز بۆوە.) ئەمەندەی بڵێی یەک و دوو ژوورەکەی کۆکردەوە، زوو زوو قسەشی لەگەڵ ئاغا دەکرد:

– ئاغا ژن چۆنە...مناڵەکان؟

بەوەڕسیەوە، ئاغا وەڵامی دا:

–باشن...لەچیان کەمە.
–خێرە، واهاتووی؟
– ...
– ئاغا، بارام ئەوە لە کوێی؟!
– ها، من... نازانم کەمێ ماندووم، نیوەڕۆ خەلیفە و حەمەش دێنەوە، وان لەسەر حەوزەکە.

هەر چەندە تویا وەڵامی پرسیارەکەی دەسگیر نەبوو بەڵام زانی کە هاتنەکەی بارام ئەم جارە جۆرێکی ترە.

بەتەنیا تاوێ لەژوورەکەدا مایەوە، قاچەکانی درێژکرد، حەوایەوە، کە تویا هاتەوە ژوورەکە جامێ دۆی پێبوو.

– ئەوە چیت لێهات؟

– سەردارم بانگ کرد، ناردم بۆ باخەکە، بۆ نەختێ تەماتە و شت.

ئا... ئەرێ سەردار چۆنە، وابزانم هەر وازی لە مەکتەبەکەی هێنا؟

– ئاغا... خوێندنی چی، لایە لە باوکی بکاتەوە باشترە، ئێ منالی ئەم سەردەمەش کەی لە ئەمرونوێی دایک و باوک دان، کوڕە گەورە و تەواویشە. بەخوا قالە دەڵێ ناتوانم زۆریی لێ بکەم دەترسێم بێتەوە بەگژمدا.

– وازی لێ بێنن، سەر شێتی مەکەن، با لەگەڵ خۆمدا بێ و چاویشم لێیەوە دەبێ.

– کاری چی بارام... ناشێ بنکە بکەیتەوە؟!

– من نا، شۆڕش دەیکاتەوە.

–بەڕازیبوونتە... وا نییە؟

– ئا، بۆ... ڕۆژەکەی وایە، ئەو نەڕە نەڕەی دوێنێ دەمکرد ئەمڕۆ بەتەنیا بۆم ناکرێ، حکوومەتەکە وەک جاران نەماوە، لەقینا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ، لاتو لیواری ئەوخوارانە سواری سەرمان بوون. گوناهبار و بێگوناه وەک یەکە لەلایان...

– ڕاستە، بەڵام بارام، ئیتر حەوانەوە نابینن، خەڵکی لای ئێوەش دەبێ کۆڵ بەکۆڵ بن.

–تا وا ژێردەستە بین، حەوانەوە هیچ کەس نایبینێ؛ دوێنێ ئەو دێیانە ئەمڕۆ ئێمە سبەی ئێوە.

خواش گەورەیە، هەرچی ئەو نەیکا نابێ.

– پەنابەخوا، خوا چی چاکە ئەوەمان بۆ بکا.





ئاغا هەستا بەلای کارەکەیەوە، تویا گورج ڕاپەڕی و پێڵاوەکانی بۆ دانا، لەناو دەرگەکەدا ئاغاو تویا تێر و قووڵ چاویان لەیەکتر بڕی، هەردوو دەستی نایە سەرشانی تویاو نای بەسنگیەوە، هەناسەیەکی گەرمی سوێدار لەو جووتەوە سەری کرد، هەرچی پەژارە و داخی دووریان هەیە لەوساتەدا وەک تەمێکی خەستی دامێنی دوو لوتکەی سەرکەش دەوری دان، ئاغا چاوەکانی ئاوێکی ڕوونی گەرمی تێنراو قولپی خەم و خەفەتی قوت دایەوە... بەبێ دەسەڵاتییەکەوە وتی:

– یاخوا باوکە خوا بەئاهی ئێمەوە نەتگرێ... تویا هەرچێک دەکەم لە دنیادا پارسەنگی تۆ و خۆشویستنی تۆ نییە... بەڵام لەگەڵ چارەنووس چی دەکەی.

تویا بۆ ئەو ساتە کەمە وەک کۆترێک لە هێلانەی باوەشی بارامدا خۆی مت کردبوو، ئاسوودەو سەرفراز ،خوا خوای بوو ئەوساتە کەمخایەنە درێژەی ببێ و کەمێ گیانی شەکەتی بحەوێتەوە... بەڵام بارام دەستی شل کرد و بەریدا، هەناسەیەکی نائومێدی هەڵکێشا و بەدەم چوونە دەرەوە وتی:

– فایدەی چی... هیچ ناوترێ، با بڕۆم چاوەڕانمن.

کە چووە دەرەوە ڕوانی وا خەلیفە و حەمە بەرەو لای ئەم دێن. هەر سیانیان یەکانگیر بوونەوە و ڕۆیشتن.

تویا وەک شەکەتێکی پاش گرانەتایەکی قورس، خۆی بەپێوە نەگرت، لە جێی خۆی دانیشت و سەری نایە نێو هەردوو کلاوەی ئەژنۆی و هەردوو باسکیشی بەدەوریا.

دایە پرمەی گریانێکی بەکوڵ، گریانێک کە ئەنجامی هێنانە سوێی برینێکی کۆن و قووڵبوو. ئەو قسانەی بارام قەتماغەی برینەکەی هەڵکەندو ژانی بردە دڵیەوە، هەنسک و فرمێسک بەتەکان جەستەی ئەو ئافرەتەیان دەهەژاند؛ گریانێکی بەکوڵی داخاوی، گریانێک کە ناو بەناو پێویستە بۆ ژنێکی عاشقی ئاوا تا خڵتە و گەردی زەمانەی سەر مێشک و دڵی بشواتەوە، تا ئەو مەعدەنە جوان و بەبەهایەی زاخاو بداتەوە و سەرلەنوێ

لەبەر تیشکی ڕووناکاییی ڕۆژاندا بریسک و هوڕی بێ.

نەیزانی ماوەی چەندە وا بەکوڵ و قوڵپ دەگریە، بەڵام کە بەدەم گریانی ئەوەی ناو بێشکەکەوە چوو، ڕەتێکی برد، قاچ و ئەژنۆکانی سڕ ببوون... کەچی تین و توانایەکی تری هەبوو، هەمــوو لەش و گیانی بزاوتن و جموجۆڵی بوو، هەناسەیەکی قوڵ قوڵی هەڵکێشا و خۆشییە لە دڵ و دەروونی دا وەک ڕۆژ هەڵهات.

***

– وەک وتمان، تۆ برۆ و ئێمە واین لێرە... لە ئامانی خوادا بی.

– بەقوربانتان بم، چاوێ بکەن بەدوو، خافڵم مەکەن.

– برۆ خەمت نەبێ.

عەبدول و دوو برادەرەکەی جێهێشت و بەتەنیا ڕۆیی، لەناو کۆڵانێکی تەنگەبەری تاریکدا بەرەو شەقامەکە هەنگاوی دەنا.

دووانەکەش، وەک بڕیار بوو، لەسەرخۆ بەدویا کەوتنەڕێ و لەسەری کۆڵانەکەدا ئەمبەرە و ئەو بەریان گرت؛ تا چاوەدێری عەبدول بکەن و ئەگەر شتێ بوو فریای بکەون.

دوای نیو سەعات سێ چارەکێ لە پڕ ناڵەیەکی توند و بەدویدا خرمەی دەستڕێژ یەخەی خامۆشی شارەکەیان دادڕی و خورپەیان خستە دڵەوە... تەقەکان وەک دەبیسترا لە یەکلاوە بوون، بەرامبەریی نەبوو، دوایی کەم بۆوە و پچڕ پچڕ و ناوە ناوە دەستڕێژ و تەقەی تاک تاک دەکران.

لوورەی ئوتۆمبیلێ بۆ ئاگرکوژاندنەوە دەچوو، سەرانسەری شارەکەی بەو نیوەشەوە بەئاگا هێنا؛ پێی ڕاگەیاندن کە دوای ڕۆژێکی گەردەلوولاوی و بەفر و سەرمای سەخت ڕووداوێک ڕووی دایەوە.

هەر کەس بەهەرحاڵێ لە لانەی خۆیدا ئارامی گرتووە و بەهەر چەشنێ بێ شەوانی زستانی درێژ دەبەنە سەر...

شەقام و کۆڵانەکان چۆڵ، لە دەست هاتوچۆ دەحەسێنەوە، شەقامێکی دوورودرێژی خوارووی شار لەگەڵ ئەم ڕوداوەدا، لە ژێر تریفەی مانگە





شەوی زستانا، یەکێک یەکەم هەنگاوی پەلەی نایە سەر و بەپەلە بەرەو ژوور هات... تاو نا تاوێکیش بەشپرزەییەوە ئاوڕێکی دەدایەوە.

هەنسکە بڕکێ و کۆکینێکی وشکی شاردراوەی دەری دەخست کە ماوەیەکە ڕادەکا. لەمەترسیدایە... بۆ ئەوبەر پەڕیەوە و خۆی کرد بەکۆڵانێکدا دەرنەدەچوو، لەبەر دەرگەیەکی کۆندا وەستا و ئەڵقەڕیزێکی ساردی گرتە دەست و ڕایوەشاند.

بەئاستەم دەرگاکە کرایەوە و بەپەلە خۆی تێهاویشت، (پیرۆز خان)ی دایکی (هیوا) خۆی کرد بەژوورەکەدا، تا ئەو کاتەش دەرگەی حەوشەی بەرنەدا بوو، هەر دەهاتوو دەچوو نەک یەکێ شــوێنپــێی هەڵگرتبێ... سەرماش تەزاند بووی، هەر دوو چنگی لە یەک ئالاند بوو و لەژێر سنگیدا نوقومی کردبوون بەلرفە لرف دەرگەکەی جووت کرد و وتی:

– هیچ خەمتان نەبێ، تەقەش بڕایەوە، جگە لە لوورەلور نەبێ دەڵێی ژان گرتوونی... هیچ نەما.

دوایی ڕووی کردە عەبدول و:

– کە سەردار و هیوا هاتنەوە، وشک بووم، تۆیان لەگەڵ نەبووی... خوایە شوکور.

(نەنە هەمین)یش سەری بەرز کردەوە و نەختێ درزی کراسەکەی جووڵان و سنگی خوران ، دەستەکانی کردە حەواو:

– ئۆه... خوایە بەتۆم سپاردن، ئاگات لێیان بێ و دەست بەعومریان گری.

عەبدول گلەیی ئەوەی لە سەردار و هیوا دەکرد کە بۆچ جێیانهێشت، بڕیار نەبوو کە بەنزینخانەکە تەقێنرایەوە ئەوساپێکەوە بگەڕێنەوە، سەردار سەیرێکی هیوای کرد و بەبزە و شەرمێکەوە وتی:

– برا من نەشارەزام، دوای هیوا کەوتم، تا بەعەمەوودەکەدا هەڵزنایت چاومان لێتەوە بوو، کە ناڵەکەش هات ئیتر هیوا بۆی دەرچوو و منیش بەدویدا... بەڕێوە پرسیم ئەی عەبدول؟، وتی خۆی شارەزایە، وا بەدوامانەوە.

هیوا ئحمێکی کرد و وتی:

– هیچی وامان بەین نەبوو، هەر ئێمە دانیشتین و تۆش لە دەرگەتدا.

لە دەرەوە، پیاوانی حکوومەت سەرباز و پۆلیس و شار شڵەژا بوون، بەیەکا دەهاتن و شەقامەکان ببوونە ڕۆژی ڕووناک، ئوتۆمبیلەکان لە هاتوچۆدا بوون، شالاوی ئاگر و دوکەڵ بەرەوژوور لوولیان دەخوارد، ئاگرکوژێنەوەکان بەگران کارەکەیان بۆ ئەنجام دەدرا...

لێرەش، لەمماڵەی قوژبنێکی ناو شار وردە وردە هەر یەک بەدەوری مقەڵیە ئاگرەکەدا ڕاکشان و خامۆشیی باڵی بەسەردا کێشان، بەتەمای دوو ڕۆژی دی کە ئەو سیانە لەگەڵ کاروانچیەکانا بچنەوە دەرێ.

تەنیا یەکێک کە چاوەکانی وەک شەوە لەبەر شەوقی چرا کزەکە هەر دەبریسکانەوە؛ پیرۆزخانی دایکی هیوا هەزار و یەک سەری لێک دەدایەوە و غایلە و خەیالاتی سامناک بەمێشکیدا گوزەریان دەکرد... ڕابوردو و ئێستاو داهاتوو: (ئاخۆ چۆنبێ؟... تۆ بڵێی ئەمیش ڕەنج بەباچوون و ماڵکاولی نەبێ؟. کۆمەڵێ سەروماڵی تیا چێ و دەستەیە پێی هەڵگرێ و لەبەری ڕەنجی ئەم خەڵکە بخوا... نا نا، چۆن وا دەبێ، ئەی ئەم کوڕە گەنجانە لەبەرچی ڕادەکەن و واز لە هەموو شت دێنن، بۆچی وا یاری بەگیان و ژیانی خۆیان دەکەن، تۆ بڵێی بۆ باشتر و چاکتر نەبێ؟

لەوەتەی سۆفی فەوحوڵڵای مێردی ئەو کلۆڵەی خوشکیان کوشت، ئیتر ئەم لە ترسی گێچەڵ و دوژمنایەتی دەرەوە باری کرد بۆ شار، بەهەر حاڵبێ؛ نانکەری و جلشۆری و دەست و پەلکوتان... بەرێوە دەچوون. هیوا لەگەڵ خوێندنەکەی شەودا بەڕۆژ کرێکاری و کۆڵ هەڵگری و هەرچێک بلوایە نانێکی پەیدا دەکرد، زۆری نەبرد عەبدول و عارفی پورزایان ناو بەناو هامشۆی شاریان دەکرد و شەو لەلایان دەمانەوە... چرپە چرپ و شت نووسین و ئەملاوئەولاکردن، هەستی کرد ئەمیش لەو بەزمەدایە کە ئەو دووانە بۆی دێنە ئێرە... هەر لە خوا دەپاڕایەوە کە کاریان مەیسەر بێ و بێوەی بن، لە بەڵا بەدووربن.





وا هیواش بڕیاری داوە لەگەڵیاندا بڕوا، بچێتەوە لادێ، ئەمەی لا باشترە... ئەی چۆن خۆ ماوەیەکیشە ناچێتەوە مەکتەبەکەی؛ بەموختاری گەڕەکەکەشیان وتوە، مانگێکیشە هیوا زۆر کەم خۆی دەردەخات... بابڕوات، باشترە و دڵنیاتر دەبم و لەم دڵە خورپێیە ڕزگار دەبم... خوایە دەست بەعومریانەوە گریت.)

بەیانی لە چێشتەنگاوێکی درەنگدا هەرسێکیان لەگەڵ منالێکی هەشت نۆ سالاندا لەسەری سیلەی کۆلانەکەیاندا عەرەبانەیەکیان گرت و خۆیان تێهاویشت. بەرەو ماڵێکی تر بوونەوە، لە بەری لای چەپی شار... منالەکە لای کابرای عەرەبانچیەوە دانیشتبوو، ڕێنمایی دەکرد؛ تا وەک باوکی پێی وتبوو نەیبردە کۆلانەکەوە؛ هەر لەسەر جادەکە ڕایگرت و بازی دایە خوارێ، هەرسێکیان چوونە کۆلانەکە و منالەش لە پێشیانەوە، هەر هەڵدەقونایەوە و زوو زوو ئاوڕی بۆ دەدانەوە و تێی دەڕوانین و لەبەرخۆیەوە دەیوت:

– هیچ نییە. ئێستا دەگەین... ئەوە کۆلانەکەمانە.

زۆر نەڕۆیشتن و منالەکە پاڵی بەتاکی دەرگەیەکی گەورەوە نا و چوونە ژوورەوە... دالانێکی گەورە نیمچە تاریک، جێبێکی بچووک لەوسەریەوە ڕاگیرا بوو، یەک لە تایەکانی دەرهێنرا بوو و خرا بووە سەر بەردێکی گەورە، قەل و مریشکێکی زۆر لەو ناوەدا بوون. ئەمبەراوبەری دالانەکە دەرگەی دوو ژووری لەسەر بوو؛ ئەوەی لای چەپی لێفە کۆنێک کرابووە پەردەی... منالەکە لایەکی لادا و پاڵی بەتاکی دەرگەکەوە نا، ئاوڕیشی بۆ ئەمان دایەوە و وتی:

– فەرموون... ئێستا باوکم دێتەوە.

گەرموگوڕی و پۆشتەیی ژوورەکە گرتنیە خۆی، لەو پەنجەرەیەوە کە دەیڕوانی بەسەر حەوشە گەورەکەدا یەک دوو ژن دیار بوون خەریکی کاری ناوماڵە کە بوون،

دەستەکەی ئەوبەریش لە دوورەوە خۆش و ڕێکوپێک دیار بوو. دوو تووی گەورە لە حەوشەکەدا بوون، بەفری ماڵراوی سەربانەکان لە

حەوشەکەدا بوو، یەک دوو مناڵ بەدەست و پەنجەی ناسکی سوور هەڵگەڕاوی تەزیویانەوە خەریکی تۆپەڵ گرتنە یەکتر بوون، مناڵەکەی تەک ئەمان بەلایاندا ڕۆیی بەشێوەی یەکێکی گەورە و ژیرتر لە تەمەنی خۆی، لێی خوڕین:

– چیتانە مناڵینە. مەکەن.

وەک ئەوە دەرخات کە ئەم ئیتر پیاوە و لەو جۆرە یارییانەوە دوورە، پاش ماوەیە بەسینییەک کە سێ پیاڵە چای گەرمی لەسەر بوو دەرکەوتەوە... هاتەوە لایان.

هەر جارێکی تر بوو کە هیوا ماڵی واگەورە و پۆشتەی دیبوو، ئەو پاییزەی (کەریم)ی برادەری لە بازار بانگی کرد و بردی تا فەرش و ڕایەخی زستانەی ماڵێکی ئاوا داخەن... ئای کە کورسی و فەرش و کەلوپەلیان هەبوو؛ بەشی دەماڵ!!

وەک بیەوێ ئافەرینی ئەم ژیکەڵەیە بکاو زیاتر لە خۆیانی نیزیک خاتەوە، کە چاکەی بەو گەرمیە هەڵقوڕاند، ڕووی تێکرد و لێی پرسی:

– بچکۆک، لە مەکتەبی؟

– بەڵێ... لە پۆلی پێنج.

– ئافەرین... دەست خۆش.

سەردار بەشی خۆی خستە قسەکانەوە و وتی:

– ماشەڵڵا وریایە، هەربژیت.

مناڵە وەک نەیەوێ شتی کەی لێ ببیەن... پیاڵەکانی لەسەر سینییەکە کۆ کردەوە و بردنی.

دوو سێ سەعات تێپەڕی. کەسێ بەلایاندا نەهات، لە پەنجەرەکەوە شپرزەیی و جەنجاڵی ماڵەکە دیار بوو، هەرکەسە کاری خۆی دەکرد و دەنگە دەنگی مناڵ و ژن نەدەبڕا. خێزانێکی بووەو گەورە. خاوەنی ماڵ و فرمانی خۆیان، بەڵام هەریەکە کار و فرمانی خۆی دەزانی.

مناڵەکە هەندێ کتێب و دەفتەری لەبن هەنگڵدا بوو، خۆی کرد بەژووردا





و وتی:

– وا باوکم هاتەوە... منیش دەچم بۆ مەکتەب، خوا حافیز.

بەچاوەڕوانییەکی بەپەرۆشەوە هەواڵەکەیان قۆستەوە و چاویان بڕیە پەردە ئەستوورەکە و بەدەمیش وتیان:

– خوات لەگەڵ کاکە بچکۆل.

کە مناڵەکە چووە دەر باوکی هاتە ژورەوە... هەر سێکیان هەستانە سەرپێ، بەگەشی و کراوەییەوە یەک یەک دەستی گوشین و بەخێرهاتنی گەرمی کردن. لەو بەریانەوە بەلای سەرەوە چوارمەشقی لەسەر دۆشەکێ دانیشت و وتی:

– ببورن لە دواکەوتنم، کار و فرمان پیاو دوا دەخات و ویستیشم هاتنەوەم نزیک بەکاتەکەی ڕۆژان بێ. برا پیاو خراپ زۆرە و خوا ناناسن

عەبدول بەزەردەخەنەیەکی شەرم ئامێزەوە وتی:

– ئێمە سوپاست دەکەین و ماڵت ئاوابێ، بووینە ئەرک بۆتان و، بەڵام بار و زرووفەکە وایهێنا، چار نییە.

– سوپاسی ناوێ، ئەمە ماڵی من نیە، ماڵی هەموو دڵسۆزێکە، کاکە گیان ئەو ئەرکە بچووکەی وا لەسەر شانمانە کە جێبەجێی دەکەین بێ منەتە، هاوەڵی من وا بەو کێوانەوە گیانی بەخت دەکا، گەرما و سەرما و برسێتی و تینوویەتی دەچێژێ... من وا لە شار و لەم نازو نیعمەتەدا... ئەم ئەرکە بچووکەش جێبەجێ نەکەم؟... ناکاکە نا، سوپاسی ناوێ و ماڵی برای خۆتانە.

سەردار بەدوودڵی و سەیرکردنێکی هاوڕێکانیەوە بەئەسپایی پرسی:

– جەنابت، دەڵێم جەنابت کاک حەمەساڵحی؟

– بەڵێ ئەوم.

هیوا وتی:– زۆر چاکە. پێخۆشحاڵ بووین وابزانم (رووی کردە عبدول) هەرلەوێش وابڕیاربوو کە دوای کارەکە لێرەبێن؟

– ڕاستە... پێرێ عەسر بەمنیان ڕاگەیاند... هەرچۆنبێ دەستخۆشیتان

لێدەکەم، ئەوە جەزرەبەی لە حکومەت داوە، قەت بڕوایان نەدەکرد لێرەوە لێبدرێن... خوا سەلامەتتان کات.

هیوا گوتی:

– باشە کاک حەمە ساڵح... دەنگ و باسی ناوشار، ناو بازاڕ؟

–بەخوا چی بێ، خەڵکێکیان گرتوە...پیاو و گەنجی ئەومالانەی دەوروبەری بەنزینخانەکەن، ناو بازاڕ پڕە لە عەسکەرو ئەمن و هەر بەئاشکرا شەڕ بەو خەڵکە دەفرۆشن و بیانوو دەگرن.

سەردار ڕووی کردە هەمووان و پرسی:

– باشە ئێمە تاکەی لێرە دەمێنینەوە؟

عەبدول ڕوانیە کاک حەمەساڵح و بەپرسیارەوە:

– بەخوا بڵێم چی، وابزانم جەنابت باشتر بزانی.

– ئا... پەلەتان چیە. باباری شار کەمێ هێدی بێتەوە، یەک دوو ڕۆژێکە دەرتان دەکەین. ئێستا دەوروپشتی شار بەتوندی گیراوە، لەم جۆرە حاڵەتانەدا پیاو پەلە نەکا باشە. کاک حەمەساڵح هەستا و وتی:

– وابزانم کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ هاتووە. بابزانم چیان بۆ کردووین... بەڕوخسەتتان. کە ئەو چوو ئەمان دانیشتنەوە و عەبدول وتی:

– پیاوێکی هێدی و بەویقارە.

هیواش وتی:

– کارو باری ناوشار لای ئەمانە.

سەردار ڕووی کردە عەبدول و وتی:

– دەکەواتە ئەمە ئەو کاک حەمە ساڵحەیە کە شێخ نەجمەددین باسی دەکرد، ئەمە گەورەیە... هەر لەوکاتەی شێخ نەجمەددین کادیربوو باسی ئەمیشی دەکرد لە ناو شاروتاریفی زیرەکی و پیاوەتی دەکرد... ئاغاش هەر باسی دەکرد، کە هاتین وتی ماڵی ئەمان بۆ حەوانەوەمان دانراوە. زۆری نەبرد کاک حەمە ساڵح گەڕایەوە، دوو دەنچە کە لەناو پاڵتۆکەی دەستیەوە نابوو، دایە دەست عەبدول و وتی:





– دنیایە، بائەمانەتان لابێ... خۆ ئەوانی خۆتان لەماڵەوەیە؟ هیوا گورج وتی:

– بەڵێ بەڵێ... لای دایکمە.

– زۆر چاکە... کە بەخێری ڕۆیشتن لێتان وەردە گرمەوە. دوایی سینی هێنرا، نان و چێشتێکی چاکی لەسەر بوو، هەر دووانیان لەسەر سینییەک، سیانەکە برسیان بوو بۆیە بەئارەزوی خۆیان خواردیان و خۆیان مڕکرد. سێ ڕۆژ و نیو لەم ماڵەدا مانەوە، بەباشی گەرمیان بۆوەو حەوانەوە، خزمەتێکی چاکیان کرا. جگە لەوە شەوانە هەندێ سێپارەو بەیانێ کە دەرچووبوون بۆیانی دەهێنان و دەیانخوێندنەوە، کاک حەمەساڵح تادرەنگ شەوانە لەلایان دەمایەوە. جار جار میوانی دەهات، میوانەکانیش هەر بۆ ئەم باسوخواسانە بوون، هەریەکە جۆرە کارێکی هەبوو، هەتا ڕوژی چوارەم کە لە نیوەڕۆدا ئەمان دەرچوون، بریناریکیان هێنا، بڕیار بوو شەو پزیشکی بۆ بێنن.

ئاوا ئەم ماڵە و دانیشتووەکانی ملی خۆیان لەچەقۆ دەسو، ئەرکێکی گران و ترسناک بەڵام بە بێ باکی و دڵسۆزیەوە بەجێیان دەهێنا... ئەمە بەلەخۆ بوردەیی؛ کە مرۆڤ باوەڕی بەمەسەلەکە بوو، ئیتر هەموو کۆسپەکان لە ڕێدا ئاسانە؛ سەرەتای کارەکە لەلای کەسانی وەک عەبدول و هیوا و سەردار و کاک حەمە ساڵح و هەتا مناڵەکانیشی وەک ئاوێتەیەکی بێ گەرد بوون، خۆیان تیا دەبینی و نەیان دەویست لەکەدار و پەڵاوی بکەن. ئاواتیان ئەوە بوو کە تادێ بدرەوشێتەوە و زیاتر ئەو تیشکەی کراوەتە سەری بیداتەوە تا دڕ بەتاریکی بدا و جڕ و جانەوەرەکانی سەر ڕێگاش بەرشەوارە بخاو کوێریان کات.

نموونە ئا لەمانە زۆر بوون، لەو ڕۆژەدا بەدەگمەن ناپاک و پیاو خراپ کەمبوون، هەتا ئەوانەش بەشەرمەزاری و ملشۆڕییەوە کاریان دەکرد، خۆ لە پاڵیشیا جاروبار کارێکی چاک و لەباریشیان بۆ شۆڕش دەکرد، تا پیشانیدەن کە ئەمانیش لەو خەڵکەن و دانەبڕاون... ئیتر نە لێکدانەوە و نە

بروبیانوو هێنانەوە هەبوو بۆ، پاساوادانی خراپە و خراپەکاری، نە ڕێسەکەش دەکرایەوە بەخوری.

عەبدول زۆر بەسام و ترس و حەپەساویەوە سواری ئەو ئوتۆمبیلە بوو کە لە شار دەریکردن؛ کە ڕوانی شۆفێرەکەی (محەسوور)ە!، داچڵەکی و ترس گرتی، ویستی بەهیوا و سەردار بڵێ، بەڵام تازە کار لە کار ترازا و لە شار دەرچوون، محە وەک دۆست و برادەر لەگەڵ عەسکەرەکاندا دەکەوتە گاڵتە و قسە... سنوقی بۆ هەڵدەدانەوە و بەدەمیانەوە پێدەکەنی.

بەڵام ئەمەندەی تۆزقاڵێ عەبدولی نەدواند، خۆ دەیناسی و چاکیش دەیزانی ئەمانە لە کوێ بوون و بۆ کوێ دەچن، بەڵام وەک نەیدیبێ ئاوا خۆی پیشان دەدا.

کە لە دووڕیانەکەی گوندەکەی خۆیان و جادەکەی ناحیە وەستان و دابەزین، محە ڕوانیە عەبدول و زەردەیە گرتی، دەستی دایە دەرگەکەی لای خۆی بیکاتەوە. سەردار وتی:

– زۆر سوپاس کاکە... خواتان لەگەڵ.

– خواتان لەگەڵ. کاکە عەبدول سەلام لەو خزمانە دەکەم.

ئەمەی وت و پێی پێوەنا... هیوا پرسی:

– کاکە عەبدول ئەوە یەکترتان دەناسی؟!

– بەڵێ... ئا ئەوە محە سوورە، محەسوور...

ئەوەی تێی نەدەگەیشت ئەوە بوو کە چۆن وا ئەو محەیەی پیاوی حوکمەتە ئێستا بێ ئارەقە ئەمانی لە شار دەکرد و بگرە یارمەتیشی دان.

دوایی لە بەر خۆیەوە وتی:

– دەی... هەڵبەت دەیەوێ کاسە ئاردێکی بەسەرمانەوەبێ.

ئێوارە لەگەڵ بانگدا هەر سێکیان لە خانووە کۆنەکەی ئاغا، کە کرابووە بنکە، یەک یەک دەست لەملی ئاغا بوون و ئەملا و ئەولایانی ماچ کرد و بەگەرمی بەخێر هاتنەوە کران. لەهیلاکی و سەرماش حەوانەوە، بەدەوری زۆپا گەورەکەدا وەنەوز دەیبردنەوە، دەنگ پەیدا بوو کەوا شێخ نەجمەددین هاتەوە.





ئاغا و شێخ نەجمەددین کار و فرمانی ئەمدیویان ڕایی دەکرد، هەرچی جموجۆڵ و کاری شۆڕشە لە ناوچەکەدا ئەمان فەرمانیان بۆ دەدا... حوکمەت بەداخبوو لێیان.

کە شێخ نەجمەددین هاتە ژوورەوە و چاوی بەسیانەکە کەوت گەشایەوە، فێنکیە بەدڵیا هات و بەگەرمی ماندوو نەبوونی کردن و ستایشی کردن... سەردار وتی:

– یاشێخ ئازایەتیەکە هەمووی هی کاک عەبدول بوو.

– بەهەمووان کرا... دەستی هەمووتان خوش و دڵسوزی کاک عەبدولیش لە بەرچاوە.

دوایی، ڕووی کردە هیوا و وتی:

– بەهەڵەدا نەچووبم، ئەم برادەرە کاک هیوایە، ئەوەی ناو شار کە باسمان کرد؟

عەبدول گورج وتی:

– خۆیەتی، پوورزامە و ئیتر وا شاری جێهێشت، هەر لە ماڵی ئەوانەوە ئیشەکە کرا، شەویش لەوێ ماینەوە.

– بەخێر بێ، بەخێر بێ... ئیتر ئاوایە ئەمە ئەرکی سەرشانی هەمووانە.

نانی ئێوارەیان هەر لەوێ خوارد؛ نۆکاوێکی گەرم بەڵام کەمێ توون، لەلای هیوا زۆر بەتام و بەلەزەت بوو، بەدەم خواردنەوە سەردار پێی وت:

– بیخۆ، ئەمە یەکەمجارە لێرە نان بخۆی خۆت ڕابهێنە.

– خوا نەیبڕێ، خراپ نییە، هەر وا دەبێ.

دوای نانخواردن عەبدول چووە ئەودیو و گەڕایەوە و دوو پارچە چەکی پێبوو، یانزە تیرێک و سیمینۆفێ، یەکەمیانی دایە دەست سەردار و ئەوی تری کردە شانی:

– جا ئێستا بەیارمەتی ئێوە من و هیوا دەچینەوە ماڵی خۆمان، یاشێخ خۆ ئەمرێکتان نییە؟

شێخ نەجمەددین و ئاغا لە بەر چراکە خەریکی تێڕوانینی یەک دوو

کاغەز بوون، وەڵامی دایەوە و وتی:

– خواتان لەگەڵ... بەڵام با جارێ کاکە هیوا لەگەڵ خۆتان بێ. دوای ئەمانیش ئاغاش ڕۆیشت، شێخ نەجمەددین و یەک دووانێکی تر بەدەوری چراکەدا مانەوە و هەر خەریکی نامەکان بوون.

سەردار لەودیو لەگەڵ دووسێیەکدا لە گەرمەی قسەدا بوو دوایی شێخ بانگی کرد و پێی وت:

– سەردار، ڕۆڵە ئەم نامانە تایبەتن بەئاغا، بۆیان بەرە.

لەوەتەی ئاغا خانووە تازەکەی لەو سەری ئاواییەوە بەسەر بەرزاییەکەوە دروست کردووە، ئێرەی دابووە شۆڕش تا بیکەنە بنکە و بارەگا، لەم سێ مانگی ڕابوردووەدا دوو جار لەسەر جادە قیرەکە ڕێیان بەکاروانی عەسکەری گرتبوو، جارێک کاتبی ناحیەکە و مدیری ماڵەکەیان بەمووچەی ناحیەکەوە گرت و، دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر بەهەندێ داوو دەرمانی پزیشکی ئەو دووانەیان بەردا. سێ کاری پەلاماری ناوشار و سیخوڕێکیان کوشتبوو، دواتر ئەو تەقینەوەیەی کە عەبدول و سەرداریان بۆ نارد؛ عەبدول دوو مانگێ فێری لەم جۆرە کارانە کرا بوو، سەرداریش ئەوە ئاغا دەبوو بیناردبایە، چونکە لەوەتەی لەگەڵ خۆی دایناوە، هیچی پێ نەکرد بوو، کە سەردار نزیکی ماڵی ئاغا بۆوە خەلیفە و سۆفی ڕەحیم و مامۆستای پێگەیی، ماندوو نەبوونیان لێ کرد و لێیان تێپەڕی... حەمە لە سەرەوە دەنگی لێ کرد، سەردار دەنگەکەی ناسی و وتی:

– حەمە خۆمانین.

هێشتا ئاغا لە دیوەخانبوو، شانیدا دابووە سەر سەرینێکی پەڕ و وەک شتێ سەرمەستی گفتوگۆ و باسوخواسی ماوەیە لەمەوبەر بوو، هێشتا ژوورەکە دوکەڵی جگەرە تیایدا پەنگی خوارد بۆوە، لە کسەکسی دەنگی لۆکسەکە زیاتر هیچ نەدەبیسترا، حەمە لە دەرگەکەیدا و هەواڵی سەرداری بەئاغا گەیاند، لە خەیاڵی درا و بەڵام وتی:

– ئادەی، بانگیکە با بزانم.





سەردار سڵاوی کرد و لەسەر ئەژنۆ دانیشت و نامەکانی دایە دەست ئاغاو وتی:

– یا شێخ وتی ئەمانە تایبەتن بەجەنابت، نەیدیون.

ئاغا دەستی نەبرد وەریانگرێ، ئیشارەی کرد و وتی:

– ئابزانە... دەڵێن چی؟

یەک یەک نامەکانی بۆ هەڵدەپچڕی، یەکیانی خوێندەوە کە هەر دووپاتکردنەوەی هەواڵی پێشوو بوو؛ دوژمن بەم زووانە نیازی هێرشێکی هەیە. یەکی تر لە مچەی لە مەڕ خۆیەوە؛ داوای دەکرد کە ئەمەندە باوەڕ بەمحەسوور نەکەن و پشتی پێ نەبەستن، زۆر جێی متمانە نییە.

لێرەدا ئاغا قسەکانی بەسەردار بڕی و وتی:

– سەیرە، ئەمیش نازانێ ئێمە لەچ حاڵێکداین، چارمان نییە، ئەوەی محەسوور دەیکا کێ بۆی دەکرێ، کابرا تۆبەی کردووە و وازی لەو شتە قۆڕانە هێنا، کە خاڵە عەبەی وەستایان لە چاخانەکەدا کوشت ئەم تۆقی و وازی لە هەموو شتێکی خراپ هێنا، هەتا بەرکۆشی چایچیەتییەکەشی داکەند. سەردار لێرەدا پرسی:

– بۆچی قوربان محەسوور لەوەبەر چایچی بوو؟

– ئا ئا... شاگردچایچی بوو.

سەردار نامەکەی گرتەوە بەدەستیەوە و لە بەر خۆیەوە وتی:

– دەسا وەڵڵا سایەقێ دەریکردین دوایی عەبدول وتی:

ئەوە محەسوورە، لەوە نەدەچوو پیاوی حکوومەت بێ.

– ڕاستە، کاک حەمە ساڵح بەخۆڕایی ئێوە ناداتەوە دەست ئەو.

ئاغا لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– بزانە دنیا چی بەسەر هاتووە، وەرە خاڵ چاڵ بۆ خوشکەزا هەڵکەنێ، مچەکەللە بۆ شوکری خوا ناکەی، بەقاچ و نیوێکەوە لە دوکانێکی لا کۆڵاندا دانیشتوویت و ژیانت سەد قات لە جاران خۆشترە، دە داسەکێ و قسە مەکە.

سەردار کەوتەوە خوندنەوەی ئەو بەشەکەی تری نامەکە، وردە گلەییەکیش لە ئاغا کە لێی ناپرسێتەوە، ئێستا محە ڕووی ناداتێ و بەشەویش لە دوکانەکەدا دەنوێ.

بەسەرداری بڕی و بەحیددەتەوە وتی:

– چاکە، بەخوا جوانە... نایەوێ ژنێکیشی بۆ بێنین، جا بۆ نابێتە حەکیمی حاڵی خۆی... بەسە، بیدڕێنە و بیخەرە زۆپاکەوە.

دوو نامەی دی لە حاجی بەکری ئاشنایەوە، یەکیان داوای کرێی دالآن و ژوورەکەی ئەمساڵ دەکات، کە تووتنەکانی تیا دانابوون ، لە بیریشی نەچووبوو سێ دیناری پاریشی زیندوو کرد بۆوە.

ئەویدی داوا دەکات خوشکە زایەکی فیرارە و دەیەوێ بێتە شۆڕشەوە، وای بەچاک دەزانێ ئاغا لەلای خۆی داینێ.

سەردار ورد ورد نامەکانی دەخوێندەوە، هەندێ ڕستە و قسەی بایەخداری دووبارە دەکردەوە.

لە کوێ ئاغا سەرنجی ببوایە دەوەستا.

بەپێی توانا و زانینی خۆی وەڵامی دەدایەوە... ئاغا وەنەوز دەیبردەوە، گەرمی ژوورەکە لەشی خاو کرد بۆوە، کە کۆتایی نامەکان هات باوێشکێکی دا و هەستا لە هەستانەکەیدا گێژێ بەسەریدا هات و ژوورەکە لەبەر چاوی ژێرە و ژوور بوو. خۆی بۆ دیوارەکە کوتا و ورد ورد دانیشتەوە... سەردار گورج چوو بەلایەوە و دەستی بەشانییەوە گرت و پرسی:

– چیە ئاغا، بۆ وات لێهات؟... ئاغاژن بانگکەم.

– نا نا... هیچ نەبوو، سەرم گێژی خوارد.

ئارەقەیەکی سارد ناو شان و سەر و ڕووی گرتەوە، تەزووی سەرما بەلەشیدا هات، دڵی پەلە پەلی بوو، سەردار ڕوانیە ڕەنگی هەستا و چووە دەرێ... زۆری نەبرد ئاغاژن بەپەشۆکاوی و پەلە بەدویدا هاتە ژوورێ.

***





تەقاندنەوەی بەنزینخانەکە هەر بۆ ئەوە بوو کە بیسەلمێنن هەرچی ڕەشبگیری و ڕاوەدوونانە لە ناو شار سوودی نییە، لایەنگران و پیاوانی شۆڕش دەستیان هەر دەڕوا و گورزی خۆیان هەر دەوەشێنن، ئەمەش بەرامبەرەکەی شێتگیرتر کرد.

بەو زستانە سەخت و تووشە هێرشێکی بەر بڵاو و قورسی دەست پێکرد، دوو ڕۆژ بەربەرەکانی و شەڕی ئازایانە ئەوسا گەیشتنە دوو ڕیانەکەی گوند و ناحیەکە. لێرەوە هەموولایە دەدرایە بەر تۆپی قورس و دوورهاوێژ، ماڵەکانی ناو دێ چۆڵکرا بوون و خەڵکەکەی ئاوارەی ئەودیو ببوون، تەنیا پیاوەکان و هێزی شۆڕش نەبێ تیا نەمابوونەوە... زۆر ماڵ وێران ببوو، بەڵام شۆڕش نیازی نەبوو هەروا بەئاسانی ناوچەکە بدات بەدەستەوە، یان بەئاسانی چۆلی ناکات.

سەنگەرەکانیان لەمبەر و ئەوبەری دەربەندەکەی سەروو دووڕیانەکە دامەزراند بوو، زۆر بەناڕەحەتی و سەختی شەوانە خواردن و فیشەک دەگەیشتە هێزەکان، سەرما و بەفر شپرزەی کرد بوون، گیانیان بەو هێزە گەڕۆکە بوو کە لەو دیو هێزەکانی دوژمنەوە دەستی لێ دەوەشاندن .

ڕێگای بەکاروانەکانیان دەگرت، سەربازگەکانی دەدایە بەر هێرشی شەوانە، ڕەبایاکانی دەگرتن و هەڵی دەکەندن، مینی جۆرا و جۆری لەسەر ڕێیاندا دەچاند... ئیتر ئاوا توانای عەسکەریی دوژمنی پەکخستبوو، ئەو ویزە ویزی مێشوولەیە فیلەکەی پەکخستبوو، جا دوژمن دەچووە سەر گوندەکانی ئەو خوارە و ئازاری خەڵکەکەی دەدا، بێ گوناهانی دەگرت و ماڵوێرانی دەکردن... لە ناحیەکە هەتا گومانیش لە مدیر ناحیە کرا و بەگیراوی ڕەوانەی شار کرایەوە.

شەوێکی سایەقەی زوقم تەتەرێ بەپەلە خۆی کرد بەبنکەکەدا و نامەیەکی دایە دەست شێخ نەجمەددین؛ هەواڵی هێرشێکی گەورەی دەدا کە ئەگەر حکوومەت بشکێ ئیدی تا بەهارێکی درەنگ کارە سەربازەییەکانی لەو ناوچەیە ڕادەگرێ، چونکە زیانیان لە قازانجی

مانەوەیان پترە.

شێخ و ئاغا و عەبدول لە ژوورێکی دواوەی بنکەکەدا بوون، لەدوا نیوەڕۆوە لەگەڵ لێپرسراوێکی عەسکەری گەنجی وریا و کابرایەکی پۆشتەی بەخۆ کە (دکتۆر)یان پێ دەوت... سەریان کرد بوو بەیەکدا، هێند مانەوە کە شیوی ئێوارەشیان بۆ بردنە ژوورەوە، کە سەردار سینییەکانی دەهێنایەدەر هەستی کرد ئاڵۆزی و پەشۆکاوی کەوتە ناویانەوە... ئاغا و لێپرسراوەکە چوونە ژووری بێتەلەکە، کەریمی بێتەل بەزەحمەت پەیوەندی لەگەڵ ئەولاتردا بۆ دەکرا، دوو خەتی عەسکەری ناوە ناوە دەهاتنە نێوانەوە و کارەکەیان دەشێواند، جنێو و قسەی سووکیان دەکرد، کەریم ناچار وەڵامی دەدانەوە، بەعەرەبییەکی چاک سێمەن و چوارمەن لە جنێوەکانی خۆیانی بۆ دەپێوان.

کە ئەمان هاتنە ژوورەوە شەرم گرتی و بێ دەنگ بوو، ئاغا کاغەزێکی لە بەردەمدا داناو وتی:

– کەریم گیان... ئەمە بگەیەنە بەسەرەوە.

ئەمەی وت و ڕووی کردە لێپرسراوەکە و وتی:

– ڕایەکەی شێخت بەلاوە چۆنە، هێزە گەڕۆکەکەو پەلەکەی عەبدول بگێڕینەوە؟

ئەویش کورج وەڵامەکەی ئەوە بوو:

– با هێزەکە لەودیو بێ، بەڵام پەلەکەی عەبدول با بێتەوە، بەتالیۆنێکیش لە دەوروبەردا دەبێ، عەریف کەریم بنێرە بالەگەڵ عەبدولدا بچن و ئەم کارە بکەن.

لە بەرە بەیاندا سێ تۆپ. پچڕ پچڕ دای بەملاوئەولای ئاواییدا، زۆر لەدوور دەنگی یەک دوو دەستڕێژی ڕەشاش هات، عەریف کەریم و عەبدول لەگەڵ هەشت چەکداریاندا لە ئاوایی دوور کەوتبوونەوە، کە ئەمەیان بیست وتی:

– لەوە دەچێ حوکمەت پەلە بکا.





عەبدول وتی: تۆ بڵێی؟!

دوکتۆر لەوەدا بوو خۆی کۆ دەکردەوە، لەگەڵ دوو هاوەڵیدا بەو دیودا دەچوون بۆ سەرەوە، ئاغا و شێخ نەجمەددین چاوەڕوانیان دەکرد دوعاخوازی لێ بکەن و بەڕێی کەن، سەری بەرز کردەوە وتی:

– ئەمەیان چی بوو؟!

زۆری نەبرد لاپاڵ و بەرزاییەکانی دەوری دێ بەتۆپ داگیرانەوە، یەک دوویە کەوتنە خوار ئاوایی یەکیش دای بەناو پەڵە چنارەکەی ئاغا... ئەوەی لەناو دێ بوو کەوتە خۆی، هەندێ ژن و پیاوی پیر وەدەرکەوتن و تووڵەڕێگاکەی پشتەوە کە دادەگەڕایە دۆڵەکەوە دەستە دەستە ڕێبوار گرتیە بەر، لەوانە دوکتۆر و دوو هاوەڵەکەی کە یەکیان جگە لە چەکەکەی جانتایەکی ڕەشی چەرمیشی بەدەستەوە بوو.

هێزەکەی ناودێ بەیەکا دەهاتن و دەنگی ئۆتۆمبیلێ هات، لە حەوشەی مزگەوتەکەوە وەدەریاننا و بەرەو بنکەکە چوو... تۆپەکان، کە دەیاندا بەعەرددا شەوقێکی وای لێ دەبۆوە کە بۆ چاوتروکاندنێ دۆڵ و شیو و لاپاڵەکانی ئەو ناوەی ڕۆشن دەکردەوە، بەڵام سامێکی گورچک بڕی بەخەڵکی دەدا.

کە دنیا وای لێهات ئیتر ڕێبوار بەر پێی خۆی ببینێ و لەپەڵ و بەردی سەرڕێ هەڵنەکەوێ... تۆپەکانیش بێ دەنگ ببوون. سێ کوژراو لە هەیوانی مزگەوتەکەدا بوون، چوار بریندار بەئۆتۆمبیلەکەی ڕەوانەی گوندەکەی ئەودیو کران.

بەکشوماتی ناودێدا وادەبینرا هەر کەس جێی خۆی گرتبێ، شەڕکەر و ڕابەرانیان لە سەنگەر و شوێنی دیاریکراویاندا، خەڵکی کە لە دێدا بوون چۆڵیان کرد و دوورەوە کەوتن... ناو دێ چۆڵ.

دوای سێ ڕۆژ لە هێرش و پێکادانی ئازایانە، زیانێکی زۆر بەعەسکەرەکانی حوکمەت گەیی، کوژراوێکی زۆریان جێهێشت، بریناری وابوو پیانەدەگەیشتن بیبەنەوە، دووجار شەڕی ڕووبەڕووی دەستە و یەخە

ڕوویدا... تەنیا ڕۆژی دووەم سێ تانک توانیان تا بەر مزگەوتەکە بێن، لە پەلاماریێکی چاونەترسانەدا ناچار کران بکشێنەوە، یەکیان لەلای ماڵی مامۆژنە فەیمەوە، بەرامبەر سەرقەبرانەکە سووتێنرا.

هێزە گەڕۆکەکەش گەڕابووەوە و بەشداری ئەو بەرەنگاریەی دەکرد، لەو دیوەوە پەیتا پەیتا نان و خواردن دەنێررا، لە تاو سەردار، شەوێک توبا لەگەڵ نان و خواردنەکاندا خۆی گەیاندە ناودێ، دڵنیا بوو لە سەلامەتی، بەڵام کە ویستی بگەڕێتەوە، تاریک و ڕوون بوو، ناڵەی تۆپ و تەقوتۆق و ڕیزی ڕەشاش کاتی لێ گۆڕیبوو... بەناو کەلاوە و خانووی سووتاودا دەڕۆیی، کاتێک ڕووە و کاروانێ ئێستر بۆوە، بەپەلە دەهاتن، هەشت مەیتیان بەسەرەوە بوو، لەناویاندا ئاغای ناسیەوە.

دایە قریشکە و هاوار، بەو دەنگەی پێشمەرگەیە لە خوارتر بەهاوڕێکەی وت:

- بۆ ئەم دێیە ئافرەتی تیاماوە؟!

دوای سێ ڕۆژە، لە چوارەمدا کە حکوومەت کشابۆوە بەڕیز دیلەکانیان هێناو ڕەوانەی ئەودیو کران، شێخ نەجمەددین و کەریمی بێتەل بەبریناری دەبرانەوە.

پێشمەرگەکانی بەرد بەبەرد بەدوی برینار و کوژراوی هەر دوو لادا دەگەڕان، داوایان لەو خەلکە کرد کە بێنە یارمەتی بۆ شاردنەوەی لاشەکان و گواستنەوەی برینار.

هیوا چاوێکی بەدێکەدا گێڕا و هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- کاکە عەبدول تۆ بڵێی بێتەوە بەو دێیەی جاران؟

عەبدول لەگڵێدا ڕوانی و وتی:

- ئەوەی پاراستی هەر ئەوەش دەیکاتەوە.

کە توبا لە سەرداری کوڕی پرسی ئاغا چۆن کوژرا، وتی:

- لە دەستەویەخەکەی دووەمجاردا.

بێتەلەکەی بنکەش پەیتا پەیتا بروسکەی ئەو سەرکەوتنەی دەدا





بەهەموولایە، شار و گوند و مەزرا و دوند و دارستانەکان شاگەشکەی ئەو ڕووداوە بوون.

## چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٥

(٣٣٧) بەتەنیشت فەنابوونەوە. شیعری: بەرزان هەستیار.
(٣٣٨) شیعر تەنیا هەر بنەمایە. لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی: ئەحمەدی مەلا.
(٣٣٩) دیوانی بێكەس. ئومێد ئاشنا ڕێكی خستووەتەوە و لێی زیاد كردووە و پاشكۆی بۆ داناوە.
(٣٤٠) مێژووی بەلوچ و بەلوچستان. بەرگی یەكەم. نووسینی: میر نەسیرخان ئەحمەد زەیی بەلوچ. وەرگێڕانی: هیوا محەممەد زەندی.
(٣٤١) كورد و كوردستان. نووسینی: ئارشاك سافراستیان. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەمین شوان.
(٣٤٢) دوو دونیا. چیرۆك. نووسینی: گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٣٤٣) كورد و مەسەلەی كورد. نووسینی: دوكتۆر شاكر خەسباك. وەرگێڕانی: ئەمجەد شاكەلی.
(٣٤٤) ڕەسەنایەتیی زمانەكەت بناسە. دانانی: محەممەد ئەمین هەورامانی.
(٣٤٥) الكُرد كردٌ أم لُرّ. خسرو جاف. ترجمة: محمد البدري.
(٣٤٦) تأريخ القانون. الدكتور منذر الفضل.
(٣٤٧) ١٩٨٤. جۆرج ئۆروێل. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەكیم كاكەوەیس.
(٣٤٨) گوندی ئێمە. رۆمان. نووسینی: مەحموود ماكاڵ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد بەهرەوەر.
(٣٤٩) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی – بەرگی یەكەم. د. موحسین ئەحمەد عومەر.
(٣٥٠) وڵاتەكەت باشتر بناسە. دانانی: مەلا جەمیل رۆژبەیانی.
(٣٥١) تەنەكاوا. رۆمان. نووسینی: ڕەزا هەمراه. وەرگێڕانی: محەممەد بەهرەوەر.
(٣٥٢) زەویی چاك. ڕۆمان. نووسینی: پێرل باك. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد بەهرەوەر
(٣٥٣) زستانە خەون. چیرۆك. نووسینی: گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٣٥٤) من الانفال الى الاستقلال – شعب يصنع التاريخ. تأليف: الدكتور منذر الفضل .
(٣٥٥) كەرنەڤاڵی سەرفەرازی. ئەلبووم. بەهرام وەڵەد بەگی.



(٢٥٦) فەرهەنگی خاڵ. شێخ محەممەدی خاڵ.
(٣٥٧) كۆتر و پڵنگ. بیر و بۆچوون. حەمەسەعید حەسەن.
(٣٥٨) ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان. كۆی شیعرەكان. دلاوەر قەرەداغی.
(٣٥٩) خەونەكانی ئیقلیمی با. كۆچیرۆك. ناسر وەحیدی.
(٣٦٠) بەدامێنی شاخێكەوە. ڕۆمان. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.